بەشێک لە کتێبی

فەرهەنگ
و
لێکحاڵیبووە

ئامادەکردنی

سەرۆ قادر

فەرهەنگێکی شێواو
ڕۆشنبیران لەو شێواوتر

فەرهەنگ "ڕۆشنبیر"، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئێستای کوردستانی ئازاد، بە درێژایی ئەم وڵاتە هیچ کارێکی پوخت و بە بەرنامە لەسەر ئەم بوارە نەکراوە. ئەم قسەیە کاتێک بێ گرێ دەبێت ئەگەر هەوڵ و تەقەلای فەردی ڕۆشنبیرانی لێدەربکەی، کە بەشێوەی جیا جیا لە زۆربەی بوارەکاندا کاریان کردووە.

پاشکەوتوویی فەرهەنگی ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی هەیە، چونکە تاکو ئێستا نەک هیچ حکومەتێک، بگرە تاکە دەزگایەکیش بەشێوەیەکی مونەزەم کاری تێدا نەکردووە.

هەربۆیە زۆربەی بارەکان بە خاوی ماونەتەوە، بە تێپەڕبوونی زەمانیش چەندین فەرهەنگی دەوروبەر بەرەوپێشەوە چووە، بە هەمان نیسبەتیش فەرهەنگی وەستاوی کوردستانی ئاڵۆزتر کردووە.

لەو پرۆسەی سەرەوەدا، فەرهەنگی وڵاتانی دراوسێ کە لە هەمان کاتدا داگیرکاریش بوون، بە جۆرێکی سەلبی کاریان کردۆتە سەر فەرهەنگی میللەتێکی ژێردەستە، کە تەنانەت بیرکردنەوە لە پوختەکردنی زمانیش بە تاوان و یاغی بوون دادەندرا.

دوو شێوەزاری زمانی کوردی، ئاستەنگێکی دیکەی سەر ڕێی پێشکەوتنی فەرهەنگەکەیەتی، ساوایی کە نیشاندەری ناتەواوی پرۆسەی پێگەیشتنی ئەم زمانەیە، وایکردووە کە پێگەیشتنی ڕۆشنبیریی بە یەک شێوە نەبێت، کاتێک زمان یەکگرتوو نەبوو، واتاو مەفهومە فەرهەنگییەکانیش فاسیلە لێکدی وەردەگرن و لێکحاڵیبوون بە زەحمەت دەکەوێ.

زمانی کوردی قەت بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆ دەوڵەتداری بەکارنەهێندراوە، بۆیە، ڕوناکبیرانی کوردستان تێکەڵ بە زمانی ئەو وڵاتانە بوون کە پێیەوە لکاون، بوونە بەشێک لە فەرهەنگی ئەو وڵاتە، ئەوەش وایکردووە دابڕان لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردستاندا چێ ببێ و هەست بە قووڵی مێژوویی نەکرێ.

توندوتیژی داگیرکار وایکردووە کە ڕۆناکبیری کورد هیچ وەختێک نەتوانێ کار لەناو قووڵایی ڕۆشنبیری وڵاتەکەیدا بکات، بە ترس و لەرزەوە لە قەراغ مەسەلەکاندا بە شۆلەوە خەریک بێت، ڕوناکبیری کورد بۆی نەلواوە ئازادانە کار بکات، بە بێ منەتی هەڵوێست وەربگرێ، بۆیە ترسنۆکانە ڕاهاتووە.

لایەنێکی دیکە لە شێواوی ڕوناکبیران، کاردانەوەی ناواقیعیانەیانە لە بەرانبەر دەسەڵاتی خۆیی، کە لە قۆناغی ڕزگاریدا پەیدا بووە. بۆ تێهەڵهێنانەوەی گرێی

ملکەچــــی زەمـــــانی داگیرکـــــار، لە کـــــاتی ئازادیـــــدا هەڵوێســـــتی دڕدۆنگـــــانە لە دەســـــەڵاتی نیشتمانی وەردەگرێت، تاڕادەیەک بووە بەرهەڵستکاری ناکاریگەریش.

بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم باسانە، گفتوگۆیەکی پشوو درێژمان دەستپێکرد.
ڕاوبۆچـــــوونی ژمـــــارەیەک ڕونـــــاکبیری ناســـــراو و دەســـــتڕەنگینمان لەم تەوەرانە کـــــۆکردەوە، بەو هیـــــوایەی توانیبێتمـــــان لە دەرگـــــای مەســـــەلە ئاڵۆزەکـــــان بـــــدەین و ســـــەرنجی خـــــاوەنفکران بۆ زیاتر کارکردن لەم بوارە پڕ بایەخە ڕابکێشین.
نـــــابێ ڕۆڵـــــی یەکێتـــــی نووســـــەرانی کـــــورد لقـــــی هەولێـــــر لەبیـــــر بـــــکەم کە بە کـــــۆڕە دۆڵەمەنـــــدەکانیان بەشـــــدارییەکی باشـــــیان لەو بـــــوارەدا کـــــرد. ژمـــــارەیەکی زۆر لە گفتوگۆکـــــان بە میوانداری ئەوان کراوە، لە گۆڤاری گوڵانی هەفتانەشدا بڵاوکراونەتەوە.

سەرۆ قادر

حوزەیرانی ٢٠٠٠

مەسعوود محەمەد:

دیموکراسی زۆر ئەریستۆکراسییە

*** مامۆستا جەنابت هەموو نووسینەکانی خۆت بۆ مناقەشە کردنی ئەو بیروڕایانە تەرخان کردووە کە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا لە هەردوو بواری سیاسی و فکری، سەریان هەڵداوە، بە تایبەتی ئەو بۆ چوونانەی کە تۆ بە نامۆت داناون. بۆ نموونە: بەشێکی زۆرت بۆ مناقەشەکردنی فکری کۆمۆنیستی تەرخان کردووە. ئێستا ئێمە لە ژیاندا کەوتنی کۆمۆنیزممان دیت، لەسەر ئاستی جیهانی و نیشتیمانیدا. ئامانجی جەنابت لە کردنەوەی ئەم باسانە چی بوو، بۆ دژایەتی کۆمۆنیزم بوو یان بۆ روونکردنەوەی فکری کوردی بوو؟ هەندێک دەڵێن مەبەستی یەکەمت هەبووە.**

**** مەسعوود محەمەد:** من لە گەروی کوردایەتیەوە بۆ شیوعیەت و بوونی شیوعیت چووم، بەڵام خۆ کورد شتێکی جودا لە مرۆڤایەتی و مێژوو و ئەو پرۆسەیە نیە، کە لەدنیادا هەیە. من مناقەشەی شیوعیەتم کردووە، ئەو شیوعیەتەی کە بەکوشتن و برین، یەکسیانی دروست دەکا، ئەو شیوعیەتەی وادادەنێ کرێکار و جوتیار پرۆلیتاریان و دەبێ ببن بە حکوومەت. دەبێ بزانین کۆمەڵی کوردی نەک ئامادەگی شیوعیەت و ئیشتراکیەتی نیە، بگرە تەنانەت هی بۆرژوازییەتیشی نیە. کورد، خاوەنی هیچ شتێک نیە کە سیستەمێکی لەسەر بنیاد بنرێت، جگە لەو سیستەمەی کە وەکو نەمامێک دەچێنرێ و دەبێ ئەو نەمامە ساوایە ئاو بدرێ، خزمەت بکرێ و بپارێزرێت. ئەوەش لە کوردستان گەلێک بە زەحمەت دەست دەکەوێ. جا شیوعیەتێک کە ئایدیۆلۆژیایەکەی نەهێشتنی (چینی ناوەڕاست)ـە کە ئەگەر ئەو چینە نەبێ شارستانیەت نامێنێ، چونکە هەر چی تاکتیک و علم و شارستانیی هەرچی ئەوەی ناوی لێدەنێی پێشکەوتن هێناویتیە بەر — دەیەوێ سیستەمێکی نوێ بنیاد بنێت. جوتیاری بەستەزمان کە پێنج هەزار ساڵە لە پشت گاجووت زەوی دەرۆشێنی و ئێستا ئیمزای خۆی فێرنەبووە، چی لە دەست دێت؟ لە وڵاتی ئێمەدا پرۆلیتاریا هەر پەیدا نەبووە گریمان ئەگەر پرۆلیتاریای خوێندەواری وەک پرۆلیتاریای بەریتانیاشمان هەبوو، کرێکاری کارخانە چۆن دەتوانێ ببێتە مامۆستای زانکۆ، چۆن دەتوانێ ببێتە وەزیر، کرێکار چۆن دەتوانێ ببێتە سەرکردەی سوپا، چۆن دەتوانێ ببێتە سەرۆک کۆمار و ببێتە زانای فیزیا؟. ئەو شتانە دوورن لە هەموو ئەو کەسانەی کە دوورن لە بابەتەکە.

لای من مرۆڤ هەمووی یەکسانە، کەس لە کەس بەرێزتر نیە. تەنها پێوەرێک بۆ رێز رێژەی داهێنان و تێگەیشتن و ئەو خزمەتەیە کە مرۆڤ پێشکەشی خەڵکی دەکات. من کە دەڵێم شیوعیەت بۆ کورد دەستنادا، نەک هەر دەستنادات، بگرە شتێکی مەحاڵیشە کوردێک کە لە هەموو تەمەنیدا سەرافێکی نەبووە، باسی بانکی نەکردووە، کوردێک ٢٥٠٠ ساڵە لە مێژوو دابراوە و لە دەرەوەیدا دەژیت، چۆن دەتوانێ شیوعیەتێکی وەها بەنازوفیز کە دەبێ بۆرژوازیەت و ئیشتراکیەتی بەجێ هێشتبێ، ببێ بەشیوعی، ئەمە

خەیاڵێکە، هەتا لە یەکێتی سۆڤێتی پێشووشدا دەرچوو کە خەیاڵاتە. جا بۆیە دەبێ من بەرهەڵستی ئەو فکرە بکەم.

*** لەسەر ئاستی نەتەوەییش؟**

** هەڵبەت لە رووی ئینسانی و واقیعبینی و هەر ناوێکی لێدەنێی، دژی شتێکم کە هەوڵ بدات ئەو مستەحیلە بێتەدی. جا ئەو رێگەیەی کە شیوعیەتی جیهانی گرتیەبەر رێگەیەکی کوێرە، چونکە ئەو بە بۆچوون لە بۆرژوازییەتەوە دەڕوا بۆ ئیشتراکیەت، لە ئیشتراکیەتەوە دەڕوا بۆ شیوعیەت. بە قەناعەتی من لەوە بەولاوە دەچی لە بۆ ئەنارشیزم کە دەکا بێ حکوومەتی.

*** بڕوات بە واقیعیەتی ئەو قۆناغانە هەیە کە شیوعیەت داینابوون؟**

** ئەوە لە شیوعیەتی مارکس دا هەیە. هەرچەندە بڕواناکەم کەسمان ئەوەندەمان خوێندبێتەوە بزانین هەموو شتەکانی مارکس چیان گوتووە. کاتی مەقولەیەکی دەخوێنی دەڵێ پێشکەوتنی مێژوویی بە پێشکەوتنی کەرستەی بەرهەمهێنانەوە بەندە، ئەمن شێت دەبم، چونکە کەرستەی بەرهەمهێنان داهێنراوی دەستی مرۆڤە. ئەو دێت عەرەبانە لە پێش وڵاخ دادەنێ، دەڵێ عەرەبانە خەڵک دەگەیەنێتە نازانم کوێ. ئاخر ئەوە ئێستر و ئەسپە کە رایدەکێشێ، مرۆڤەکە کەرستەی بەرهەمهێنان دروست دەکا. بە قەناعەتی ئەو رێبازەی کە مارکس گرتی- لەگەڵ هەموو بلیمەتی خۆی، بەردەوام گوتومە ئەگەر ١٠ کەس بلیمەت بن لە دنیا، یەکیان مارکسە بیکەیە ٩ یەکیان مارکسە بیکە ٨و٧. یەکیان مارکسە، ئەوانە هەموو دەزانم — بەڵام کابرا لە سیاسەتەوە بۆ بابەتەکە چووە نەک لە عەلمانیەت و پیشەسازییەوە. چونکە دەیەوێ چینی کرێکار بگەیەنێ بە حوکم، لەگەڵ هەندێ وردەکاری ئەولا ئەولا...

*** تۆ دەڵێی ئەگەر کار بکاتە لایەنی کۆمەڵایەتی و بەرابەری ئینسان، من لە هەموو کەس کۆمۆنیستترم. تۆ بە دژی کۆمۆنیزم ناسراوی، بۆیە لەو قسەیەت حاڵی نابم؟**

** لە یەکسانیدا بەڵێ. با ئەوەشت پێ بڵێم من لە دەروونی خۆمدا کە لە عێراق دەژێم، ئەگەر داهاتی نەتەوەیی بەسەر تاکەکاندا دابەش بکرێت، منیش وەکو تاکێک پشکێکی ئەو داهاتەم بەر دەکەوێ، بەڵام ئەگەر خزمەتێکم پشکەش کرد نابێ لێم بستێنن. کە داهێنانێکم کرد دەبێ حەقێکم بدرێتێ. لە راستیدا لە هەر دەهەزار مرۆڤێک یەکێکیان دروستکەری شارستانیەتە. بۆ نموونە بۆ ئەو کارەبایەی تۆ لەبەری دانیشتووی و بەلاتەوە ئاساییە، قەرزاری ئەدیسۆنی. فەردێک دروستی کرد. شارستانیەتی ئەم سەردەمە لە دەوروو پشتی نسبیەی ئەنشتاین دەخولێتەوە. بەڵێ من کە دەڵێم لە هەزاری یەک لە ئینسان شارستانیەت پێش دەخات، نەختێک غەدرم لە داهێنەران کردووە چونکە ژمارەیان گەلێک لەوە کەمترە.

*** تۆ پێتوایە کۆمەڵی کوردەواری ئامادەگی پێشکەوتنی زۆر کەمە، بۆیە دەبێ هەنگاوە گۆڕانکارییەکان وەک منداڵ بپارێزرێن. بۆ ئێستای کوردستان مەبەستت چیە؟**

** کۆمەڵی کوردستان و کورد ئەگەر ناوی لێدەنێی، ئەگەر ئێرەیەو ئەولاترە، یەک رێی لە پێشە؛ ئەویش بریتیە لە پاراستن و بردەوامی تەجرەبەکەیان. تۆ وڵاتێکت نیە دانی پێدانرابێ. مەنشوری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سیاسەتی جیهانیش لەگەڵی دەڕوا. لە کولانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە گوێرەی سودی

خۆیان ئەگەر چاودێریەکی کورد بکەن هەر ئەوەندە دەکەن و هەر ئەوەندەشیان لێ داوا دەکرێت ئەوانە نە مامەمانن، نە باوک و نەدایکمانن، ئێمە مەرحەبا لە کەس ناکەین، ئەگەر ئەوان مەرحەبایکمان لێبکەن دەبێت مەمنونیان بین.

کورد ئێستا لە پلەیەک دایە، وەکو کابرایەک سواری بەلەم بووە و لە دەریا دایە، نازانی دەگاتە وشکانی یان نا. دەبێ خۆی قوتار بکا. گەر بپرسی چی بکەین لە کوردستانی خۆمان کە چەندێکی رۆیی کرا بە عەرەب؟ ئێستا مەسئولیەت لە ئەستۆی (یەکێتی و پارتی) دایە، چونکە من نامەوێ خوانەخواستە هیچ لایەکیان عەیبدار بکەم، دەزانم ئەگەر لایەکیان فەوتا لایەکەی دیکەش دەفەوتێ. ئەمەشم پێش ساڵێک بەهەردووکیان گوتووە: کە ئەگەر ئێوە یەک نەبن نەسیحەت سودی نیە، ئەگەر یەک نەبن کورد داهاتووی نیە، ئەگەر یەکتان ئەویدیکەی خوارد، ئەوی تریش نامێنێ، هەردووکیشتان ئەوە دەزانن. ئێستاش کە بەرپرسیارییەتیەکە لە ئەستۆی ئەودوو حزبەیە، هەڵبەت ئەگەر فێڵ لە خۆمان نەکەین و ئەگەر بێت و قسەی راست بکەین.

*** ئەگەر بێینەوە سەر بابەتی دیموکراسی. ئەمڕۆ تەنگژەی سیاسی لە کوردستاندا هەیە و شەڕی ناوخۆ بەردەوامە. کە باس لە ئاشتی دەکرێ باس لە پێکهاتنەوەش دەکرێ، بەڵام تاکە رێگە ئەوەیە هەر دوولا بڕوایان بە دیموکراسی هەبێ و کێشەکە بە هەڵبژاردن چارەسەر بکرێ، جارێ مەبەستم مناقەشەکردنی لایەنە سیاسیەکە نیە، پتر لەوەی مەبەستم ئەوەیە ئێمە ئەزمونێکی بەناو دیموکراتیمان دەستپێکرد، بەڵام کورد تەحەمولی ئەوەی نەکرد. پاش ئەو ٥-٦ ساڵە دەتوانین مناقەشەیەکی بکەین و ئەنجامی لێوەربگرین؟**

** دیموکراسی وەک خەڵک تێیدەگا؛ بەرگێکە هەر لەبەری بکەو خواحافیز، قەت ئاوا نیە. دیموکراسی بە تەعبیری خۆم تا بڵێی ژیانی شارستانیە بە هەموو زانست و تەکنیک و پێشینەی فەرهەنگی و ژێرخان و سەرخان، بە هەموو سەدەها ساڵی لێرە بە پێشەوە کە قسەی کردبێ. شارستانییەت بە دیموکراتیەتەوە قسەی کردووە. دیموکراسی تەرجەمەی شارستانیەتە. زۆر زۆر بەداخەوە، مەگەر ئێمە وەک شانامە و ئەسکەندەرنامە، بۆ خۆمان پاڵەوانی و رۆڵێک دروست کەین ئەگینا ئەو دیموکرسییەی جەنابت قسەی لێدەکەی بێتە ئاراو کایەوە. بەو ئاسانیە نیە کە خەڵک بیری لێدەکاتەوە.

با نموونەیەکت پێ بڵێم و قسەی خۆم ئەبڕمەوە: پێشتریش گوتومە فیۆداڵێکی ئەوروپای بەر لە ٥٠٠ — ٧٠٠ ساڵ کە لە قەڵاکەی خۆی یان لە کۆشکەکەی خۆی دەینارد بە دوای هونەرمەندی سەردەم، تا بێت وێنەیەکی درووست بکات، چی شارستانیی ئەو کاتە هەبووە لەو ساتەدا، لە شێوەی نانخواردنەوە بگرە تا جلوبەرگ پۆشین و چەک و تفاق، هەر هەمووی تۆمار دەکرد و لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرێنەوە. ئینجا وەرە ئەمە لەگەڵ دیوەخانی یەکێ لەسەرەک عەشیرەتەکانی کوردستاندا بەراورد بکە، مەگەر منداڵێک بە ڕەژو لەسەر دیواری دیوەخانەکەی نەختێک خەتخەتانێی کردبێ. جا لەو رۆژەوە حسابی بکە، ٦٠٠ ساڵی تریشی بهاوێ سەر لە پێشکەوتن، کە جەنابت داوام لێدەکەی بێم دیموکراسی چ لێبکەم؟ پێم بڕوا بفەرموو ئەگەر یاسا کە هێزی سیاسەتی بەدەستەوەیە لە کوردستان نەبێ، دیموکراسی لەخۆدا ناتوانێ لە کوردستان دروست ببێ. یەعنی دەبی بە تەواو مانا داکۆکی لێبکەین، دەبێت خۆت بکەیتە خزمەتکارو پارێزگاری ئەو

شتەی کە تۆ پێی دەڵێی دیموکراسی، هەتا ئەگەر شانسی سەرکەوتنت نیو یان لە نیویش کەمتر بێت، ئەوا دیسان سودێکی زۆرت بە خەڵکە گەیاندووە. ئێستا لە یەکەمی هەڵبژاردندا ٥٠ بە ٥٠ بوو، خەڵکەکە سورە بۆ دەنگدان، بەڵام دوای ئەوەی دەنگیدا، خۆ هیچ رای بەدەست نەما. حزب و ئەوانە زاڵ بوون کە چەکیان بەدەستەوە بوو. تەنانەت وەزارەتی بەرگریش هیچ چارەسەرێکی پێنەبوو چوونکە لە ژێر دەسەڵاتی حزبەکاندا بوو. ئینجا ئەو دیموکراتیەتەی جەنابت بەو سانایيە نیە. ناڵێم خوانەخواستە بێ ئومێدت کەم، بەڵام ئومێدەکە بەو مەسافە کەمە نیە کە هەروا دەستی لە بۆ درێژ بکەی وەک دەچینە بازاڕ تەماتە دەکڕین، دیموکراتیەت زۆر بەنازو فیزە زۆر ئەرستۆقراتیە.

*** باسی پاشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواریت کرد، ئەگەر لەبەر چاو بگرین کە بە درێژای مێژووی هاوچەرخ، ناکۆکی بە چەشنی شەڕ لە ناو کورددا هەر هەبووە، چەندی لەو ناکۆکیە دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی لەفکری کوردیدا، بە قۆناغەکانی خۆی لەو کاتەوە تاکو ئێستا؟**

** کەمو کورتییەکە تەنها لە شتێکی دیاریکراودا نیە. پێشتر فکری کوردی نەبووە کوردایەتی نەبووە لە ٢٥٠٠ ساڵەوە کەس فکرێکی نەبوو. ئەگەر بڵێین میدیا کوردە کە من بە کوردی دەزانم لە ٢٥٠٠ ساڵەوە کوا حکومەتەکەی؟ تەنانەت من دەڵێم لە دەرەوەی مێژوو دەژین. ژیانی خێڵەکی هەبووە، ئەویش ئەوە نیە لەبەر گەشەگەشی چاومان، نەخێر، چونکە بازرگانی نەبووە، هاتووچۆ نەبووە، هەر خێڵێک لە قاوغێکدا دەژیا، ئەوسا سەرۆک خێڵ خیانەتی لە خێڵەکەی خۆی نەدەکرد، کەچی ئێستا بارودۆخ وایکردووە ئەو خێڵەش نەمێنێ، ئێستا تەنانەت وای لێهاتووە سەرۆکی خێڵ خۆی پێش هەموان خیانەت لە خێڵەکەی خۆی دەکات. ئێستا ئێمە لە بارودۆخێکی گەلێ سەختداین.

*** باسی یەکبوونی نێوان دوو حزبی پارتی و یەکێتیت کرد پێتوایە دەبێ ئەم دوو حزبە یەکبن، نەک هەر یەک بگرن، بەڵکو یەکبن؟ لەمانەوە من وا تێگەیشتم کە جەنابت لەو تێڕوانینەوە باسی دەکەی کە کۆمەڵی کوردەواری بەو سادەییەی کە هەیەتی، توانای فرەحزبی و فرەرایی نیە، بۆیە پێویستە یەک حزبی هەبێ تایەک ناوەند هەبێ، دەکرێ پتر ئاگاداری لایەنی فکری و پراکتیکی ئەم رایەی جەنابت بین؟**

** ئەگەر حکوومەتەکەت عادل بوو، وەزیرەکەت دز نەبوو، پۆلیسەکەت حەرامخۆر نەبوو، ئەوا ئەوسا تۆ دەتوانی لە رێی حکوومەتێکی وەکو ئیمامی عومەر عەدالەت بنوێنی و لە دەوری ئەو عەدالەتە وردە وردە خەڵکەکە پێڕابگا. ئەگەر وڵاتانی پەیوەندیدارو دوژمنەکان لێبگەڕێن و خۆ بەخۆ نەکەوینە شەڕ و ململانێوە، یەک حزبی بێت یان دوو حزبی فەرقی نییە، گرنگ ئەوەیە کە تۆ حکوومەتێکی عادلی زۆر رێکوپێکت هەبێ تا ئەو دوو حزبە بەرامبەر یەک بە پرچەکی و لەسەرپێ بۆ شەڕکردن بمێننەدە، ئەوا هەموو ساتێک ئەگەری ئەوە هەیە سەر لەنوێ لێکبدەنەوە من کە گووتم ئێوە دەبێ یەکبن. مەبەستم ئەوەیە کە دنیا ٥ دەقیقە نیە، هەزاران ناکۆکی و بیروڕای دژبەیەک هەنە، گیروگرفتی سیاسەتی جیهانی و سەدان شتی دیکە هەیە.

لە راستیدا کێشەی کورد پێویستی بە توێژینەوەی زانستیانە هەیە و ناکرێ هەروا بە سادەیی چاوی پێداخشێنرێ. من دژی شیوعییەت بوومە کە گوتویەتی ئەوی بڵێ کوردم سەری دەبڕم. لە دژی شیوعی بوومە کە راوە پێشمەرگەی کردووە. ئەوەی من بۆ شیوعی بە پەرۆشم لە دڵی خۆمدایە، کە چ خەسارەتێکی

گەورەیان لە خۆیان و لە کورد داوە. زێدەڕۆیی نیە لە قسەکانم جارەها من تێفکریوم لە کۆتاییدا کە لە دژی شیوعیەت دەنووسم، کاتێ ئێمە و خۆیان دۆڕاندوە ئەوان خۆیان دۆڕاندوو هەزارەهایان مردن و کوژران، هەزارەها یەخەی کوردیان گرت، نەیاندەهێشت جوڵە بکەین، ئەوەی لە کیس خۆیان و لە کیس ئێمە چووە شتێکە یەکجار لەولای تەحەمولی کوردەوەیە.

*** ئەگەر بێینە بەرەکەی دیکە، واتا بەری دژی شیوعی کەوا سەرمایەداری کوردە، تۆ دیمەنی پاشکەوتوویی لە سەرمایەداری کورد، لە بۆرژوازی کوردا چۆن دەبینی؟ زۆر بەلامەوە گرنگە بەراوردێک لە نێوان پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بکرێ. ئێمە لە دوای ڕاپەڕین هەندێ داودەزگامان بۆ مابوو، بەڵام هەمووی تاڵان کران و ئاودیوکران و بردرا بۆ وڵاتانی دیکە. پێموایە ئەمە دوورە لە سیفاتی بۆرژوازی نیشتمانی یان دەوڵەمەندی نیشتمان پەروەر کە دەیەوێ وڵاتەکەی خۆی دەوڵەمەند بێ، کەچی دۆڵەمەندی کورد ئەو تاوانەی کرد. چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟**

** من لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا گووتومە،چەند سەیرە مرۆڤێک بێ خانوەکەی خۆی هەڵوەشێنێ. ئەمەی جەنابت باسی دەکەی وەک ئەوە وایە کە مرۆڤی کورد بێت خانوی خۆی هەڵوەشێنێ.

دەڵێن بەنداوی بێخمە بە ملیاری لێ خەرج کراوە، بەچەند ملیۆنێکی ناقابڵ دەفرۆشرا. ئەمە شتێکە کە وەرشکەستی شارستانیەت و تەنانەت وەرشکەستی سیاسی دەگەیەنێ.

*** لەسەر ئەوەی جەنابت بەوەرشکەست بوونی سیاسی ناوی دەبەی، ئەو کات، بەرەی کوردستانیش کەمێک شەرعیەتی بەم شتەدا، حزبەکان هەموو بەشداربوون لەو بڕیارەی بەرەدا بۆ ئاودیوکردنی سامانی وڵات.**

** بڵێم چی؟ نەدەبوایە وابێ. لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموویان کە ئەوەیان کرد. من گووتومە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا سیاسەتی کوردی عێراقی تێدایە، زۆر ئاڵۆز و تێکهەڵکێشە، زۆر فرە دەرگایە. جا ئەو هەناسەی ئەفکاری ئەوروپایی کە دێ زۆر غەریب تێکەڵ بەو تەخەلوفی شارتانی و بەو هەموو دواکەوتوویەی کە هەیە، دەبێ، ئەوە جۆرە لێڵیەک دروست دەکا. گووتومە ئەگەر بێتو من بە سکرتێری یەک لە دوو حزبانە دابنێن سەرەڕای ئەوەی کە چاوم لە ماڵی دنیا نیە و خۆشم بە مرۆڤێکی واقیع بین دەزانم، بەڵام دیسانیش مانگێک دەوام بکەم، یان دەکوژرێم یان دەبێ دەست لە کار بکێشمەوە. ئاشکرایە ئێستا حزبیەکان وەک من ڕاشکاوانە قسە ناکەن، بەڵام من دەیڵێم: بارودۆخەکە هێندە ئاڵۆزە کە من زۆر جار بەزەیم بە سەرکردەکاندا دێتەوە.

*** بارزانی لە شەستەکاندا کۆتایی بەم دووبەرەکییە هێناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی یەکخست، یەک دەنگ و یەک ڕایی هێنانەدی، پاشان لە کوردستاندا دوای دوو دەیە، ئێستا کاتێ لە بزووتنەوەی سیاسیدا، مناقەشە دەکرێ، خەڵک هەست بەو بۆشاییە دەکا کە بارزانی بەجێی هێشت، من مەبەستم ئەو لایەنەیەتی کە جەنابت باسی یەکبوون دەکەی لە بزووتنەوەی سیاسیدا، یەک فەرمانڕەوایی زانا کە بە عومەری کوڕی خەتابت چواند. هەست دەکەی ئەمە ئێستا چەند پێویستی بە ژیاندنەوەی ئەو کەلەپورە هەیە کە مەلا مستەفا بەجێی هێشتووە بۆ یەک خستنی بزووتنەوەکە و پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە کە لە رووی فکریەوە کورد ناتوانێ کامل ببێ.**

** پرسیارەکەت خۆشە، بەڵام وەک بڵێی واقعی نیە جارێ ژیاندنەوەی مەلا مستەفا مەحاڵە. کاکە من کوڕی مەلای گەورەم، بەڵام وەک ئەو مەلا نیم. مەلا مستەفا زیندوو نابێتەوە، ئەگەر زیندووش ببێتەوە — لەگەڵ هەموو ئیحترامم بۆ گەورەیی، چونکە دەزانم لە کوردستان پێشتر سەرکردێکی وانەبووە، بەڵام هەر لەزەمانی خۆیدا لێی هەڵگەڕانەوە، برایم ئەحمەد لە (٦٤)ەوە دەستی کرد بە براکوژی، دواتر یەک دوو جاری دیکە شەڕ لەگەڵ مەلا مستەفا کرا — بارودۆخ جودایە لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە ئەو تێیدا ژیاوە.

*** دێینە سەر باسی ئازادی کە نزیکە لەمەسەلەی دیموراسی و جەنابت مناقەشەت کرد. بەو کۆمەڵە تایبەتمەندییانەی کە ئێستا مناقەشەت کرد، پێتوایە چەند بوار بۆ ئازادی فەردی هەیە لەناو کۆمەڵی ئێمەدا، تا بتوانێ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەشداری لەو بنیادنانە فکری و ئیداریە بکات کە جەنابت بە بیرتدا دێ؟**

** ئەو کەسەی کە دەیەوێ لە کردەوە و بیروڕادا ئازاد بێ، ئەوا بێدەسەڵاتە، خۆشت دەزانی هەتا ئێستا داکۆکی لە خۆی نەکردووە و ڕەنگە نەشکا. ئەو کەسەی کە سوود لە ئازادی وەردەگرێ، بە بەردەوامی دەکەوێتە بەرامبەر ئەو لایەنەی کە ئازادیەکە لەو و لە دەسەڵاتی ئەو کەم دەکاتەوە و ئەویش پتر شەڕت لەگەڵ دەکا و بە شەڕیش بەرەو ڕووی دیموکراتییەت دەبێتەوە.

*** مەبەستت لایەنی دەسەڵاتدارە؟**

** ئەولایەی حەقەکە بۆ ئەو خۆشە، یەکجار زەعیفە و هیچ دەسەڵاتی نیەو بە تەماش نیە دەسەڵات بگرێتە دەست و بە تەماش نیە توڕە بێ و هەڵگەڕێتەوە. لایەکەی دیکەش — کە من لەم قسەیەمدا مەبەستم کەسێکی دیاریکراو نیە-، بەڵام خۆت دەزانی ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە سوود لە خێر و بێرەکانی وەردەگرێ، واتا بۆ بەرژەوەندی خۆی نکۆڵی لە ڕاستییەکان دەکات و چاوپۆشیش لە زۆر شتی ناڕەوا دەکا. ئەو هاوکێشەیەی تۆ دەتەوێ پێک بێت، ساڵەهای ساڵی گەرەکە و وا بە ئاسانی نایێتەدی. وەکو گووتم ئەگەر سەرۆکەکانی سەرێ وەکو عومەری خەتاب نەبن، خۆ لەبیر نەکەن بە ڕۆحێکی وەکو کاکە ئەحمەدی شێخ، زۆر زۆر زەحمەتە بارودۆخی ئێستاکە بگەیێننە حاڵێک دیموکراتیەت بە خۆیەوە بگرێ.

*** ئەوەی کەمن تێبگەم، تۆ پێتوایە لە ڕووی تاکە کەسیشەوە، مرۆڤی کورد ئەو ئامادەییەی نیە وەکو مرۆڤێک مومارەسەی ئازادی خۆی بکات؟**

** ئەگەر حەز لە قسەی خۆش بکەی دەتوانین بڵێین کوردەکە هەروا پێک هاتووە، با ڕاستگۆ بین، دەزانی بەشێکی زۆر زۆری لەو کوردانەی کە پێیان بگووترێ ڕۆشنبیر، شیاوبوون پێیان بگووترێ هەڵگری بیری دیمکراتیەت، ئەوانە هەموویان ڕۆیشتن بۆ خارج. بە زۆری کۆچیان کرد. ئەوەی دەمێنێتەوە بەشێکی لەگەڵ دەسەڵات دایە، کە ئەویش بۆ خۆی ناتوانێ دژی خۆی بێ. بەشێکیشی دانیشتووە لە ماڵی خۆی ئەگەر مامۆستایەک یان شتێکە. نازانم کەس هەیە لە دەرەوەی دەسەڵات وەک ڕۆشنبیر مابێتەوە؟ جا لێرەدا تەنیا ئومێدێک کە هەبێ ئەوەیە کە لایەنەکان پتر لێک نزیک بنەوە.

*** بە نیسبەت هۆکارەکانی پاشکەوتن کە لە کۆمەڵی کوردا هەیە، لە پاراستن پاشکەوتوویەکە هەندێکیان ناوخۆیین و هەندێک لەوانەیە دەرەکی بن، کام لایان زاڵە هۆکاری دەرەکی یا ناوخۆیی؟**

** هەردووکیان کارلێک دەکەن تۆ پاشکەوتنەکەت هەندێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە عومری خۆت حکوومەتت نەبووە. هەڵبەت کە حکوومەتت نەبووە پاشکەوتووی، ئەوی لەسەریشەوە حکوومەتە هەر بە پاشکەوتووت دادەنێ، ئەگەر بواری هەبێ هەلا بەهەلات دەکات. لەبەر ئەوە هەردوو فاکتەرەکە پێکەوە دەڕۆن، تا ئەو رۆژەی کورد نەگا بە سەربەخۆیی هیچی واناکرێ، واتا ئەوەی کە دەبێتە حکوومەت بە پەرۆش بێ ئەو خەڵکە پێبگەیێنێ.

*** بە گشتی مامۆستا من وایتێگەیشتم هەندێ جار پێم جیا ناکرێیتەوە کامیانی: رەشبین یان گەشبین، واقیعبینی جەنابت بەلای کامیاندایە.**

** ئەوەی من دەیلێم قەت رەشبینی نیە. باوەڕ بکە، واقعیەتێە کە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ شک نابەم.

*** باشە لە واقیع بینیدا هیچ ئاستەنگێکی بێ ئەلتەرناتیف هەیە؟**

** قوربان تۆ ناتوانی داوا لەمن بکەی کوردستان لەسەر شانم دانێم. من وەکو واقعبین کە هاتووم بۆ نموونە رەخنە لە شیوعیەت دەگرم، یان وەختی خۆی رەخنەم لە رەوتی مارکسی ناو پارتی دەگرت، بە درێژایی ئەو چەند ساڵە لە (٦١)ەوە کە دەکاتە (٣٦) ساڵ پێشتریش نوسینم هەبووە — من بەرژوەندی خۆم لەبیر کردووە. من خاوەنی فلسێک نیم. هەرچی موڵکی هەمبوو بە پێی یاسای حکوومەتی عێراق و یاسای حکوومەتی هەرێم، رۆیی. موچەیەکی خانەنشینم هەیە بە ٣ مانگ بایی پێنج نەفەر کەبابە. ئەمە داهاتی منە لە بەغدا. لەسەر ساجی عەلی چەندی توانبێتم لە مێشکی خۆم گوشیوەو کردوومەتە نووسین، چەندەی ئیمکانم بووبێ لەگەڵ ئەوانەی خاوەن ران و حورمەتێکیشم دەگرن و ئەوی توانبێتم لە قسەی چاکە کردوومە.

*** پرسیارەکە بەرەو رووی جەنابت ناکرێ وەکو خاوەن دەسەڵاتێک، بەڵام وەکو خاوەن دەسەڵاتێکی فیکری جەنابت موناقەشە دەکرێی؟**

** قوربان تێدەگەم، ئەوە من فکرەکەی خۆم ٣٦ ساڵە بڵاودەکەمەوە.

*** ئەم واقیعبینیەی ئێستا گوێمان لێی بوو زۆربەی تراژیدیا و کارەساتەکە باس دەکا، باشە بۆ دەرچوون لەم کارەساتە پێویستە چی بکرێ.**

** نووسینەکانم بخوێنەوە، بزانە رەخنە لە چی دەگرن؟ باخەڵکەکە بە قسەم بکا، ئێستا هەر دەبێ ئەو شتانە دووبارە بکەمەوە. من ٣٦ ساڵە تێدەکۆشم بەو دەسەڵاتەی خۆم دەسەڵاتم بەسەریدا بێ.

*** مامۆستا ئەوەی بە لامانەوە گرنگ بوو لەگەڵ جەنابت موناقەشەیمان کرد، ئەگەر شتێک ماوە پێتوایە بواری گوتنیمان پێت نەداوە و پێویستە کە بگوترێ، فەرموو؟**

** یەک شت هەیە باسمان نەکرد کە دەڵێی لە دژی شیوعی بوویتە، من هەرگیز لە دژی هیچ مرۆڤێک نیم بەقەدەر ئەوەی کە بەدکاری دەکا، من لە دژی هەر مرۆڤێکم کە بەدکاربێ، جا ئایدیۆلۆژیای دژی کوردایەتی بێ، دژی مرۆڤایەتی بێ، یان دژی عەدالەت بێت. هەڵبەتە من لە سنوری خۆمدا دوژمنی ئەوم بەبێ ئەوەی دەمانچەم هەبێ. ئەم قسەیەش رەنگە نەختێ کاڵ بێ، من بۆ شیوعی گریاوم، شیوعیم لە بەندیاخنە

دەرهێناوە، من شیوعیم گەڕاندۆتەوە بۆ سەرکار، من بە ئۆتۆمبێلی وەزارەت شیوعیم گەیاندۆتە ئەو جێگایەی کە تێیدا ئاسودەیە. واتا قەت پێت وانەبێ کە من لە رووی مرۆییەوە دژایەتی کەسم کردبێ.

*** وەکو تاکە کەسێک پێموایە ئەگەر جەنابت لەبەرەیەکی فیکریدا بوویی کە بەو پەڕی ئازادی و جورئەتەوە رای خۆت دەربڕیوەو ئەم رایەش بەشێوەیەکی ئیجابی کاریگەریی بەسەر فیکری مرۆڤی کورددا هەبووە. مەبەستم لە موناقەشەکە تەنیا لایەنە فیکریەکە بوو زۆر سوپاسی جەنابت دەکەم کە رێت پێدام ئەم موناقەشەیە بکەین، دڵنیام جێی سەرنجی خەڵکە بەتایبەتی دوای راپەڕین رۆشنبیرانی گەورەی وەکو جەنابت لەو ناوچەی ئێمە کاریگەریان بە ئاسانی نەگەیشتۆتە خەڵک.**

** زۆر سوپاس ئینشائەڵڵا لە ئایندەدا لە بارێکی خۆشتر و بەرەو گەشایی تر جارێکی دیکە یەکدی دەبینینەوە.

ڕۆشنبیری کوردی، لە ڕابردووی خۆی دابڕاوە و لە ئایندەش نیگەرانە

(ئەم گفتوگۆیە لە ساڵی ١٩٩٩، بە شێوەی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ بەڕێزان (مەسعوود محەمەد و شکور مستەفا) لە تەلەفزیۆنی گوڵان بڵاوکرایەوە.)

سەرۆ قادر: تێکڕای خوێندەوارانیکورد لە سەرانسەری کوردستاندا، بەڕێزەوە لەبەرامبەر ناوی مەسعوود محەمەد و شکور مستەفادا دەوەستن، چونکە پێگەیشتن و کامڵ بوونی رۆشنبیری ئێمە لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆری بۆ کەسانی وەکو ئەوان و بەتایبەتی بۆ هەردووکیان دەگەڕێتەوە. لەم دانیشتنەدا، من هەوڵ دەدەم تەنیا پرسیارەکان بخەمە بەردەمی بەڕێزیان و مناقەشەکە بۆ ئەوان دەهێڵمەوە.

*** سەرەتا لەگەڵ مامۆستا (مەسعوود محەمەد) دەست پێدەکەین، مامۆستا، رۆشنبیری کوردی ئەوەی کە ئەمڕۆ هەیە، وەکو باسی لێدەکرێ، زۆرجاران لە رووی مێژووییەوە جۆرێک لە دابڕان هەیە لە نێوان وەچەی ئێستاو نەوەی رۆشنبیری بەر لەخۆیان، هەروەها لە نێوان مێژووی رۆشنبیری ئێمە. بەلامەوە گرنگ بوو کە گوێمان لە رای جەنابت بێ سەبارەت بەوەی کە رۆشنبیر بەکێ تێدەگەی و پێتوایە دابڕانێک لە مێژووی رۆشنبیری ئێمەدا هەیە؟**

**** مەسعوود محەمەد:** پرسیارەکەت سادەیە، بەڵام وەڵامەکەی ئاسان نیە. میللەتان لە رۆژێک و دوورۆژدا ناتوانن هەست بە بوونی خۆیان بکەن. وەکو رووبارێک لەسەر شاخێکەوە سەرچاوە دەگرن تا دەگەنە دەریا، بەم پێیە وەک پرۆسەیەکی بەردەوام وان.

پێشتر زەمانێک بوو، خوێندنەکە یەکجار سنوردار بوو. پێش ٥٠ تا ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا خوێندەواری بریتی بوو لەو کۆمەڵە مەلاو فەقێیانەی کە دەرس و عەقائیدی ئیسلامی و فەلسەفەی یۆنان و عیلمی کەلام و ئەوشتانەی کە لە مزگەوت مەرغوب بوون، دەخوێند. وردە وردە زەمانە گۆڕا، تا ئەو سەردەمەی کە ئینگلیز، عێراقی داگیرکرد و مەکتەب کرایەوە. مەودایەک پەیدا بوو، جۆرە فەرهەنگێکی خستە ناو بازاڕ و جادەو کۆڵانان کە لەگەڵ هی مەلایەکاندا، جیاواز بوو. پێشتر بە زەحمەت خەڵک دەدۆزرایەوە کە دەفتەرێک بۆ بازرگانێک بنوسێتەوە. لە ڕاستیدا ئێمە بایی ئەوەی کە هەین زۆریش نیە، کە دەڵێم هەین هی ئەوە نیە گەشە گەشەم پێبکات، ئێمە (٢٥٠٠) ساڵە لە مەغدوریەتدا دەژین و (٢٥٠٠) ساڵە لە دەرەوەی مێژوو دەژین، (٢٥٠٠) ساڵە لێمان کەم دەکرێتەوە و دەدزرێ و دەکوژرێ. رێگە نیە، بازاڕ نیە، چ نەبووە، ئێمە لە سەردەمێکدا پەیدابووین، بەڵام ئێستا لە ناوچەیەک دەژین کە مەترسیدارترین ناوچەی سیاسی و ئابوری و ستراتیجی ئەو دنیایەیە. شەڕی کائیناتی لەسەر دەڕواو کوردیش لە چەقی ئەوگۆڕەپانەدایە. نە یارێک نە یاوەرێک نە رابردوویەکی گەشمان هەیە و نە سەروەتێکیشمان لە باپیرانمانەوە بۆ بەجێماوە، کەسیش تا

سەر لەگەڵمان نەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە من زۆر ناڕازیم، بەڵام دیسانەوە سەدجاریش دەڵێم دەبێ شکور ببین بۆ ئەو کەسانەی کە بە هەموو هەڵەکانیانیشەوە تەحەمولی ئەو بارودۆخە دەکەن. رای من جیاوازی لەگەڵ رای خەڵکدا هەیە. بەڵام ئینسانێکی واقیعیم، من کە دەبینم کارمەندێکی دەوڵەت نیوەی ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ، لێی مەمنونم، چونکە فێر نەرکاوە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ. من وڵاتی دیکەم دیتووە، راسپاردەی گشتی وەکو واجب بوونی نوێژ و شتی وا لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدەن. ئێمە فێر نەبووینە ئەرکی خۆمان بە تەواوەتی جێبەجێ بکەین. بە شێوەیەکی پێچەوانە لە ئەرک و راسپاردە گشتییەکان گەیشتووین، وەزیفە هەر نان بخۆو ئاوای ئەودیوی بکە نییە. من مەمنونی ئەم خەڵکەم کە ئەو کولتوورەی ئێستا هەیە لەسەرشانی خۆی هەڵگرتووە لەگەڵ هەموو عەیب و عاری، لەگەڵ هەموو ئەو دوژمنانەیەتی و دژایەتیانەی کە هەیەتی. دیسانەوە کوردێک کە (٢٥٠٠) ساڵە لە بزاڤی مێژوو دابڕاوە، دەبێ لێی مەمنون بی کە ئاوا هەڵسوکەوت بکات.

*** سەرۆ قادر: واتە گلەییت لە پلەی فەرهەنگی یان لە جۆری فەرهەنگی میللەت نییە؟**

**** مەسعوود محەمەد:** میللەتی کورد بەشێکی لە ئەوروپایە و بەکاری فەرهەنگیەوە خەریکە کە رەنگە ئێمە هەر بە رۆشنبیریش نەزانن. بەداخەوە سەد جار بە داخەوە، ئەو بارودۆخەی کە ئێمە لێرەو لە سلێمانی و بەگشتی لە کوردستاندا تێیدادەژین. خەڵکەکە لە بارودۆخێکی شێواودایە کە ئەمەش هەر بەتەنها گوناهی خۆی نییە. دنیای دەوروبەری کورد هەمووی کاریگەری بەسەر کوردەوە هەیە، کوردەکەش بە زەحمەت دەتوانێ خۆی بناسێتەوە. نازانێ چ چار لەو دونیایە بکات، واتا برا و برا بەزەحمەت یەکتریان خۆش دەوێ، ئەمەش هەر هەمووی لە دەرەوەی کوردستان بەرهەم دەهێندرێت. کەواتا نازانم چۆن گلەیی لەو کابرایە بکەم کە بەهەڵەدا دەڕوات.

*** سەرۆ قادر: لەو واقیعەی کە جەنابت باسی دەکەی، بەو مێژووەی کەوا ئاماژەت پێدا، فەرهەنگی کورد، بە حدودە بەرتەسکەکەی کە بەتوێژی رۆشنبیران ناوی ببەین، ئەمڕۆ رۆشنبیری کوردی لای تۆ چۆنەو چ روخسارێکی هەیەو دەبێ چۆن بێ؟**

**** مەسعوود محەمەد:** هەر چەند وەکو دەڵێن دەفتەرم بۆ رۆشنبیران نەگرتووە، بەڵام تێیاندا هەیە رۆشنبیری تەواون ئەگەر چی ژمارەیان زۆر نیە، مرۆڤی بە ناموسو بە ویژدانن، هەلپەرست نین و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. بەرەو ژێرترهەیە جێی پەسند و ستایش نیە، بەڵام کە رۆشنبیریەکە لەگەڵ ئەو مێژووە دژوارە (٢٥٠٠) ساڵیەو ئەو هەموو گرفت و کۆسپ و شتانەی لەبەردەم میللەتی کورد دابوونە بەراورد دەکەی، دەبینی هێندەش مافی گلەیی کردنت لە رۆشنبیری کورد نامێنێ — کە زۆر بە داخەوە هیچ پلەیەکی نادرێتێ.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا شکور مستەفا، ئەگەر دابڕانێکی مێژوویی لە نێوان ئەمڕۆی رۆشنبیرانی کوردی و دوێنێ و هی ئێمە بە مەفهومی مێژوو هەبێ، لێکدانەوەو تێڕوانینی جەنابت بۆ رۆشنبیری کورد لەم بوارەدا چۆنە؟**

** **شکور مستەفا:** لەگەڵ رایەکەی مامۆستا دام سەبارەت بەوەی کە رۆشنبیری کورد لە چوارچێوەی مزگەوت و فەقێ و مەلا و خانەقا و ئەوانەدا باووبووە، بەڵام رەنگە من هەوڵی ئەوە بدەم کەوا لەم مەسەلەیەدا تۆزێک گەشبینتر بم.

ئێمە چەند ئاڵایەکی گەش و گرینگمان هەن لە مەیدانی فەرهەنگی کورددا. بۆ نموونە کاتێ (تەیموری لەنگ) لەسەرەتای سەدەی شازدە بەدوای (مەلا محەمەدی ئەخلاتی)دا دەنێرێ کە بچێتە یارمەتی (نەسەری دلێمی تورکی)ەوە لە مەراغە (ڕەسەدخانە) دابمەزرێنێت، (مەلای ئەخلاتی) یارمەتیەکی زۆرگەورەی (نەسری دلێمی تورکی) دەدات. هەروەها بۆ نموونە (ئەبو سعودی عەمادی) کە گەورەترین شەریعەتمەدار یان یاساناسی سەردەمی (سوڵتان سلێمانی قانونی) بوو هەروەکو (هەرەزام) دەڵێ: ئەوە ئەو پیاوە کوردە بوو کە سەرلەبەری یاسا و قانونەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ (سوڵتان سلێمانی قانونی) دادەنا. بەڵام ئەو هەموو کارە گەورەیە بەنێوی (سوڵتان سلێمانی قانەونی)ەوە تۆمارکراوە. هەروا بە نموونە لە مەیدانی وڵات بەڕێوەبردن و میرنشینیدا، (ئەولیا چەلەبی) باسی (میر ئاودەلخانی سیسێ) دەکات. ئەو کتێبە دەگمەنانەی کە لە کتێبخانەکەی ئەودا هەبووە، رەنگە لە کتێبخانەی (سوڵتانی عوسمانی)دا نەبووبێت. هەروەها کە دێتە سەر باسی وەزعی خوێندەواری لە (ئیمارەتی بەتلیس) دا، باسی چەندین فێرگەو مەدرەسەو ئەو شتانە دەکات. باسی سیستەمی ئابوری و سەرچاوەی دارایی ئەو ئیمارەتە دەکات. بە کورتی هەروەکو (تابێرنێ)ی گەریدەی فەرەنسی دەگێڕێتەوە کە هەر لەو سەردەمەدا گەشتێکی بۆ کوردستان کردووە و لە مەجلیسی (ئاودەل خان)دا بووە و شتی دیوە، دەڵێ دابونەریت و هەڵسو کەوتی (ئاودەلخان) گەلێ لە هەڵسوکەوتی سوڵتانی عوسمانی جوانتر و رێکوپێکتر بوو. هەروەها دێت باسی شیعر و شاعیریەت و هونەر دەکات، ئەوەش ئاشکرایە کە ئێمە سەرەتایەکی کۆنمان هەیە. لە مەڵبەندی کوردستانی باکور، فەقێ تەیران، عەلی حەریری، مەلای جەزیری و ئەحمەدیخانیمان هەیە. لە کوردستانی باشوور نالی و سالم و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و وەفاییمان هەیە کە ئەمانە هەموو هەریەکەو بۆ خۆیان لە مەیدانی فەرهەنگی کوردیدا ئاڵایەکن کە شیعر و شاعیرییەتیان ئەگەر لە شاعیرە گەورەکانی فارس تێنەپەڕاندبێ، ئەوا رەنگە شان بەشانی ئەوانیان راگرتبێ. من بیستوومەتەوە کە شاعیری زۆر گەورەی فارس کە شیعری مەولەوییان بۆ خوێندونەتەوە لایان عەجایب بووە کەوا پیاوێکی وا لە شوێنێکی وا بەرتەسکدا بتوانێ ئەم قسە جوانانە بکات و ئەو هەموو خەیاڵناسکە دەربڕێت.

لە مەیدانی فکردا (مەسعوود محەمەد) فەرمووی رەنگە زۆر شتمان هەبێ، بەڵام رەنگە نەمانتوانیبێ ئێمە ئەوانە هەموو بەسەر بکەینەوە و بزانین جێ چەنجەی کورد لە فەرهەنگی رۆژهەڵاتدا چۆنە، یاخود کورد شێوەو مۆرکی خۆی لە هەموو لقەکانی فەرهەنگیدا چۆن دەبینێتەوە. ئێمە مەلای شەهرەزوریمان هەبووە، مەلای بەیتوشیمان هەبووە، مەلای ئادەممان هەبووە، مەلای خەتێمان هەبووە، مەلای گەورەمان هەبووە، مەلافەندی هەولێرمان هەبووە. ئەوانە لەبەر تەوازوعی خۆیان یان هەر لەبەر کورد بوونیان، رەنگە لە پەناو پەستیودا کەس بە تەنگیانەوە نەبووە، کورد وەکو پێشنەیەک رۆشنبیریی هەبوو، ئەو فەرهەنگەش یان لەبەر سێبەر و فەرهەنگی فارس یان تورکدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوانە (ڕۆشنبیرە کوردەکان) لە ژێر

سێبەری ئەواندا گەورە بوون، بەڵام کەسایەتی خۆیان هەبووە. جا ئێمە نەمانتوانیوە تۆز و خۆڵی زەمانەیان لێبتەکێنین، ئەوەش بە مانای (نەبوون) نیە و بگرە هەبووە، بەڵام رەنگە لەوەیدا کە نەمانتیوانیوە جارێکی دیکە بیانخوێنینەوە، کەمتەرخەمیمان کردبێ، هەوڵمان نەداوە بزانین ئەوانە چییان گوتووە. دەمێنێتەوە مەسەلەی دابڕان، کورد بۆ خۆی لە نێو خۆیدا لێکدابڕاوە، چ جای ئەوە کە بەدرێژایی مێژوو ویستبمان وەکو هێزێکی مرۆیی و ئابوری ببین. هەر لە سەرەتاوە، تەنانەت هەر لەسەرەتای فتوحاتی ئیسلامەوە کورد لە زەمانی (یەزگردی ساسانی)وە پلە پێنج و شەش بووە. کاتێکیش کە ئیسلام پەیدا دەبێ و عەرەبەکان (یەزگر) تەنگاو دەکەن، کورد شەڕی بۆ (یەزگرد) نەکرد. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دەڵێن زوو بەپیر ئیسلامەوە چوو. ئەو کوردە لە ناچاری ویستویەتی بە هەر جۆرێک بێ لە نیزامی ساسانی، رزگاری بێ. وردە وردە قۆناغێک هاتە پێش، بەتایبەتی لەسەردەمی (بەنی ئومەیە) کە مەسەلەی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی فراوان سەری هەڵدا. پێموایە کورد لە تورکی سەحراگەری یان تورکستان پێشکەوتووتر بوون، کەچی تورک توانی بۆ خۆی ئیمپراتۆرییەت دروست بکات، هەروەها فارس بەناوی ئیسلامەوە ئیمپڕاتۆرییەتی دروست کرد و عەرەبەکانیش پێی بوونبە ئیمپڕاتۆرییەت، بەڵام راستە کورد زۆر سودی لە ئیسلام دی، بەداخەوە لەسەرێکی دیکەوە نەیتوانی بۆ خۆی بەناوی ئیسلامەوە دەوڵەتێک بۆ خۆی دروست بکات.

کاتیخۆی لەسامەرا، تورکەکان ئەوەندە زۆربوون، قاموسێک تورکی بە عەرەبییان دانا تا عەرەبەکان لێوەی فێری تورکی بن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی خەڵکی تورک لەم ناوچەیە. لەوێدا نەخشەیەک هەیە (لەناو قاموسەکە) نەخشەکە کوردستانی تێدایە. نوسیویەتی (بلاد الاكراد) و لەگەڵ میسردا هاوسنورە، واتاشام و فەلەستین و لبنان و ئەوانە هەمووی لە نێو سنووری (بلاد الاكراد) دانە.

*** سەرۆ قادر: ئەو کەلەپوور و فەرهەنگەی کە جەنابت باسی دەکەی، ئەو میراتە رۆشنبیرییەی هەمانە، کەمترکاریگەرییەتی بەسەر رۆشنبیری ئەمڕۆی کوردەوە هەیە. بەڕای تۆ ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەڵە رۆشنبیرانەی کە ئێستا باست کردن، لە نێو تورک و فارسو عەرەبدا کاریان کردووە و بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی ئەوان، بۆیە نەگوازرانەوە بۆناو رۆشنبیریی ئێمە، تۆ بڵێی کەم و کوڕیەکە لە ئێمە و لە رۆشنبیری ئێستا بێت کە دوێنێی خۆمانیان پێنەخوێندراوەتەوە، یان بە یەکێک لە هۆیەکان کە لەوانەیە لای ئێوە بێت، رۆشنبیری کورد ناگەڕێتەوە سەر کاری خۆی؟**

**** شکور مستەفا:** خۆی دابڕانێک هەبووە، بەڵام دابڕانەکە لە کوێوە بوو، بۆ نموونەی ئەم دابڕانە دەتوانم بڵێم لە بیرمە کە لە ساڵانی (١٩٣٢ – ١٩٣٤)و ئەو دەوروبەرە کە مەکتەبی تازە لە کەرکوک و سلێمانی پەیدا ببوو، خەڵک پێیان عەیب بوو منداڵیان بنێرنە مەکتەب. بەڵام دوایی بوو بە باو، ئەمە وای کرد دوو جۆرە کەسایەتی رۆشنبیر پەیدا ببن؛ ئەفەندی و نائەفەندی. ئەفەندییەکان دەرچوانی قوتابخانە تازەکان بوون و نا ئەفەندییەکانیش هەمان شێخ و مەلا و فەقێیەکان، واتا ئەو خوێندەوارانەی کەوا درێژەپێدەری فەرهەنگی فارسی و تورکی و عەرەبییەکەی جاران بوو. شتێک دروست بوو کەوا ئەفەندی بەلای مەلا و شێخەوە فەرمەسۆنە و ئەفەندیش مەلا و شێخی بە کۆنەپەرست و جاهیل دەزانی، مەکتەبەکە جۆرە گومانێکی لای خەڵکەکە درووست کرد سەبارەت بەوەی کە کورد چییە، مەلا چیە، فەقێ چیە؟

خەڵکەکە بەرەو جۆرە ژیانێکی خوێندەواری تازە دەڕۆیشتن و منالانی کورد بە عەرەبی دەیانخوێند، تا چلەکانیش لە کەرکوک تورکمانەکان بە تورکی دەرسیان بە خەڵک دەگوتەوە، لە سلێمانی پێموایە کوردیان دەوتەوە، بەلام لە پاشان ئەم مەکتەبانە لە بیری خەڵکیان بردەوە کە ئەوانە کوردن، واتا نەیدەتوانی بڵێ منیش زمانم هەیە، منیش میللەتم، لەبیرمە لە کەرکوک گاڵتەیان بە کورد دەکرد، شەرمم دەکرد بە کوردی قسە بکەم، لە (١٩٣٧) هاتومەتە ئەو هەولێرە خزمی لێبووە، لەگەڵ منالەکانی دەچوومە دەرەوە. بەکوردی قسەم لەگەڵ دەکردن، دەیانگوت عەیبە بە کوردی قسە مەکە بە تورکی قسە بکە.

*** سەرۆ قادر: هەر لەو قۆناغەی کە مامۆستا شکور باسی پێگەیشتن و تەکریمی رۆشنبیری ئەمڕۆ کوردی کرد واتا لەسەرەتای ئەم سەدەیە و بگرە کەمێک سەرووتریش. جەنابت لە نوسینەکانتدا زۆر مناقەشەی رۆشنبیران و خاوەن فکرانی کورد و عێراقی و دەروبەریشت کردووە، کەوا پتر بە لاسایی کردنەوەوە خەریکن، یان فکرێکیان بەبێ بیرلێکردنەوە، یان هەرسکردنی ئەو فکرە وەرگرتووە. پێتوایە چەند لاساییکردنەوە لە بیرکردنەوەی کوردی، لە فیکری کورددا هەبووە، لە رووی فەلسەفی و پێوانی کۆمەلایەتی؟**

**** مەسعوود محەمەد:** بەدواداچوونێکم لەسەر قسەکەی مامۆستا شکور هەیە، سەبارەت بەوەی کە فەرمووی؛ زۆربەی فەقێ و مەلا هەمووی خاوەنی زانستی عەرەبی بوون، زانستی شەریعەش تایبەت بوو بە عەرەب، بەلام سەبارەت بە زانستی دیکە ئەوەی وەرگێڕبوو لە زانستی یۆنان شتێکی دیکە بوو، ئەمەیان میراتێکی رۆشنبیری بوو بۆ هەموو دنیاو تەنانەت ئەوروپیەکان دەچوون لە ئسپانیاوە لە عەرەبەکانیان وەردەگرت.

ئێمە خاوەنی شتێک نەبوین هی خۆمان بێت. وانەی کتێبمان و شەریعەت و ئەستێرەناسی، هەمووی هەر بەعەرەبی گۆتراوە. ئەو مەلایانەو لە هی بەر لەوانیشەوە، بگرە تا سەردەمی عەباسی جگە لە قسەی رووت هیچی دیکەیان نەکردووە، داریان لەسەر بەرد دانەناوەو ئەوەی کە هەیە هەمووی هەر قسەو زمان گێڕانە.

*** سەرۆ قادر: واتا هیچ کارێکی فکرییان نەکردووە؟**

**** مەسعوود محەمەد:** خۆ فکر نابێتە بیناو بژێوو دۆزینەوە. تا دنیا دنیایە شیعر بڵێ هەر شیعرەو نابێ بە هیچی دیکە و هیچ کەسیش تێرناکات. ئەوەندی زانیبم لەو زەمانانەی کە بەمن گەیشتووە لەناو کورددا لەماوەی (١٥٠) ساڵدا، ئەوەندەی کە لە باوکمم بیستووە تاکە داهێنەرێک کە هەبووبێ (مەستی ئەفەندی) بووە کە خەڵکی سلێمانی و باوکی (تۆفیق وەهبی) بووە، ئەو کابرایە داهێنەر بووە، ئەگینا لە هەموو کوردان بە هەرسێ جیلیەوە کە من تا رادەیەک ئاگاداربیم و شایەدیشم باوکمە لە نێو هەموو کوردا، لە ماوەی (١٥٠) ساڵدا تەنها یەک داهێنەر هەبووە. ئاسی و دەستاڕ و شتی دیکە هی هەزار ساڵ و دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستایە، شتێک نیە ئەمڕۆ دروست کرابێ. ئەو زانستەی کە لێرە بڵاوبووەوە مەرغوب بووە، هەمووی بریتیە لە تەلاقدان و چاککردنەوەی، قسەی ناو کتێبان و شیعر. ئەوە نانێکی دروست نەکردووەو بەپێی دابەشکردنەکەی کۆن. زانستەکە هەمووی (رەفیعە)بووە.

مەنتیق و شیعرو ئەو شتانە بە زانستی مزگەوتان دادەنرێ، بەڵام ئەو زانستەی کە نانی پێ پەیدا دەکرێ ئەوە (وەزیعە)بووە.

*** سەرۆ قادر: ئەم فەرهەنگ و کەلەپورەی کە جەنابت باسی دەکەی، هی بەر لە سەدەی بیستەمە، لەناو خوێندەوار و رۆشنبیرانی کورد زاڵ بووە، ئەوەی ئێستا باست کرد. پێتوایە ئەوە تەقلیدێکی بەجێهێشت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسەدەی بیستەمدا رۆشنبیرانی هاوچەرخ، ئێوە و خوار ئێوەش کە فکریان هێنایە ناو کۆمەڵی کوردەواری، دەستیان کرد بە بیرکردنەوە، چەند توانیان بەشێوەیەکی قوڵ و رەسەن بیریکەنەوە. مەبەستم ئەوەیە کە لاساییکردنەوە نەبووبێت.**

**** مەسعوود محەمەد:** نێوانی نوێخواز و مەلایەکان، تا ئێستاش خۆش نیە کە یەک لەیەکی وەربگرێ. ئێستاش یەکتریان خۆش ناوێت لە بەر ئەوەی مامۆستای نوێ و قوتابی نوێی، کابرایەک کە دەچێ (طبیعة) دەخوێنێ دەخوێنێ و دەبێتە دکتۆر، یان کابرایەک لە کۆمپیوتەر دەخوێنێ هیچ حەزی لە زانستی ئایینی ئیسلامی نییە، رەنگە هەر پێشی خۆش نەبێ و بەلایەوە نەچێ. جا نازانم مەبەستت چیە لەوە؟

*** سەرۆ قادر: مەبەستم ئەوەبوو کە بەرێزت لەبەشی هەرەزۆری نوسینەکانی خۆتدا، ئەوەی پەیوەندی بە فەلسەفەو تێروانینی کۆمەڵایەتی و چەمکی ئازادی و رزگاری نەتەوەییەوە هەبێ، مناقەشەی ئەوەت کردووە کە ئەو نوسەرانە یان ئەو رۆشنبیرانەی کورد، پتر فکریان وەک خۆی لەدەرەوەڕا وەرگرتووە. راستەوخۆ ئەو مەلایانەی کە تۆ باسیان دەکەی شتیان گوتۆتەوە بێ ئەوەی کەوا شتێک بخەنە سەر ئەوانەی پێشویانەوە. ئەو فکرەی کە ئەمڕۆ هەمانە، ئەمەیان تا چەند بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆیە و تا چەندیش لاسایی کردنەوەی تێدایە؟**

**** مەسعوود محەمەد:** من شەخسی خۆم لاسایی کەسم نەکردۆتەوە. لە باوکمەوە شتێک بەمن گەیشتووە کە ئەویش خۆڕاگری و راست گۆییە. ئەگینا باوکم سەرپشکی کردم لەوەی کە خۆم چیم بوێ وا بکەم. چەندی گوتیان با ببێتە مەلاو نازانم چی، گوتی کوڕی من کوڕی چەرخێکی جیا لەچەرخی منە. ئەو دەچێت بۆ خۆی لە حقوق دەخوێنێ، ئەگەر مەبەست شتی تازە بێت ئەوا باوکم رسالەیەکی لە (علمی الکلام الجدید)دا نووسی واتێدەگەم ئێستا لە (جامعەی ئەزهەر) بووە بەسەرچاوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر شتێک بە من گەیشتبێ لە باوکمەوە بووە، هیچی دیکەم پێ نەگەییوە، سەبارەت بەوەی کە علمی کەلامی بە من گوتبێ یاخود کتێبی مزگەوتانم لەلای خوێندبێ، بەهیچ شێوەیەک شتی وانەبووە منی سەرپشک کرد و ئازادی تەواویشی پێ بەخشیم.

*** سەرۆ قادر: ئەو رۆشنبیرانەی کە جەنابت باستکردن بەتایبەتی پێش سەدەی بیستەم و کاتی خۆی لەناو ئیمپراتۆری عوسمانی یان لەناو ئیمپراتۆری سەفەوی رۆڵێکی زۆریان بینیوە، پێت وایە ئەمانە بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی ئەوان؟**

**** شکور مستەفا:** ئێمە نەمانتوانیوە بە تەواوەتی ئەو کەلەپورەی کە پێیدەڵێن فەرهەنگی ئیسلامی کوردی رۆژهەڵاتی، بپشکنین. نەک هەر ئەوە ئێستاش میللەتی کورد ئەوەی کە پێیدەڵێ (زارگوتی) یان (فۆلکلۆری شەفەوی)، خۆی کۆینەکردۆتەوە، ئێمە بەدوای خۆماندا نەگەڕاوین و خۆمان نەخوێندۆتەوە.

رەنگە ئێستا تۆ لەو کوردستانە گەورەو گرانە بگەڕێ هەر بۆ پێکەوەنانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی هەموو شێوازەکان، رەنگە زمانی کوردی- ناڵێم زمانی عەرەبی زۆر دەوڵەمەند نیە- بەڵام رەنگە لە زمانی عەرەبی دەوڵەمەندتر بێت. ئێمە نەک هەر نەگەڕاوین بزانین چیمان کردووە لە مەیدانی فەرهەنگێکی نوسراوەی سەرکاغەز، بگرە نەگەراوین بزانین ئەوەی لەسەر زاری خەڵکەکە چی هەیە. دەبێ ئەوەش بزانین هەموو رۆشنبیرێک مەحکومە بە هەلومەرجی مێژوویی خۆی. قەت مومکین نیە تۆ بێی داوای ئەوە بکەی مەلای جەزیری بێ باسی کۆمپیوتەرت بۆ بکات، گوایە دەڵێن ئەحمەدی خانی لە مارکس مارکسی تر بووەو گوایە باسی مارکسیەتی کردووە، یان ئەوەتا چۆن دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەیت فەقێ تەیران بێت باسی چونەسەر مانگت بۆ بکا.

هەر ڕۆشنبیرە، بە زروفی خۆی و بە هەلومەرج و بارودۆخی مێژوویی خۆی مەحکومە. کورد لەو شارستانییەتە گەورەیەی کە پێی دەڵێن شارستانییەتی رۆژهەڵات یان ئیسلام یان ئەوەتا شارستانییەتی وڵاتی (بين النهرين)، بەشدار، یان ئەوەتا خۆی پێی وایە بەشدارە، بەڵام رۆڵەکەی چەندە. ئێمە نەمانتوانیوە ئەمە دیاری بکەین و هەروەها بە تەواوەتی بزانین چیە. ئینجا مایەوە مەسەلەی دابڕان. هەیە هەر بە تەواوەتی دابڕاوە، بۆ نمونە یەکێکی وەکو (عەبدوڵڵا گۆران) بۆ خۆی هەر وەکو مەلاو فەقێ و ئەوانە خوێندویەتی، بەڵام لە بارودۆخێکدا وردە وردە تورکیشی زانیوە. (تۆفیق فیکرەت) و (سەلاحەدین عەلی) و (شەهابەدین) و ئەو شاعیرە تازانەی کە لەسەردەمی سامانی هونەر و رێکخستن و ...هتد لە دەوڵەتی عوسمانیدا پەیدا بوون، کاریگەرییان کردۆتە سەر یەکێکی وەکو (شێخ سەلام) و (نوری شێخ سالح) و (مامۆستا عەبدوڵڵا گۆران). ئەوانە بۆ خۆیان وردە وردە پێشکەوتون، بەڵام دانەبڕاون. (عەبدوڵڵا گۆران) کە شیعری گوتوە شیعرەکانی رەسەنایەتی کوردی و شتی تازەشی تێدایە، لەوەزن و سەروادا، وازی لە عروز هێنانەوەو هەندێ کێش و قافیەی کوردەوارانە، کە پێی دەڵێن هیجائیە و بە پەنجە دەیژمێردرێن، خستۆتە ناو.

(عەبدوڵڵا گۆران) نەهاتووە ئەو وشە و زاراوە سەیرو سەمەرانەی کە نالی و سالم و مەحوی و ئەوانە بەکاریان هێناوە، بەکاربێنێت کە زۆر مەرغوب بووە و عەرەبی و فارسی تێدایە. (عەبدوڵڵا گۆران) هاتووە وشەی ناسک و جوانی زمانی خەڵکی بەکارهێناوە و گوێشی نەداوەتە ئەوەی کە ئەوە زمانی لادێیان. واتا لەم روانگەیەوە سەیری زمانی کوردی نەکردووە. ئەدەب و شیعری چاک ئەوەیە نوخبە بێت، ئەوەش بۆ خۆی رایەکە. هی واش هەبووە دانەبڕاوە، ئەمانەش کەمن. هیواش هەیە دابڕانەکەی بە شێوەیەکە کە نەزمانی خۆی لە بیرماوە و نە مێژووی خۆی بە تەواوەتی دەزانێ و نە دانیش بەوەدادەنێ کە کورد بۆ خۆی هیچی هەبووە.

**** مەسعوود محەمەد:** سەبارەت بەوەی کە فەرهەنگی ئیسلامی لەناو کورددا بڵاوبووەوە راستە، تەنانەت من رایەکم هەیە و پێموایە، ئەو هەزاران فەقێ و مەلایەی کە بە درێژایی و پانایی کوردستاندا دەهاتن و دەچون، تاقە کۆڵەگەی بوونی نەتەوەیی بوون کە خەڵکەکەیان بە یەکدی دەناساند، ئەگینا (وان) نەیدەزانی (سنە) چیە، (کرمانشان) نەیدەزانی (دیار بەکر) چیەو کەس ئاگای لەکەس نەدەبوو. بەبێ ئەوەی فەقێ و

مەلا بیریان لەمە کردبێتەوە، پەیوەندی نێوان نەتەوەیان پاراستووە. راستە، وانەکانیان بە عەرەبی بووە، بەڵام بە کوردی قسەیان کردووە. ئەمە فەرهەنگە بەڵام دەبێ بزانین، لە ئەوروپا چەند سەدە پێشتر باروتیان دروست کرد. لە ئەوروپا (قەڵای فیودال)ێک لەگەڵ دیوەخانی ئاغایەکانی وڵاتی خۆمان، یان هی سەرۆک هۆزێک بەراورد بکە؛ قەڵای فیودالێکی ئەڵمانی پێش (٦٠٠) و (٧٠٠) ساڵ نموونەی هونەری سەردەمی خۆیەتی، ئێنجا خاوەنی قەڵاکە خۆی و باب و باپیری بە پارە تابلۆی هونەرییان بە نیگار کێشەکانی سەردەمیخۆیان دروستکردووە کە رەنگە هەر تابلۆیەک لەو تابلۆیانە ئێستا لە قیمەت نەیەت. لە وڵاتی ئێمە مەگەر لە دیوەخانی (بابەکری سەلیم ئاغا) منداڵ بە خەڵوز خیت خیتۆکەی لەسەر دیواری کردبێ، ئەگینا چیدیکە نەبووە، قەڵای چی و فیودالی چی.

ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەی ئاو هەیە، خۆ لە (٩٠%)ی ئاوەکە لە خاکی کوردستان هەڵدەقوڵێ کەچی کورد هیچ دەسەڵاتی قسەی نیە. مانای ئەوە نیە ئاوەکە هی من نیە، لای من هەڵدەقوڵێ، بەڵام خەڵکی دیکە تەراتێنی تێدا دەکا. ئێمە کە ئەو بێ باکیە دەکەین لەگەڵ خۆمان هەمووی سەهوە، ئەو دوو حزبە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ئەگەر لەگەڵ یەکدی رێک نەبن گوناهێکی گەورە دەکەن.

*** سەرۆ قادر: زۆرجار لە جەنابتمان گوێلێدەبێ باس دەکەی نەبونی کیانێک کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر کامڵ نەبونی فەرهەنگی و فکر لەناو میللەتی کوردا. زۆر جاریش نمونە بە ئازەربایجان دێنیەوە. دەکرێ ئەم فکرەمان جارێکی دیکە بۆ روون بکەیتەوە؟**

**** شکور مستەفا:** دروست بوونی دەوڵەت سەرەتای دروست بوون یان تەکامولی لە (٩٠%)ی رەنگ و رووی میللەتەکەیە. سەبارەت بە فکری دروستکردنی دەوڵەتێکی ناوەندیش، ئێمە وەکو فکر لە سەرەتای سەدەی (١٧)دا (ئەحمەدی خانی) هاوار دەکات: دەوڵەتێکی مەرکەزی کوردی هەبێت، داوا لەهەموو ئەمیرەکانی دەکات و هاوار دەکات. وەکو فکر، لای کەسایەتییەکان و لای خەڵکیش هەبووە. رەنگە ئەوەی لای خەڵکیش هەر لەلای کەسایەتییەکانەوە، واتا لە تاکەکانەوە دەست پێدەکات: پێغەمبەرێک هەیە، لینینێک هەیە، ناپلیۆنێک هەیە کە فکرە گەروەکان لای ئەوانەوە دەست پێدەکات. ئینجا ئاگایی نەتەوەیی کە بۆ خۆی سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتێکە. لێرەدا جیاوازییەک هەیە، مادامەکی بیری نەتەوەیی لەسەرەدەمی ئەحمەدی خانیەوە هەبێ ئەی بۆ ئەو دەوڵەتە ناوەندییە دروست نەبووە؟

وەکو فکر ئەحمەدی خانی هەستی بەوە کردووە کە دەبێ دەوڵەتێکی ناوەندی هەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە تا چەند ئەو فکرە لەناو مێشکی خەڵکدا رەنگی داوەتەوە و ئەو خەڵکە چەند دوای ئەو فکرە کەوتوون. راستییەک هەیە، خەڵکێک لە جیاتی ئەوەی دوای ئەو فیکرە بکەون دوای ئاغا و میرەکانی خۆیان کەوتوون. بۆ دروست نەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی زۆر هۆ هەیە کە یەکێک لەو هۆیانە ئەوەیە هێشتا کورد لە ئاستی پێویستدا نیە و ئابووری و کۆمەڵێکی گەشەنەسەندووی نیە. هۆکار زۆرە کە تۆ نەتوانی ئەو فکرە بکەیتە شتێکی پراکتیکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە حکوومەتێکی ناوەندی دروستیش نەبووە، رەنگ و رووی نەتەوەی کورد وردە وردە بۆ خۆی دروست بووە. ئەوەتا شیعری کوردی چاک پەیدا بووەو شانازی بە

کوردایەتی و زمانی کوردیەوە کردووە، بەم ئەو وشیارییە کوردیەی کە پەیدابووە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ببێتە حکوومەتێک.

بۆنمونە؛ خەڵکی ئازەربایجان لە بنەڕەتدا، تورک نین، میللەتێکن پێیان دەڵێن ئەغوان یان ئەلبان و کاتی خۆشی ناوەندی زەردەشتیەتیش بووە، بەڵام ئەوانە پاشان بەرتەخت و تاجی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی وردە وردە تواونەتەوە و بە تورکی قسەیان کردووە و تەنانەت سوڵتان سەلیمی عوسمانی کاغەز بە فارسی بۆ شا ئیسماعیلی سەفەوی دەنێرێ ئەویش بە تورکی وەڵامی دەداتەوە بۆئەوەی پێی بڵێ تۆ تورک نیت فارسی. ئەویش دەیگوت نەخێر مادام بە تورکی بۆم دەنووسی نەخێر هەر تورکی. سەیر لەوەدایە ئازەربایجانی لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا وەکو تورک هەر بە هیچ شێوەیەک وشیاری نەتەوەییان تێدا بەدینەکراوە. بۆ نموونە ئێمەی کورد پێش ٦٠ — ٧٠ ساڵ وشیاری نەتەوەییمان چۆن بووە، ئەوانیش ئاوها بوونە. بەڵام شەڕی جیهانی یەکەم دێ و وردە وردە شتێک دەکەوێتە مێشکیانەوە کە گوایە تورکن و دوایی سۆڤیەت دێ زیاتر مەسەلەکە قووڵ دەکاتەوە، کار گەیشتە رادەیەک ئەو ئازربایجانیانە لەکاتێکدا، ئێمە پێمان دەگوتن عەجەم-ئەوی بە تورکی قسەی دەکرد پێی دەگوترا عەجەم — ئێستا ئەوەندەیان ئاسەوار دۆزیوەتەوە کە مێژوویان دەبەنەوە سەر ٦ — ٧ هەزار ساڵ لەمەوپێش، ئەدەبیاتیان هەیە، شیعریان هەیە. مەبەستم ئەوەی مەرج نیە ئێمە هەموو ئەو شتانەی کە باسیان لێوە دەکەین هی ١٠٠% خۆمان بێ با تۆزێکیشی پێوەنێین. میللەتەکانی دیکەش هەروا دروست بوونە. من ١٠ شتم هەیە بە ١٥ شت باسی دەکەم کەچی دەبێ ئەگەر بڵێم ئەوەش هی کوردە. هەموو دنیا خۆی خۆی دروست کردووە، قەیدی چ دەکا ئەگەر من لە پاڵ ١٠ شتی راستدا دوو درۆش بکەم، چونکە هەر بەدرۆیە کە دەڵێن کورد نیەو دەڵێن هەمووی تورکن.

**** مەسعوود محەمەد:** (بەتوانجەوە) قەیدی چیە ئەگەر لە پێناو راستیدا ١٠ درۆیانیش بکەی، هەقی ئەوەت هەیە.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە، بەتایبەتی کە بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان زۆرپەرەی سەندووە، زۆربەی بڵاوکراوەو کتێب و ناوەندە فەرهەنگیەکان و بەشی هەرەزۆری ئەوەی کە هەیە دیارە لەناو بزووتنەوەی سیاسی پەرەی سەندووە چونکە بەو مەفهومەی یان بەو شێوەی کە مامۆستا شکوریش باسی کرد، ئێمە کیانێکمان نەبووە، حکوومەتێکمان نەبووە تاوەکو پەرە بەکاری فەرهەنگی بدا. لەوەوە جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان رۆشنبیران و بزووتنەوەی سیاسی دروست بوو. پێتوایە ئەم پەیوەندییە چەند ئاسایی بووە و چەندیش وەکو ئەمڕۆ بزووتنەوەی سیاسی کە لە وانەیە تاڕادەیەک رۆشنبیرانی کوردستانی پشتگوێ خستبێ، پشت گوێی خستوون؟**

**** مەسعوود محەمەد:** بە قەناعەتی من ئەو دەمەی کە لە بیستەکان رۆشنبیر بە مەفهومی نوێ پەیدا بوو واتا ئەو رۆشنبیرانە لە ئاستی بزووتنەوەی سیاسی ئەوسا — سەردەمی شێخ مەحمود -. دەرۆیشتن. واتا ئەوان لە رووی فیکرییەوە لە کردەوەی شێخ مەحموود. کەمتر نەبوون. ئەمە بووە هۆی ئەوەی حوکمدارییەک لە سولەیمانی پەیدابێ، دوایی ئەو حوکمدارییە بەسەر چوو و پێ بە پێ حکوومەتی عێراق دەسەڵاتی

پەیدابووە، قوتابخانە کرانەوە، ڕێگا و بان پەیدا بوون، ڕۆژنامەنووسی و گەلێک شتی دیکە پەیدا بوون. ئەوە گەیشتە رادەیەک کە حزبی کوردی دەستیان بەکار کرد. هەر چەندە لەسەرەتادا نەختێ شل و شۆق بوون، بەڵام دوایی جێپێی خۆیان قایم کرد. لە پاش (١٤)ی تەمموز، حزبایەتی لە عێراق، بەتایبەتی لە ناو کوردستانی عێراقدا گەشەی سەند. یەکێک لەو حزبانە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە هەر کوردی بوو، واتا نەتەوەیی بوو، لەگەڵ ئەوەی کە گەلێک لە سەرکردەکانی حەزیان لە مارکسیەت بوو.

بەشی زۆری کوردەکەش کە لە حزبی شیوعی عێراقی دا بوو، ئەویش هەر بووبوە شیوعی، واتا کوردەکە ببووە دوو بەش؛ بەشێکی بوو بە نەتەوەیی، بەشەکەی دیکەشی بووە شیوعی. شیوعیەکە لەگەڵ شیوعیەتی جیهانیدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەویش لەگەڵ کوردایەتیەکەدا کاری دەکرد. من ناڵێم ئەو حزبە بە تەواوی لەگەڵ پێداویستی ئەو واقیعەی تێیدا دەژیا، هەوڵیدەدا، ئەوە ناڵێم، چونکە دەزانم بەپێی قەناعەتی خۆم، دەتوانم بڵێم هەموئۆپۆزیسیۆنی پێش (١٤) تەمموز. لەو ڕێبازەیدا کە بەتەمای پیادەکردنی بوو، بە هەڵەداچوو بوون، چونکە هیچی پیادە نەکرا، هیچی سەرنەکەوت، بە گەشەنەسەندوویی مایەوەو پاشەکشەی کرد.کاتێک (عەبدولکەریم قاسم) هات وردە وردە ئەو شتانە بەسەر چوو. دوای حیزبی بەعس هات کەسی نەهێشت و عێراقەکەی کردە ئەم عێراقەی کە ئێستا دەبینی.

سەلاح بەدرەدین (بە تەلەفۆن): هیوادارم شتێک دیاریبکرێت ئەویس پرسی فەرهەنگییە، چونکە ڕۆشنبیری پرسێکی نەتەوەییە، نە پرسێکی سیاسی و نە حکومیشە لەبەر ئەوە من پێم سەیر بوو هەردوو مامۆستای گەورە دیارە هەر لە نێوان هەولێر و سولەیمانی دێن و دەچن. پێویستە گۆڕەپانەکە تۆزێک فراوانتر بکەن. واتا بەو شێوەیەی کە فەرهەنگ مەسەلەیەکی نەتەوەییە، پێویستە روبانەک دیاری بکرێ لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان، واتا مەسەلەی فەرهەنگی ئەمڕۆ چیە؟ لە چ بوار و لە چ قۆناغێک دایە؟ پرسیارێکی دیکەی من ئەوەیە، بەرای ئەم دوو مامۆستا گەورەیە، ئایا ئەمڕۆ فەرهەنگی کورد هەیە یان نا؟ ئەگەر هەبێ ئەوا لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردایەتیدا ڕۆڵیان چیە؟

پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە کەوا دیارە بە نسبەت بیروباوەڕ یان فیکری نەتەوەیی ئێمە هەمووما‌ن دەزانین ئەمڕۆ لە تەڤگەریی سیاسی کوردیدا ئاستەنگیەک هەیە، ئایا ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد چیە؟

*** سەرۆ قادر: مامۆستا مەسعود، کاک سەلاح بەدرەدین پێی وایە کە تێڕوانینی جەنابت و مامۆستا شکور پتر پەیوەندی بە کرودستانی عێراق و بە مێژووی فەرهەنگیەوە هەبووە لە کوردستانی عێراق، مامۆستا سەلاح بەدرەدین گلەیی ئەوەتان لێ دەکا و دەڵێ تێڕوانین و بیروباوەڕەکانتان هەموو کوردستانی نەگرتەوە، مەبەستی کوردەکانی سوریا و تورکیا و کوردەکانی ئێران و ...هتدە.**

**** مەسعوود محەمەد:** قسەکان ئەوەی دەخواست ئێمە نەهاتینە سەر ئێران و سەر کوردی تورکیاو مەسەلەی ناکۆکی نێوان ئەو دیو ئەو دیو، لە نێوان ئێرەو لە نێوان ئۆجەلان و ئەو شتانە...

*** سەرۆ قادر: هەروەها مامۆستا سەلاح بەدرەدین پێی وایە لەو لێکۆڵینەوە مێژووییەی کە لەسەر مێژووی فەرهەنگ و مێژووی ڕۆشنبیری کوردی بە تێکڕا کرا، ئێوە تەنیا لەچوارچێوەی کوردستانی عێراقدا مانەوە.**

**** مەسعوود محەمەد:** لە راستیشدا هەر وابوو.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا شکور جەنابت دەڵێی چی؟**

**** شکور مستەفا:** قسەکەی راستەو زۆر مەمنونی کاک سەلاّح بەدرەدینم کە ئەوەی وەبیرهێنایەنەوە. فەرهەنگی کوردستانی عێراق، بەشێکە لە فەرهەنگی تێکڕای کوردستان، بەلاّم ئەو کەوشەن و سنورە درۆزنە زاڵمانەی کە لە نێوان پارچەکانی هەموو کوردستاندا دروستکراوە، وایلێکردووین جار و بارە گوێمان لە دەنگی یەکدی نەبێ. من زۆرم پێخۆشبوو لە قامیشلیەوە گوێم لە دەنگی کاک (سەلاّح بەدرەدین) بوایە کە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردباین، بەداخەوە...

*** سەرۆ قادر: واتا پارچە پارچە بوون وایکردووە کە ئێمە ئاگامان لەحاڵی یەکدی نەبێت؟**

**** شکور مستەفا:** بەڵێ ئەوە هۆکارێکی گەورەیە، بەلاّم پێم وایە هەموو کوردێکی خوێندەوار و رۆشنبیر لە هەر جێگایەک بێ ئەمرۆ کار بە رادەیەک گەیشتووە پێم وایە هەموو هەست بە لێدانی دڵی یەکدی دەکەین. هەست بەوە دەکەین کە خەڵکی یەک کوردستانین، کوردستانێک هەیە تەنیا ماوەتەوە ئەو سنوورە جوگرافیەی کە هەیە.

*** سەرۆ قادر: دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکانی مامۆستا (سەلاّح). مامۆستا پرسیاری دووەمی مامۆستا سەلاّح بەدرەدین ئەوەبوو کە لە ڕوانگەی جەنابتەوە ڕۆشنبیر لەمڕۆی کوردستاندا کێیەو چ ئەرکێکی بە ئەستۆوەیە؟**

**** مەسعوود محەمەد:** پێی ناوێ من بێم پێناسەی رۆشنبیری بکەم، هەموو کەسێک کە شێت نەبێ و دەمارگیر نەبێ و ئەخلاقێکی رێکوپێکی هەبێ و ئینسافێکی هەبێ و.. ئەوە ڕۆشنبیرە.

*** سەرۆ قادر: ئەرکی چییە؟**

**** مەسعوود محەمەد:** زۆر بەداخەوە، ئەرکەکەی بۆ خۆی ناتوانێ بیکا بەشتێکی کارا، شتێکی ئیشگوزار، واقیع بگۆڕێ. ئەو هەر ئەوەندەی پێیدەکرێ بڵێ خراپە مەکەو چاکە بکە. ئەوەی بە چاکی دەزانێ هەر ئەوەندەی پێدەکرێ دەریببڕێ، پێیناکرێ خەڵکەکە بە کردنی کارێک ناچار بکات. ناتوانێ ملی ئەو خەڵکە بگرێ و بڵێ ئەوە بکەن ئەوە مەکەن. تەنیا ئەوەندی پێ دەکرێ رای خۆی دەربڕێ. ئەگەر رایەکی شاردەوە ترسنۆکە، یان یاخود دەتوانین بڵێین بەخیلە. ئەوەی رای خۆی دەردەبڕێ مانای ئەوەیە ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە. چونکە ئەگەر هات و ئەو رۆشنبیرانە بە کۆبوونەوەیی قسەیانکرد دەبنەوە حزب، ئەوەش نابێ.

*** سەرۆ قادر: بێگومان.**

**** مەسعوود محەمەد:** واتا ئەگەر نەبنە حزب، خراپ دەکەن، مادام لێیان داوا دەکەین یەکدی بگرن.

*** سەرۆ قادر: واتا حزبمان لێیان دەوێ!**

**** مەسعوود محەمەد:** وای لێدێ ئەدی، چونکە ئەوە دەردەچێ...

*** سەرۆ قادر: مامۆستا شکور ئەگەر ئەو پرسیارە ئاراستەی جەنابت بکەین.**

**** شکور مستەفا:** من رەنگە وەکو مامۆستایەک تەعریفی رۆشنبیر بکەم.

فەرهەنگ سێكوچكەیەكە بۆ هەموو میللەتێك لە هەموو قۆناغێكی مێژوودا كە بریتیە لە فەلسەفەو زانست و هونەر. واتا فەرهەنگ لەو سێكوچكەیە ناچێتە دەر، ئەمەیانم وەكو بنەمایەك هێنایەوە. ئەوجا چۆنی پێناسە بكەین، هەر مرۆڤێك بتوانێ پێداویستیەكانی قۆناغە مێژووییەكەی خۆی، واتا ئەو سەردەمەی كە تێیدا دەژی، بە زمان یان بەشكڵی هونەر جوانەكان یان بەهەر شتێك كە گوزارشت لە پێداویستی هەنوكەیی و جەوهەری راستەقینەی قۆناغەكەی خۆی بكات، دەرببڕێ، بتوانێ بە شێوەیەكی فەلسەفی، زانستی و هونەرییانە وەڵامی پێشهاتە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان بداتەوە، ئەوا بەمە دەڵێن فەرهەنگ و بەكەسەكەش دەڵێن رۆشنبیر.

*** سەرۆ قادر: ئەركی چیە؟**

**** شكور مستەفا:** بەنسبەت میللەتی كوردەوە، جگە لە میحوەرێكی بنەڕەتی كە ئەویش رزگاری نەتەوەیی و رزگاربوونی نیشتمانیە، بەلای منەوە هیچ شتێكی دیكەی نیە.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا پێتوایە پێش پەیدابوونی ئایینی ئیسلام كورد، هیچ فەرهەنگێكی هەبوبێت؟**

**** مەسعوود محەمەد:** وەكو میللەتێك، ئەو فەرهەنگەی كە لەناو میللەتێكی پێش ئیسلامدا هەبووە، لە ناو كورددا نەبووە. هۆیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە كورد پێش ئیسلام دەوڵەتی نەبوو، ژێردەستی ساسانیەكان بوو. ئەڵبەتە میللەتێكی ژێر دەستەی میللەتێكی گەورەتر، مومكین نیە بچێتە ریزی لە خۆگەورەترەكە.

بەلای كەمەوە ساسانیەكان (٥٠) ناوەندی شارستانی فەرهەنگی — سەربازییان هەبوو كە كوردەكە زۆر زۆر بەداخەوە، لەوانە زۆر زۆر داتەكابوەوە. ژێر دەستەی دەسەڵاتێكی زۆر دڵڕەق بوو. تەنانەت دەسەڵاتدارەكانیان شەوی بوكێنی كوردەكانیان بۆ خۆیان دانابوو، ئایین و دنیا لەدەست ساسانیەكان بوو. بەڵام عەرەبەكان هاتن و تێكیاندا. سەد جار (الحمدالله) كە تێكیاندا. بەم پێیە ساسانیەكان خۆشیان بوونە ژێر دەستەو كوردەكە حەسایەوە.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا (شكور) سەبارەت بە هەمان بابەت. مامۆستا (مەسعوود محەمەد) تاوتوێی ئەو بابەتەی كرد كە پێش ئیسلام، كورد نەكیانی هەبووەو نە فەرهەنگ، وەك من تێی گەیشتم مەبەستیشی ئەوە بوو كە ئێمە شتێكی بەجێماوی ئەوتۆمان لەو كاتەوە نیە كە بتوانین ئەمڕۆ لەسەری بوەستین.**

**** شكور مستەفا:** تەنیا ئەوەندە دەڵێم، لە حەقیقەتدا بۆ تەفسیری مێژووی میللەتێك، ئێمە دوو رێگەمان لە پێشە؛ یان تیۆری مادی مێژوو كە كۆمەڵگا لە قۆناغی جۆراوجۆر گەشە دەستێنێ و لەچیەوە بۆچی ئەوە ئاشكرایە. رێگایەكی دیكە هەیە، ئەویش تەفسیری مێژووی میللەتان لەسەر بنەمای پەیدا بوونی ئامێرەكانی بەرهەم هێنان لە عەقڵی چاخی بەردەوە كە دوایی دەگاتە چاخی مس و ئاسن و.. هتد، كە كۆمەڵگاكان پێی پێشدەكەون، بە هەردوو رێگاكە میللەتێك هەبووە ناوی كورد بووە جا ناوەكەی كورد بووە یان بە قەردابووە، قاردابووە، گوتێ بووە، لۆ لۆبووە یان لۆبی بووە.. ئەوەیان گرنگ نییە. تەنانەت قسە لەوەش هەیە كە لە زەمانی (تۆفانی نوح)دا كە كەشتیەكەی (نوح) لەسەر چیای ئارارات، چیای گۆتی، چیای گۆتۆ، هەر دیارە وڵاتی كوردبووە دەگەنە ئەوێ كەشتیەكەدەنیشێتەوە، وڵاتێكی لێ بووە، مەلیكێكی لێ

بووه، تەوراتیش باسی دەکا کە گوایە پاشاکەیان ناوی کوردۆین بووە و بە زمانێکیش قسەیان دەکرد نە فارسی بوو نە عەرەبی. پێشینە زۆرن بۆ ئەوەی کە بڵێین کورد هەبووەو دوایین شت ئەوەیە: ئایا کورد مێدیەکانن، مادەکانن یان پێش ئەوەی مادەکان بێن کورد هەبوون. لە (زامبوا) کە لە شارەزوورەوە دەست پێدەکا گەرمیان وکەرکوک و.. یا مەنتیقەی زاگرۆس، زاگرۆس یەعنی پشت گۆرانەکان، وەکو زاکابکاس یەعنی پشت قابکاس(گۆ) یەعنی گۆران کورد پێیان دەڵێن گۆران تەعبیرەکە لەوەوە هاتووە، ئەو میللەتانە ناویان هەن. (مینورسکی) رەئی وایە پێش ئەوەی مادەکان بێن، دوو میللەت هەبوون لە کوردستاندا، بەتایبەتی کوردستانی باکوور. ئەو دوو میللەتە زمانیان زۆر لە یەکدییەوە نزیک بووە هەروەک ئەمرۆ چۆن (بادینان) و (سۆران) زمانەکەمان کرمانجیە. دەڵێ ئەو دوومیللەتە کورد بوون زمانەکانیان لەیەکەوە نزیک بوون. ئەوە قسەکەی وادەگەیەنێ پێش ئەوەی مادەکان بێن، وجودیان هەبووە. رەنگە کورد لە مادیش کەوتبێتەوە و کوردیش بووبن بەماد. ماوەی ئەو (١٨٠) ساڵە کە حوکمیان کردووە تێکەڵیەک بووبێ. بەڵام دەمەوێ یەک شت بڵێم، قوربان ئێمە توانیومانە بەدوای میللەتەکەماندا بگەڕێین و ئاساری میللەتەکەمان کە هی (٢-٣) هەزار ساڵ لەمەوپێشن لەشاری (کەرکوک)، (سولەیمانی)، (کۆیە)، (هەولێر) بدۆزینەوە، بەڵام نەمانوێراوە باسی ئەوە بکەین کە ئەوە هی کوردە. هەر یەک لە وڵاتە داگیرکەرەکان، کردوویانن بەموڵکی خۆیان.

*** سەرۆ قادر: ئەگەر بەشی خۆمانی لێ جیاکەینەوە کارێکی سەختە.**

**** شکور مستەفا:** کۆسپ و لەمپەر یەکجار زۆرە. فەرموو دەرفەتێکم بۆ دروست کە بە هەموو کوردستانی گەورە، بەدوای شوێنەوار دا بگەڕێین. ئەوە چەند ملیاری دەوێ، چەند کاری دەوێ، چەند پسپۆڕی دەوێ! ئەوە چۆن ئەو کارە بکەین تابیسەلمێنین کەوا کورد پێش دەهەزار ساڵ بوونی هەبووە تۆ دەبێ بە دەلیلی مادی بیسەلمێنی خۆ بەوە نابێ، کابرا بێ کتێبێکی نووسیوە رەنگە خۆ کارێکی چاکە بڵێ لە ساڵی ئەوەندە هەزار یا دەهەزار ساڵ لەمەوبەر لە فلان ناوچە ئاوا ژنیان دێناو ئاوایان دەکردو.. ئەوەش بۆ خۆی دەلیلێکە، بەڵام جارێ ئەو دەلیلە چەند راستە؟

مێژوو و کاری مێژووی کۆمەڵێ یاساو رێسای هەیە. من پرسیارێکی دیە دەکەم ئەی (یۆنان) لە زەمانی (سوقرات) و ئەوانە پێش هەموو دنیا نەکەوتبوون! ئەدی بۆ ئەمرۆ هیچ نین! (یونان) لەچاو فەرەنسا و ئیتاڵیاو وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان هەر وجودی نیە. کەوابوو بۆ گەیشتن بە راستییەکان زۆرمان پێدەوێ، پێویستیمان بە سەروەت و کیانی سیاسی و دەوڵەتە. پێموایە مەسەلە مەسەلەی ئیمکانیاتەو ئەوەیە ئێمەدەکرێ بێین بگەڕێین خۆمان ساغ بکەینەوە. خۆ بەقسە نابێ، وەڵڵا من زۆرم پێخۆشە، بەڵام عەجەبا ئەمە بەقسە دەکرێ؟

**** مەسعوود محەمەد:** بەقسە ئاسانە.

**** شکور مستەفا:** بەڵێ شت بەقسە ئاسانە.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا (مەسعوود محەمەد) خەڵکێک قسە یان نووسینەکانت وا تەفسیر دەکا کە گوایە ئەو کەسانەی کە تۆ بۆیان دەنووسی، لەوانەیە زیاتر کاربەدەستان و دەست رۆیشتوان بن، تا چەند جەنابت لەگەڵ ئەوە دای؟ ئایا لەکاری رۆشنبیریدا رووی قسەت لەخەڵکی عامەیە! یان خەڵکی تایبەتی و نوخبەیە؟**

**** مەسعوود محەمەد:** نوخبەو موخبە لەگۆڕێ نیە، من لە پێناو قەناعەتی خۆم دەستم لە هەموو دنیا بەرداوە سەرانی چەندین دەوڵەتی ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو لەوانە جەمال عەبدولناسر و شای ئێران بانگهێشتیان کردوومە و نەچووم، سەرەڕای ئەوەی کە نانیشم نەبووە.

ئەوەی دەیڵێم بۆئەو حەقیقەتە موتڵەقەی لای خۆمەو بۆ هیچ کەسێکی دیاریکراو نیە. بۆ حەقیقەتە بۆ ئەو کەسانەی کە تێدەگەن، کە تێناگەن بڵێم چی! کە گوێی نادەنێ بڵێم چی. من پێش خەڵکەکە زانیم ستالین تاوانبارە، کە دەیان پەرست بڵێم چی. هەزار هەزار جنێوم بۆ هاتووە.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا شکور ئەگەر هەمان پرسیار لە جەنابت بکەین، جەنابت لە نووسین و لەکاری رۆشنبیری دا پتر چاوت لێیە کار لەکام بەشی کۆمەڵی کوردی بکەی؟ رووی قسەت لەکێیە؟**

**** شکورمستەفا:** حەز دەکەم هەموو کەس لێم تێبگا. مەسەلە مەسەلەی هونەرە لە نووسیندا. تۆ ئەگەر هونەرمەندی چاک بی، هەموو کەسێ تێت دەگا. ئەگەر خوێندەواری چاک بی، دەڵێ نازانم ئەگەر تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێ بە کلکی کەرێش دەیڕێسێ! قوربان مەسەلە تەشی ڕێسیە. تۆ ئەگەر تەشی ڕێسی چاک بی، پێم وایە هەموو کەسێ تێت دەگا.

*** سەرۆ قادر: چ شتێک ماوە کە بوارمان نەدابێ یان پێتان وایە دەبێ بگوترێ؟**

**** مەسعوود محەمەد:** قسە گەلەک زۆرن ڕەنگە لەو دانیشتنە ناو ناوە رایێکمان دەربڕیبێ و پێمان وایە ئەو ڕەئیە لەو دەمەی مەعقول بووە، بەڵام دوایی چووینەتە سەر ڕایەکی دیکە ڕەنگە لەم دانیشتنەماندا تووشی شتی واش بووبین.

*** سەرۆ قادر: مامۆستا شکور، ئەگەرجەنابت شتێکت هەبێ.**

**** شکور مستەفا:** من هەر ئەوەندە دەڵێم؛ ئەو قسانەی ئێمە یان غەیری ئێمە، بە هەموو ئیحترامێکمەوە، بۆ تەواوی خوتەباو مەلاو مامۆستایانی ئیسلام کە هەزار و چوارسەد و قسور ساڵە خوتبە دەخوێننەوە بۆ موسڵمانان، ئینشاللە ئەو خوتبانە کاریان تێدەکا بۆ ئەوانەی نوێژیان لە پشتەوە دەکەن و گوێ لە خوتبەکانیان دەگرن، بەڵام وا دەردەکەوێ هێشتا هەر خەڵک پیاوخراپی دەکا، لەگەڵ ئەوەی هەموو جومعانیش دەچێتە نوێژەی جومعەو گوێ لە خوتبەش دەگرێ و...

ئینشاللە خەڵک تۆزی زیاتر گوێ لە قسەکانی ئێمە دەگرێ و واش نەزانن ئێمەش هەموو شتێکین ئێمەش وەک مامۆستا مەسعود گوتی وەکو ئەو خەڵکەین. من خۆم مامۆستام و حەز دەکەم رۆژ تا ئێوارە وەختم هەبوایە بچوبام دەرسم بە منالی کورد گوتبایەوە.

*** سەرۆ قادر: وێڕای سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان مامۆستا (مەسعوود محەمەد) نووسەرو خاوەن فکری ناسراو و ئەدیب و خاوەن فکری ناسراوی میللەتەکەمان مامۆستا (شکور مستەفا)، مەبەست لەو دانیشتنە ئەوە بوو کە جارێکی دیکە لە ڕێی دوو لە مامۆستا گەورەکانی ناو فەرهەنگی کوردی باسێک لە هەندێ لە**

پرسە گرنگەکانی رۆشنبیری کوردی بکەین کە ئەمڕۆ لە قۆناغی بەرەودروستکردنی کیان و بەرەو دروستکردنی ماڵی کوردی بە شێوەیەکی سەربەخۆو بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە کورد خۆی ژیانی خۆی بەڕێوەبەرێ لە هەموو روویەکەوە. لە رووی ئیداری، ئابوری و فەرهەنگی کە لە بورە هەرە گرنگەکانی ژیانی هەر میللەتێکن. مەبەستمان بوو هەندێک لەو پرسانە باس بکەین و ئەم باسانە باسی موتڵەق نین، تەنها بیروڕای دوو لە رۆشنبیرانی گەورەی وڵاتەکەمانن و ئەمە دەردەخات کە رۆشنبیرانی ئەم وڵاتە چەند کاریگەرییەتیان بەسەر بەردەوام بوونی ژیانی بەشێوەیەکی ئاسایی و هەوڵدان بۆ گەیشتنی میللەتەکەمان بەشەمەندەفەری پێشکەوتن لە مرۆی دنیادا هەیە.

**** مەسعوود محەمەد:** هەرچی گوتراو هەرچی دەگوترێ هەمووی ناکا تۆزقاڵێک لەو حەقیقەتەی کە کورد دەبێ بەر لە هەموو شتێک کیانێک بۆ خۆی دروست بکا، چونکە بەبێ کیان هیچ ناکرێ.

شکور مستەفا:

سنورێک لە نێوان ئازادی و بەڕەڵڵاییدا هەیە

*** سەرۆ قادر: مامۆستا، چەند رۆژێکی دیکە (نیسانی ١٩٩٨) جەژنی (١٠٠) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستان دەست پێدەکات، جەنابت یەکێ لە نوسەر و رۆژنامەنووسە بەناووبانگەکانی ئەم وڵاتەی، رۆڵی بنیاتنەری رۆژنامەنووسی کوردی و رۆڵی خانەوادەی بەدرخانیەکان لەمێژووی فەرهەنگی کورددا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**** شکور مستەفا:** من خۆم زۆر بەکاری رۆژنامەنووسییەوە خەریک نەکردووە، بەڵا پارساڵ کتێبێکم دەست کەوت بەناوی **بەدرخانیە زیرەک وتاریەکان و چەند بەڵگەیەکی کۆبوونەوەکانی یەکەم کۆمەڵەی خانەوادەگی و خێزانیی بەدرخانیەکان لە ئەستەمبوڵ**. ئەو کتێبە بەنرخە هی کاک (محەمەد سەیفون)ە کە بە نازناوی (مارلیسانی) زۆر دەنوسێ، بۆ خۆی کوردی زازایە، بە کرمانجی سەرو دەنوسێ.

لەم کتێبەدا نزیکەی (٤٤) بەدرخانی هاتوونە نێو چالاکی و کاری رۆژنامەگەرییەوە، ئەوانە لە هەموو مەیدانەکانی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی، لە ئەدەبیات، لە رۆژنامەنووسی و سیاسەت و زۆر شتی دیکەدا رۆڵی گەورەیان گێڕاو. ئەوەی کە دەتوانم لە سەرووی هەموویاندا نێوی بێنم (مەدحەت بەدرخان)ە کە سەرپەرشتی رۆژنامەی کوردستانی کردووە، پتر لە قاهیرە ئەو رۆژنامەیەی دەرهێناوەو ماوەیەکیش بە سویسرا، دوای ئەو، حەمەد ئەمین بەدرخان، ساڵح بەدرخان و کامیل بەدرخان و کۆمەڵێک ناوی دیکە دێن کە هەرهەموویان لەکاری رۆژنامەنووسیدا زۆر ئاشکران.

ئەو کۆشش و چالاکیە رۆژنامەنووسییە لەسەرەتای (١٩٠٨)ەوە دەستی پێکردووە، هەر ئەو برادەرە (محەمەد سەیفون) کتێبێکی لەبارەی رۆژنامەنووسی کوردیەوە لە چاپ داوە لە ساڵی (١٩٠٨) ەوە تا (١٩٨٤)ە وا بزانم بەرەسم و ناونیشان و سەردێڕ و بابەت و زۆر شتی دیکەوە ئەو رۆژنامانەی کە لەو ماوەیەدا دەرچوون، هەمووی لە کتێبێکدا بڵاو کردۆتەوە بە تورکی. ئەوە بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە کە کورد لە مێژە خەریکی رۆژنامەنووسیە، بەڵام بەداخەوە زمانی رۆژنامەنووسی لەم ماوەیەدا بە زۆری بەزمانی تورکی بووە، خوێندەواری کورد ئەو وەختە هەر بەتورکی خوێندوویانە. لە پاشان وردە وردە بە کرمانجی سەروو بە سۆرانی خۆشمان شت لە کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە. جا لەو کتێبەدا کە تەرجەمەم کردووە نمونەی زۆری تێدایە و دەبینین لە رۆژنامەی کوردیدا زۆرشت سەبارەت بە دەوڵەت، مافی مرۆڤ، ئەدەبیات، زمان، هونەر و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە، بڵاوکراوەتەوە.

*** ئەم خانەوادەیە لەسەرەتادا سەرکردایەتی بەکردەوەی بەشێک لە شۆڕشی کوردیان دەکرد و دوای لە ژێر بارودۆخێکی دیاریکراودا گواستیانەوە بۆ بواری رۆژنامەنووسی و فەرهەنگی، واتا خانەوادەی بەدرخانیەکان راستە هەتا سەر لەناو بزوتنەوەی سیاسی ئەوکاتەدا نەمان، بەڵام لەناو بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردستاندا**

تا دواکەسی خێزانیان بۆ کورد و رۆشنبیری کوردی رۆڵی پێشەنگیان بینی. تۆ لەم رووەوە چۆن رۆڵی ئەوخێزانە هەڵدەسەنگێنی، نەک وەکو خێزان، بەڵکو ئەم کۆمەڵە کەسەی کە بە تێکرا لە بواری سیاسەتەوە گواستیانەوە بۆ سەرکردایەتی رۆشنبیری کوردی، بەڵام لە مەدارێکی دیاریکراودا؟

** ئەوە بۆ خۆی شتێکی زۆر سروشتیە، چونکە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین لە هەزار و هەشت سەد و چل و ئەوانەوە بەدرخان دەوڵەتێکی دروست کردووە. ئەو دەوڵەتەش قەڵەمڕەوی گەیشتۆتە نزیک رەواندز. دەوڵەتەکەی پاشای کۆرە لەلای دیکەڕا تا ورمێ چۆوە و تا رۆژئاوای دیاربەکر فرەوان بووە. ئەم دەوڵەتە، لەباری سیاسیەوە بۆ خۆی لەو سەردەمەدا شتێکی گەورەیە بۆ میللەتی کورد. ئاشکرایە کە بەدرخانیەکان جگە لە مەیدانی رۆژنامەگنووسی لەبواری دیکەشدا کاریان کردووە و سەرکەوتووش بوونە. بۆ نموونە سێ چوارێکیان لە میسر گیرساونەتەوە، ئەحمەد بەدرخان یەکێک بووە لەوانەی کە چەندین فیلمی سینەمایی دەرهێناوە، لەیلا بەدرخان نمونەی هونەرکاری هونەرمەندێکی کوردە کە توانیوەتی ببێتە سەرۆکی بالییەی ئەڵمانیا.

*** مامۆستا هەر لەبواری رۆژنامەنووسی کوردیدا، ئەمڕۆ تەکنیک و ئەو جۆرە پێوەندییە گشتیانەی کە بەسەر دنیادا زاڵن و ئەوەی کە پێی دەگوترێت جیهانگەرایی بوارێکی یەکجار زۆر فراوانی بۆ کاری رۆژنامەوانی خوڵقاندووە. جاران تا بەر لە (١٠) ساڵ پتر لە بواری ئەدەب و فەرهەنگ و هەندێ جار بواری دیکەی زانستی زاڵ بوون، بەڵام دنیای ئێستا پتر هانی رۆژنامەنووس دەدات و رۆژنامەنووسی بۆتە مۆدی ئەمڕۆ و پتر لە هەموو شتێکی دیکە کاریگەرییەتی بەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە هەیە. پێتوایە لە کوردستاندا رۆژنامەنووسی بە مانای هاوچەرخی ئەمڕۆ، هەبێ و ئایا تۆ لە کوردستاندا هەست بە بوونی رۆژنامەنووس دەکەی؟.**

** بۆ خۆی رۆژنامەنووسی بە مانا سیاسیەکەی دەسەڵاتی چوارەمە. لە رووی سیاسیەوە رۆڵێکی گەورە دەبینێ. ئەگەر ئامانجی رۆژنامەنووسیش گەیاندنی حەقیقەت بێ بە هەموو ئینسانێک لە ئاستێکی ئاسان و سانا و بێ گرێ و گۆڵدا، بێگومان ئەوکاتە رۆژنامەنووسی رۆڵی خۆی دەبینێ. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئایا لە کوردستاندا رۆژنامەنووسی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لێی چاوەڕێ دەکرێ، ئەوا من پێموایە رۆژنامەنووسی یان هەر شتێکی دیکەی شارستانیانەی ئەم سەردەمە لە کوردستاندا لە بنەڕەتدا بە باری سیاسی میللەتەکەمان، ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی میللەتی کوردەوە بەستراوەتەوە.

*** ئەگەر بکرابایە بە قووڵی باست لەو مەدارە فرەوانەی کە لە کوردستاندا رۆژنامەنووسی بە ژیانی خەڵک و ئاستی فەرهەنگ و رۆڵی سەرکردایەتیەوە بەستۆتەوە. بکردبایە.**

** من ئەوانە هەمووی بۆ خۆی وەکو تابلۆیەک دەبینم کە ئەم تابلۆیە هەمووی پێوەندیان بەیەکەوە هەیە، هەریەکەیان کارگەییەکی بەسەر ئەوەی دیکەیانەوە هەیە. بەتایبەت سەرکردەی سیاسی کە دەبێ لەم قۆناغەی ئێستادا زۆر زیرەک و چاپوک و بەکار بێت. ئەو سەرکردایەتیە ئەگەر توانی خۆی بگەیەنێتە هەموو ماڵێک هەموو کەسێک و لە نزیکەوە هەوڵی ئاگاداربوون لە گیروگرفتی خەڵکی دا. ئەوانە ئەودەم پێموایە ئەم سەرکردایەتیە زۆر چاک دەچێتە نێو دڵی میللەتەوە و رادەی جەماوەرییەتی زیاد دەکات.

*** لە دواکەوتویی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستاندا تا چەند سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستان بە بەرپرسیار دەزانی؟**

** ڕەنگە زۆری بخەمە ئەستۆی سەرکردایەتی.

*** بۆ؟**

** ڕەنگە سەرکردایەتی لە زۆر ڕووەوە، پێویستییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی دابین بکات، بەڵام ئایا سەرکردایەتی بۆ خۆی دوای ڕەنگدانەوەی کارەکانی دەکەوێ. دوای ئەوە ئایا بەرنامەی سیاسی سەرکردایەتی لە شتە زۆر گرنگەکاندا ڕەنگدەداتەوە؟ ئایا هیچ حەق و حیسابێک هەیە؟ دەبێ سەرکردایەتی سیاسی پرۆگرامێکی هەبێ بۆ ئەوەی لە خەڵک بگەیەنێت کە کوردایەتی ئەم قۆناغە چۆنە، و پێویستە خەڵک چۆن کوردایەتی بکات.

*** واتا پێت وایە دەسەڵاتی سیاسی، لە پێدانی ئازادی و بوونی ئازادی کە بەشێکی زۆر گەورەیە لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا، کەم و کوڕی هەیە یان کەمی داوە یان هەر نەیداوە؟**

** من پێموایە ئازادییەکی زۆری داوە، بەڵام دەبێ لێپرسینەوەی هەبێ، چونکە ئازادی ئەوە نیە من و تۆ بە ئارەزووی خۆمان چیمان ویست بیڵێین و چیمان ویست بیکەین. ئازادی واتا ئەنجامدانی ئەوکارانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێن.

*** بەس ئەمڕۆ لە دنیدا دەڵێن ڕۆژنامەنووسی بە هەموو بوراەکانی — ڕاگەیاندن — جاری وا هەیە دەسەڵاتی سیاسی ناچار دەکات لەسەر ڕێبازێک بڕوات، یان جاری وا هەیە ڕاگەیاندن وادەکات هەندێ لە دەوڵەتەکان هەڵوێستی نوێ لە مەڕ شتێک وەربگرن و زۆر جاریش هەڵوێستی مرۆیی. هەروەها ڕایەک هەیە کە ڕاگەیاندنی ئەمڕۆی دنیا بەشێوەی گشتی لە وروژاندنی بابەتەکاندا بە سەهو ناچێ. کەواتا لە ئەمڕۆی دنیادا هیچ سنورێک بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی ڕەوا نیە، بە پێچەوانەی ئەو قسەی کەوا ڕاگەیاندن تەعبیر لە ڕای دەوڵەتێک بکات.**

** ئازادی شتێکە کە لە هەموو قۆناغێک و بوارێکدا پێویستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پەرژینێکی هەبێت. دەبێ کەسێک هەبێ کە بزانێ ئەو ئازادییە چۆن بەکار دێت. هەروەها دەبێ خەڵک فێربکرێ چۆن ئازادی بەکار بێنێ، چونکە هێشتا ئێمە فێر نەبوینە ئازادی بەکار بێنین و لە زۆر بورادا گرفتمان هەیە.

*** بەشی دووەمی پرسیارەکەم ئەوە بوو، ئایا لە کوردستاندا هەست بەبوونی ڕۆژنامەنووس — بە مەفهومی ڕۆژنامەنووس — دەکەی؟**

** ئەگەر مەسەلەکە لە چاو ڕۆژنامەنووسی ئەوروپا و غەیری خۆماندا لێک بدەینەوە، بارودۆخی ڕۆژنامەنووسی و بوونی ڕۆژنامەنووس لە کوردستاندا، وەکو ترووسکەی ئاگری جگەرەیەک لە تاریکە شەوێکدا دەبینم.

*** تۆ باست لەوە کرد، کە لەسەرەتای دەستپێکردنی کاری ڕۆژنامەنووسیدا، بەدرخانیەکان گرفتی زمانیان هەبووەو لەبەر نەبوونی زمانی کوردی پەنایان بردۆتە بەر تورکی. بە درێژایی ئەم (١٠٠) ساڵە گرفتی زمان لە کۆڵ ڕۆژنامەنوویس و کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، نەبۆتەوەو کارێکی زۆری کردۆتە سەر ئەم**

ڕەوشە. جەنابت هەوڵتداوە کەوا شتەکان بە لەهجەیەک بنووسی زۆربەی خەڵکی لێی تێبگەن. لە هەمان کاتدا شان بە شانی ئێوە کەسانێکی وەکو هەژاری موکریانی، کارێکی زۆر گەورەیان لە زمانی ڕۆژنامەنووسیدا کردەوە و شانازییێکی گەورە بۆ هەژاری موکریانی بەجێما کەوا لە دوای خۆی جگە لە بەرهەمەکانی، فەرهەنگێکی کوردی زۆر گەورەشی بەجێ هێشتووە. زمان لە ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆی کوردیدا چەند گرفت یان کەرەستەیەکی لەبارە، ئایا ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر ئازار نادات؟

** زمان نەک هەر زمانی ڕۆژنامەنووسییە، بگرە زمان، زمانی ژیان، زمانی جوتیار، زمانی کرێکار، زمانی ئەفەندی و زمانی هەموو مرۆڤێکەو هەر کەسە بەشی خۆی لێوەرگرتووە. بەڵام ئەگەر بتەوێ زۆری تەسک کەیەوە، ئەوا ڕەنگە لە ڕۆژنامەنووسیدا برێ زاراوە و شتیوا بەکار بێت کە لە مەیدانێکی دیکەدا بەکار نەیەت. بە گشتی من پێموایە زمانی کوردی چ بەشێوەی کرمانجی سەرو و چ بەشێوەی کرمانجی خواروو، لەم (٥٠) ساڵەی دواییدا شان بەشانی یەکدی زۆر پێشکەوتوونە.

باسی هەژاری خوالێخۆشبووت کرد، بەڕاستی هەژار ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لە پاڵاوتنی زمانی کوردیدا هەبووە. بەتایبەتی شێوەزاری موکریانی کە شاعیرە کلاسیکیە گەورەکانمان لە بابەتی نالی و سالم و ئەوانە هەموو بەو شێوە موکریانە شیعریان گوتوە. هەژاری موکریانیش هەر پەیڕەوی ئەم ڕێگەیەی کردووە. من بۆ خۆم ئەم زمانەم زۆرپێخۆشە و هەر بەو بارەشدا شتم نووسیوە. بە گشتی لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی لە زۆر بوارە مرۆییەکاندا، لە فیزیا و کیمیا و ئەوەی پێی دەڵێن بوارە زانستیەکان، هێشتا ماویەتی. ئەمەش هەر ئێمەی نەگرتۆتەوە. تورک و فارس و عەرەبیش هێشتا لە زۆر شتدا لۆقە دەکەن و لە دوای ئەوروپاوەن. دیارە ئەوەش خەتای ئێمە نیە و مێژوو وای لێکردوین کە دوا بکەوین و نەتوانین لەو مەیدانانەدا، وەکو ئەوان پێش بکەوین. من زۆر خۆشبەختم کە بتوانم لە زۆرشتدا بە کوردی بیر و ڕاکانی خۆم دەربڕم.

*** مامۆستا دوای ڕاپەڕین، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی میللەتی کورد لە هەموو بوارەکاندا دەستی پێکردوە. لە بواری فەرهەنگ و ڕۆژنامەنووسیشدا قۆناغێک بوو کە دەبوایە پتر لە هەموو بوارەکانی دیکە ئەو نوێیایەتیەی پێوە دیار بێ، چونکە بە درێژایی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، نەبوونی ئازادی ئاستەنگێکی یەکجار زۆر گەورە بووە لە بەرامبەر داهێناندا. کەچی بە پێچەوانەوە دوای ڕاپەڕین لە کوردستاندا، داهێنان کەم بوەوە و چالاکی سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری، بە مەفهومی ئەوەی کەوا دەبوایە پەل بۆ بەشێک لەو ئێش و ئازارە مێژوویانەش باوێ کە نەیتوانیوە لە سەردەمی دیکتاتۆریدا چارەسەریان بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە لەو شەش ساڵەی یەکەمی دوای ڕاپەڕین، جۆرێ لە کوژانەوەو پاشەکشێ ڕوویداوە و هەندێ کەس پێیان وایە کە ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوای لەگەڵ ئازادیدا بڕۆن. جەنابت ئەم دیاردەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

** هەست دەکەم ئەوە شتێکی سروشتیە، کاتێک سیاسەت هەموو دنیا دادەگرێ دەبێتە شتێک کە وەکو نان و ئاوی لێدێت، لە هەموو مەیدانێکدا خۆی دەسەپێنێ. ئەو دەم بوارەکانی دیکە دەکشێنەوە، کابرا حزبیەو دەیەوێ باسی حزب بکات، ئەوەی دیکەیان دەیەوێ باسی ڕێکخستن بکات ئەوانەش وەنەبێت لوغەتێکی تایبەتیان هەبێت، چونکە سیاسەتیش لوغەتی خۆی هەیە. سیاسیەت لوغەتێکی خێراو کەم

تەمەنی هەیەو لە دوای خۆی هیچ بەجێ نایەڵێ. واتا شتێکی وەکو شیعر، یان چیرۆک، یان داستانێک، درووست ناکات، شتێکە دەگوترێ و رۆژانە خەڵک دەیبیستن و دوایی لە بیریان دەچێتەوە. کاتێ سیاسەت دەبێ بە ئاغا، رۆشنبیر دەنگی کپ دەبێت. ئەوەش وەنەبێ تەنها لە مێژووی ئێمەدا روویدابێ. زۆرینەی نەتەوەکان ئەو حاڵەتەیان دیووە. بۆ نمونە، کاتێ (ئەمەوی)یەکان هاتنە سەرکار، قۆناغی فراوانخوازی و دنیا گیری عەرەبەکان نەوەستا. بەم پێیەش هەموو شتێ مەفهومی سیاسی وەرگرت. تەنانەت شیعریش لەم بازنەیەدا بوو. بە پێچەوانەوە کاتێک کە عەباسیەکان دێن سیاسەت، تۆزێک کپ دەبێت. تەمەشا دەکەی لەسەردەمی مەئموندا فەرهەنگ و شارستانیەت گەیشتۆتە چڵەپۆپە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەم سەردەمانەدا رۆشنبیری پتر هەناسە دەدات. لەسەردەمی عەباسیەکاندا دەوڵەت فراوانی بەخۆیەوە دیت و سەقامگیر بوو. بەم پێیە دەردەکەوێ کە سەقامگیری رۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەوتندا هەیەو بە پێچەوانەوە باری فەرهەنگی لە ناسەقامگیریدا لە پلەی دووەم و سێیەمدا.

*** زۆر لەوانەی کە ئێستا خۆی بە مێژووی فەرهەنگ و رۆژنامەنووسی کوردیەوە خەریک دەکەن، پێیانوایە بە گشتی، بە خشینی رۆشنبیرانی کورد زۆر کەمەو کەمتر رۆشنبیری کورد لە گرفت و بوونی خۆی ورد دەبێتەوە و کەمتر بە ناخی خۆیدا دەچێتە خوارەوە. هەر بۆیەش لە رۆشنبیرانی دراوسێی ئێمەدا کەسانی وەک ئیسماعیل بێشکچی و زۆری دیکە هەن کەوا هەندێ کەس پێیانوایە لە خاوەن بیرو رۆشنبیرانی کورد پتر هەوڵیان داوە لە کۆمەڵی کوردەواری بگەن و رێوشوێنی بۆ دابنێن. ئەم دیاردەیە جۆرێکە لە لەخۆبێگانە بوون و سپاردنی مەسەلە رۆشنبیریەکان بە رۆشنبیرانی بیانی. بە رای جەنابت ئەم دیاردەیەی ناو رۆشنبیری کورد لە چیەوە دێ؟**

** جارێ ئێمە پێش ئەوەی قوتابخانەی عەرەبیمان بۆ بکەنەوە و بەعەرەبی بخوێنین، لە سەردەمی عوسمانیدا کە لەکوردستانی عێراق و تورکیا و لە هەموو کوردستاندا قوتابخانەی رەسمی نەبووەو نە بەتورکی و نە بە عەرەبی و نە بە فارسی نەمان خوێندووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حوجرەی مەلاو فەقێیایەتی هەبووە، حوجرەی مەلا و فەقێ، مەلای چاکی بۆ ئەو قۆناغە سیاسیەی کە کورد تێیدا ژیاوە پەروەردە کردووە. بەڵام بۆچی ئەوانە مەلای چاک بوونەو لەبەرچی نێویان هەیە؟ لە پێش هەموو شتێکدا ئەم مەلایانە دوو شت فێربوونە؛ سەرەتا لە کەلەپوری میللەتەکەی خۆیان گەیشتوون و زانیویانە کورد فۆلکلۆری هەیە، فۆلکلۆریش زۆر شتە و بەم پێیە بە تەواوەتی چونەتە نێو میللەتەکەیانەوە، واتا ئاگایان لە میللەتەکەی خۆیان بووە، تێگەیشتوون ئەوجا زۆر لە ئەدەبی فارسی نزیک کەوتونەتەوە.

*** پێت وایە ئەمانە توانیبیان کاریگەری لە فەرهەنگی کورد بکەن؟**

** مەبەستم ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەو هەموو مەلا چاکەی کەوا لەسەدەی هەڤدەهەم لە کوردستاندا هەبووە، ئێمە تەنیا (ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و نالی و سالم و مەحوی)مان بۆ ماوەتەوە. ئەوانە هەموویان توانیویانە بچنە ناو میللەتەکەیانەوە، ئەوجا لەسەر بنەمای تێگەیشتنیان لە کولتووری میللەتەکەی خۆیان شتێکی تازە فێر ببن. فێر بوونی فارسی و تێگەیشتن لە رۆشنبیری فارسی مەرجێکی سەرەکی بووە، چونکە نەک هەر کورد، بگرە تورکیش هەر فارسی فێربووە. کورد کەمتر شیعری بە عەرەبی هەیە، بەڵام

شاعیرانمان بە فارسی شیعریان هەیە. بۆ نمونە نالی و شێخ رەزا شیعریان بە فارسی هەیە، بەڵام نەمبیستووە شاعیرێکمان شیعری بە عەرەبی هەبووبێ، ئەگەر بووبێش شتێکی وانیە. هەست دەکەم ئەحمەدی خانی و نالی و سالم و مەحوی و ئەوانە، بە تەواوەتی فەرهەنگی سەردەمی خۆیان هەڵمژیوە، بەڵام لەسەر پنجی کولتوورەکەی خۆیان نواندوویانە.

*** مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە بۆ رۆشنبیرانی ئێمە نەیانتوانیوە جگە لە پێگەیشتن، لە بواری گرفتی فەرهەنگدا، دەنگ ئاراستەی رۆشنبیری گەلانی دەروبەریش بکەن. واتا تۆ دەبینی یەکێکی وەکو ئیسماعیل بێشکچی لەناو رۆشنبیری تورکەوە دێ کار لەسەر رۆشنبیری کوردیش دەکات. ئەوە دەگەیەنێ کە رۆشنبیری کورد نەیتوانیوە چارەسەری گرفتەکانی فەرهەنگی کوردی بکات بە شێوەیەکی فرەوان و بە جۆرێک کە بتوانێ ئەو چارەسەرکردنە بکا بە دەنگێک و بۆ دەرەوەشی بنێرێ و ئاراستەی گەلانی دیکەیشی بکات. چونکە رۆشنبیر و خاوەن بیرەکانی گەلانی دیکە لە رێگەی فەرهەنگ و کاری فیکرییەوە هاتوونەتە ناو گەلەکەی ئێمە؟**

** پێموایە دەبێ ئێمە دوو شتمان لەبەرچاو بێت؛ یەکەمیان رۆشنبیر دەبێ وریا بێت ئەو وریاییەش بە مەفهومێکی زانستی، واتا لەو قۆناغە تێبگات کە تێیدا دەژییەت. هەروەها لە هەموو قۆناغێکیشدا هەندێ شت هەیە دەبێ ئەم رۆشنبیرە بیزانێ؛ بۆ نمونە دەبینین یەکێکی وەکو ئەحمەدی خانی گرنگترین کاری قۆناغەکەی ژیانی خۆی پێ ئەوە بووە کەوا هاوار بکا بۆ میللەتی کوردو ئەو هەموو میرو بەگ و ئەوانە کۆببنەوە تا دەوڵەتێکی مەرکەزی کوردی دروست بکرێت، هاوار بۆ یەکگرتووی نەتەوەیی کورد دەکات، بەمەش مەفهومی نەتەوەیی کوردی بە مانای خۆی هێناوەتە گۆرێ.

مانای ئەوەیە ئەم پیاوە توانیویەتی لەو قۆناغەدا رۆڵی خۆی ببینێ. دووەمیش، ئێمە خوێندەوارانمان لە کۆنەوە، فکریان بۆ ئەوە نەچووە خوێندەواری و رۆشنبیری بە مەسەلە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابورییەکانەوە ببەستنەوە. ئەمرۆ کاتی ئەوەیە کە رۆشنبیر لە نیگای کۆمەڵەوە سەیری هەموو شتێک بکات. کە شیعر دەنوسێ بزانێ بەشی کۆمەڵگای چەند تێدایە، کە شانۆیەک پێشکەش دەکا بزانێ بەشی کۆمەڵی چەند تێدایە، مشکلەی کۆمەڵی چەند تێدایە.

*** بەشێکی زۆر لەو بەرهەمانەی کە جەنابت وەرتگێراونەتە سەر زمانی کوردی، دەبینین گرنگییەکی زۆر بە یەشار کەما دراوە. هەموو نووسینەکانی یەشار کەمال و ئەوانەی جەنابت گرینگیت پێداون بە زمانێکی دیکەی جیا لە کوردی، موعالەجەی فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەوارینە. ئایا جەنابت لەم روانگەیەوە بایەخت بە یەشار کەمال داوە یان هۆکارێکی دیکە هەیە کە خوێنەری کورد نایزانێ، یەشار کەمال چ شتێکە کە تۆ زۆربەی ژیانی خۆت بۆی تەرخان کردووە؟**

** من لە پەنجاکانەوە کەوتومەتە سەر ئەوە کەوا نووسینی ئەدەبیات، دەبێ شتێک بێ کە خەڵک حەزی لێی بێت. ئەوی بەعەرەبی و بە تورکیش دەمخوێندنەوە پتر لەو بابەتە بوون. ئیتر بەرێکەوت کە من رۆمانەکانی یەشار کەمالم خوێندەوە، باسکردنیی لە میللەتی کورد پتر رایکێشام. خۆم و کەسوکارم و گوند و مرۆڤەکانی کوردستانم لەو نووسینانەدا دەدیتەوە. بەلامەوە ئەو دنیایەی کە کاک کەمال باسی دەکا دنیای

منە، دنیای خەڵکی بەد بەختە، دنیای خەڵکانێکە وەکو خۆی دەڵێ ئاسمانی مسەو دەوری ئاسنە، ئەرزە هەرچەند دەکا هیچی بۆ شین نابێ، ئاسمانە هیچی لێ پەیدا نابێت واتا ئەوەی دەمخوێندەوە باسی لە میللەتی کورد دەکرد، نەک تەنها میللەتی کورد، بگرە باسی لەسەرجەم گەلە زوڵم لێکراوەکانی دنیا دەکرد. بۆیە سەرنجیان راکێشام و بوونە جێی بایەخم.

*** یەشار کەمال لای خوێنەری وڵاتی ئێمە، لە کوردستانی عێراق و لەوانەیە لە کوردستانی ئێرانیش کە بەم لەهجەیە، بە ئەلف و بێی عەرەبی دەخوێننەوە، پتر لە رێی شکور مستەفاوە ناسرا. واتا خەڵک وادەزانی زمانی شکور مستەف زمانی یەشار کەمالیشە. مەبەستم ئەوەیە زمانی یەشار کەمال زمانی تورکیە لە کاتێکدا کەش و هەوای نووسینەکان و کەسایەتیەکانی کوردین. خەڵکی کوردستان لە رێی شکور مستەفاوە یەشار کەمال دەناسێ. کاتێ زمانی یەشار کەمال کوردی نەبێ، دەبێ واسیتەیەک هەبێت تا میللەتی خۆشی بتوانێ بیناسێ؟**

** بە داخەوە من تا ئێستا یەشار کەمالم نەدیوە. تەنها بە وێنە دیتوومە. وەکو برادەرانیش بۆیان گێڕاومەتەوە کە دەیناسن پیاوێکی قسە خۆش و زۆر سادەو کرمانجە.

*** هۆی چیە کە بەڕێزتان هەموو تەمەن و بەرهەمەکانی خۆت بۆ وەرگێڕانی کاری ئەدەبی و رۆشنبیریی یەشار کەمال تەرخان کردووە، کەچی هەوڵت نەداوە بیبینی؟ هەوڵت نەدا یان نەتتوانی یان نەتویست بیبینی؟**

** مەبەستم نەبووە بیبینم. هەرچەندە دوو سێ جاریش چومەتە تورکیاو دەمزانی لە کوێیە، هەروەها لەدەرەوەی تورکیاش دەمزانی لە سویدە، زۆر کەسیش لەوێوە کاغەزیان بۆ دەنوسیم دەیانگوت ئەوە فلان کەس لێرەیە. هیچ رۆژێک بە خەیاڵم دا نەهات کتێبێک لەو کتێبە وەرگێڕدراوانەی خۆی بۆ بنێرم. بۆ خۆشم نازانم لەبەرچی. تاقەتم نەبوو لە راستیدا. من پتر مەبەستم کتێب و قسە خۆشەکانیەتی.

*** زۆر کاری رۆشنبیری جەنابت بریتی بووە لە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەری گەورە. پێتوایە لە بواری وەرگێڕاندا، لەناو رۆشنبیری کورددا بۆشاییەک هەبووە لەبەر ئەوە هەموو کاتی خۆت بۆ وەرگێڕان تەرخان کردووە ئێستا پێتوایە کارێکی باشت کردووە؟**

** حەز و ئارەزو فاکتەرێکی گرنگی کار و کردەوەکانی مرۆڤن. رەنگە ئەو کارانەی لەو قۆناغەدا کردوومن حەزم لێیان بووبێ.

*** ئێستا دوای ئەو قۆناغە دوورودرێژە، چۆن ئەو حەزەت هەڵدەسەنگێنی؟**

** ئەو وەختە رەنگە پتر خۆم بە ئەدەبیات و ئەوانەوە خەریک دەکرد، بەڵام ئەوە ماوەیەکە دیسان ملم لە مێژوو، لە شتی دیکە ناوە. شتی دیکەش هەبوو بکرێ بە کوردی، بەڵام بە داخەوە مەسەلەی ئازادی و توانای بڵاوکردنەوەو شتیوا گرفتی دروست دەکرد. هەرچەندە هەرچیەکم کردبێ بەبێ گرفت بۆیان بڵاوکردومەتەوە، یاخود بۆ خۆم رێگایەکم بۆ دۆزیوەتەوە.

*** ئێستا لە کوردستاندا، جۆرێک لە وەستان و پاشەکشێ لە کاری وەرگێڕاندا هەیە. وەرگێڕان زۆر کەم بۆتەوە. ئەگەر ئەمە بە لایەک لە قەیرانی رۆشنبیری کوردی دابنێی، چارەسەرکەی لە چیدا دەبینی؟**

** هەر کارێکی هونەری یان رۆشنبیریی، ئەگەر لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێموایە ئەم کارە نامرێ و درێژەی دەبێ، بەڵام ئەگەر شتێکی کاتی بێت و لە پڕ پەیدا بێ و هەناسەی کورت بێ، رەگی تەواوی دانەکوتابێ، ئەوە زوو دەبڕێتەوەو دەمرێ. ئەوەش بە مانای ئەوەی کە خەڵکەکە خۆیان ماندوو نەکردووە، چونکە کاری چاک ماندووبوونی دەوێ، ماندووبوونیش پێوەری کاری چاکە.

*** رۆشنبیرانی کورد، لەبەر خەریکبوونیان بە خوێندنەوەی بەرهەمی رۆشنبیری، فیکری و فەلسەفیی بیانی، پتر بە لاسایی کردنەوە خەریک بوون، ئەوەش وای لێکردوە کە بیرنەکەنەوە. تەنانەت لە بواری وەرگێڕانیشدا خەڵک بیر ناکاتەوە خۆی ماندوو ناکات. لەم رووەوە ئایا لەناو رۆشنبیری کوردیدا پەتای رۆشنبیری سەربەخۆی کورد هەیە، یان رۆشنبیریەکەی ئێمە تێکەڵەیەکە لەلاسایی و دەستدرێژکردنی رۆشنبیری گەلانی دەوروبەر؟**

** باسی فیکرت کرد، فیکرماڵی کەس نیە ئەفکار گەورە لە تاریخدا مۆرک و نیشانەی نەتەوەییان پێوە دیار نیە. بۆ نموونە سوقرات و ئەفلاتون لە مەیدانی فەلسەفەدا، فکرەکانیان موڵکی هەموو مرۆڤایەتیە. رەنگە ئێمەش زۆر مرۆڤی گەورەمان هەبووبێ، بەڵام بە داخەوە لەبەر ئەوەی بە زمانی خۆیان نەیانووسیوە کارەکانیان چۆتە حیسابی خەڵکی دیکەوە. ئەگینا ئێمەش مەلای زۆر گەورەمان هەیە بە عەرەبی شتیان نووسیوە و لەمەیدانی فیقهی ئیسلامی و کەلامدا کاری زۆر گەورەیان کردووە.

بۆ نمونە (بەیتوشی)یەکمان هەیە کە لە (نحو)ی عەرەبیدا شتێکی نووسیوە کە هیچ عەرەبێک نەیتوانیوە لەو ئاستە و بەو فراوانیە لێی بدوێت. ئێمە هەمووشتێکمان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کیانێکی سیاسی و حکوومەتمان نەبووە، نەمانتوانیوە وەکو خەڵکی شانازییان پێوە بکەین.

*** ئەگەر مەسەلەی نەبوونی دەوڵەت وەلاوە بنێین، پێتوایە بیرمەندی گەورە و فەرهەنگێکی گەورەمان هەیە کە دەرنەکەوتووە؟**

** بەڵێ، هەمانە و دەرنەکەوتووە.

*** ئەمڕۆ ژیان لەبەردەم مرۆڤی کورد زۆر قورسەو ئاستەنگ گەلێک زۆرە، مەبەست لە ئاستەنگ، هەر ئاستەنگی داگیرکەر و بیانی نیە، بەڵکو باسی ناوخۆ دەکەم. باسی دنیای دەروونی فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواری دەکەم. ئەو کۆمەڵگەیەی کە هەمانە ناچارمان دەکا وابیر بکەینەوە کە فەرهەنگێکی گەورەمان نیە. بە دەست ئەم کەموکورتیەشەوە دەناڵێنین، تۆ پێتوایە کە هەمانە، دەکرێ پەنجە بۆ ئەو شتە درێژ بکەی؟**

** پێموایە هەموو میللەتێک و کۆمەڵگایەکی مرۆیی لە هەر قۆناغێکی مێژووی خۆیدا بیرمەند و پیاوی خۆی هەیە، بەڵام رەنگە میللەتێک و کۆمەڵگایەکی دیکە لە رووی ژیاری و فیکرییەوە لە ئەوەی دیکە پێشکەوتووتر بێ، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنی زەمەنیوەیە کەوا دەکات هەموومان شانبەشانی یەکدی هەنگاو نەنێین. ئینجا ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە بیرو بیرمەندمان نیە، هەموو شتێکمان هەیە، تەنها یەک شتمان نیە، ئەگەر سەقامگیرییەکی سیاسیمان هەبێ خەڵکەکە فێری ئەوە دەبێ کە پتر لەوەی شەڕ دەکات، بیر بکاتەوە.

*** نەسڵی ئێوە، نەسڵی رۆشنبیران و نووسەران، ئەوانەی کە ئێستا لەناو میللەتەکەی ئێمە بە پەنجە دەیانژمێرین، جۆرێ لە خۆشلکردنەوەیان پێوە دیارە. واتا زۆربەیان لەناو مەیدانی پڕ لە تەنگژەو قەیرانی رۆشنبیری کوردیدا، بوونێکی کارایان نیە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە جێگرەوەشیان بۆ دروست نەبووە. ئەم دیاردەیەی نەبوونی جێگر و دوورکەوتنەوەی رۆشنبیرانی نەسلی ئێوە، لە چیدا دەبینی، پێتوایە ئەمە چارەسەرێکی هەبێ؟**

** پێش ئەوەی ئاماژە بە چارەسەر بکەین، دەبێ هۆکارەکان دیاری بکەین. وابزانم زۆر ئاشکران، ئەگەر ئێمە لەم قۆناغە مێژووییەدا بتوانین توانا و لێهاتوویی خەڵک کۆبکەینەوە، زۆر شتی لێ پەیدا دەبێت. رەنگە ئەم خۆشاردنەوەیەش نەمێنێت. بۆیە پێویستە بزانین نووسەری چاک و قسەزانی چاک کامەیە، مۆسیقاژەنی چاک کامەیە. بۆ نمونە (مام هێدی)یەک هەیە شاعیرە ئەوە هەر شتێکە لە نمونەی هەژار، ئەوە بۆ لەو مەیدانە بوونی نیە؟ واتا تۆ دەبێ خەڵک ببژێری، ئەمە لایەکی، لایەکی دیکە هەندێ لە گەنجەکان دەستیان داوەتە زۆر بابەتی وا کە رەنگە سەدان ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەوروپا هەبووبێ کەچی ئەوانە تازە بە تازە دێن باسی ئەم شتانە دەکەن.

*** وادەزانی هاتنی رەوتی فکری جیاجیا — ئەڵبەتە من ناڵێم چارەسەری بۆ کێشە رۆشنبیرییەکانمان دەدۆزنەوە، رەوتێکن دێن و دەرۆن و ئەوانەی کە رەسەنایەتییان نەبێ زوو ون دەبن — دیاردەیەکی خراپە یان چاکە، ئەگەر پێت خەراپ بێت ئەوا فەرهەنگ بەچی فراوان و گەورە دەبێت؟**

** ئازادی شتێکی پێویستە، بەڵام ئانارشیزم نیشانەی نەخۆشیە. لە پاڵ ئازادیدا ئانارشییەتیش هەیە. پێموایە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان ئازادی و ئانارشییەتدا، هەبێت پێویستە بەرەوڕووی ئەو کەسانە ببینەوە کە راستییەکان وەکو خۆیان ناگەیەننە خەڵک، چونکە ئەرکی ئازادی گەیاندنی راستییە.

*** لەگەڵ ئەو کەسە چیدەکەی کە ئازادی وەکو پێویست بەکار ناهێنێ؟**

* * ئەوەی کەوا لە بەرێوەبەرایەتییەکدا زیاد لە حەددی خۆی دەرواو ئامانجی تەنها دەوڵەمەند بوونەو ئەم کارەشی لەگەڵ سروشتی کارەکەیدا ناگونجێ، چی لەگەڵ دەکرێ؟ لە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و زیرەک و سەرکردایەتییەکی سیاسی کە دڵی بە میللەتەکەی خۆی و مێژووەکەی دەسوتێت چی لێدەکا، دەبێ ئەویش وای لێ بکرێ.

*** مامۆستا ئەگەر لە هەمو بوارێکدا لێپێچەوانەوە هەبێت، لێپێچانەوە لە بواری رۆشنبیریدا دەبێ هەر بە ئازادی و بەرەنگاربوونەوەی فیکری بێت. لەم بوارەدا لێپێچانەوە چۆن چۆنییە؟**

** خۆ من ناڵێم بیهێنی دارکاری بکەی. دەڵێم دەبێ لە خەڵک بگەیەنی: بابە ئەوە ئانارشییەتە و ئازدی وا نابێت و ئازادیش ئەوە نیە.

*** جا رایەکی دیکە لەسەر ئەم بۆچوونەی جەنابت هەیە دەڵێ لە کوردستاندا نەسلێک پەیدابووە، زۆر دەنووسێ و کەم دەخوێنێتەوە. تۆ پێتوایە ئەمە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئانارشیەت بێت کە ئەویش لەوەوە دێت کە لە مەسەلە رۆشنبیریەکە باش ورد نابێتەوە؟**

** ئا من پێموایە ئەوانە پتر حەز دەکەن دەرکەون و خەڵک باسیان بکات. ئێمە بۆ خۆشمان هەر وابووین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە سنوورێک لەنێوان ئازادی و ئانارشییەتدا دابندرێت.

*** بەلای تۆوە، سنووری ئازادی لە بیرکردنەوە و ژینی تایبەتی هەر مرۆڤێکدا، چەندە؟**

** ئازادی بە مەفهومەکەی من ئەوەیە کە تۆ مەحکومی بە قەوانینێکی جەبری ئەو جیهانەوە کە تێیدا دەژی. بۆ نمونە رۆژێک لە رۆژان کابرایەک نەیدەتوانی بفڕێ، چونکە دەبێ لە (یاسای کێش) دوور بێ، بەڵام کە توانیی ئەو یاسایە بدۆزێتەوە ئەوا ئەو کاتە بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر هاتوو توانیی شتێک دروست بکات بفڕێ و نەکەوێتە خوارەوە، ئەوا مانای وایە ئەو ئازادیەی دروست کرد. واتا خۆی لە یاسا سەپاوەکە رزگار کرد، لێرەدا ئەمە ئازادییە.

*** باشە رەنگبێ لەسەر دۆزینەوەی ئەم یاسایەی کە ئێستا باستکرد، کۆمەڵێ بیرورا هەبێت، کەواتا دەبێ بوار بۆ گفتوگۆ بهێڵدرێتەوە.**

** هیچ مانیع نیەو دەبێ بوار بۆ گفتوگۆ هەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە نەیکەین بەشەڕو یەکتری تاوانبار نەکەین. نەڵێین ئەو جاسوسە و ئەوە پیاوی ئەو و ئەوە. کەواتا کاتێ ئەمە سوودی دەبێت کە تۆ لەمەیدانی خۆتدا ئازادی بەکار بێنی، بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆ دۆزینەوەی راستییەکان بەکاری بێنی.

*** ئەو شێوەیەی کە تۆ بۆ گفتوگۆی فیکری و رۆشنبیریی دادەنێی، لە ئازادی لیبرالی فیکری نزیکە، لە مەسائیلی فکریدا بڕوات بە لیبرالیەت هەیە یان نا؟**

** لیبرالیەت لە قۆناغ و سیاسەتی خۆیدا، خۆی دەسەپێنێ و ئەمەش بە دەست من و تۆ نیە. یان گەڕانەوە بۆ دواوە و دابڕان، ئەمانە بۆ خۆیان دروست بوونە و نە لە دەسەڵاتی من و نە لە دەسەڵاتی تۆشدا نییە، بەڵام رادیکاڵیەت هەیە، دیکتاتۆریەتیش کە خۆی دەسەپێنێ. ئەم دیکتاتۆرییەتە بۆ چییە؟ ئایا هیچ سودی هەیە؟ جاری وا هەیە دیکتاتۆرییەتیش وەکو پێویستییەکی لێدێت، بەو مانایەی کە زۆر جار پێویست دەکا کۆمەڵگا لە بەڕەڵایی و دەستدرێژی و پیاوی خەراپ دوور بخرێتەوەو رێگە نەدرێت کە راستی مرداربێتەوە. کەواتە لێرەدا دیکتاتۆرییەت شەرعیەتێکی مێژوویی پەیدا دەکات، بەڵام نەک بۆ هەتا هەتایە، چونکە دیکتاتۆرییەتی هەتا هەتایی، هیچ ئامانجێکی نابێ.

*** رایەک هەیە کەوا شکور مستەفا لە بواری بیرکردنەوەدا پتر بەلای فەلسەفەی مارکیسەوەیە. ئەوەی ئەمڕۆ لە سەردەمی بە جیهانیبووندا هەیە، ئەوەیە کە دنیا بوبێتە گوندێکی بچوک و لە گوندێکی بچوکیشدا گفتوگۆ و هاوارکردن بەسەریەکتریدا کارێکی ئاسانە. جاریوا هەیە ئەم گفتوگۆ و هاوارکردنە چارەسەری زۆر خێرا بۆ کێشەی گەلانیش دێنێتە ئاراوە. نمونەش میللەتەکەی ئێمەو دۆستەکانمانین کە ئەگەر راگەیاندنی جیهانی کارەساتەکەمانی بە دنیا نەگەیاندبایە لەوانە بوو ئێستا ئەو هاریکاری و چەترەمان بۆ هەڵنەدرابا کە هەمانە.**

** من نەک هەر قەرزباری مارکسییەت، بگرە قەرزارباری زۆر شتم. قەرزباری هەموو شتێکم کە لێی فێربوومە. ڕۆژگارێک تەسەوفیشم دەخوێندەوە. زۆرم پێخۆش بوو، تەنانەت کاریشی تێکردم. من کوردم و حەزدەکەم وەکو ئەو میللەتانە ببم بە شتێک، لە مارکسیەت و تەسەوف و مەلا و شێخ و ئاغاو...هتد، هەرکام بتوانن وابکەن کە رزگار ببم ئەوا لێیان مەمنون دەبم.

مەسعوود محەمەد:

یەکخستنی زمانی کوردی بە قەد جەنگی جیهانی دووەم زەحمەتە

* **سەرۆ قادر:** مامۆستا ئەمساڵ (١٩٩٨) رۆژنامەنووسی کوردی ١٠٠ ساڵ تەواو دەکات، رۆژنامە بە هەموو رەنگەکانیەوە لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا دەبێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووبێ، کە کورد ئێستا بە حەسرەتەوە خۆی بۆ یادکردنەوەی ئامادە دەکات و دەیەوێ هەڵی سەنگێنێ؛ کە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری هەبووە. بەڕێزتان وەک نووسەرێکی ناوداری ئەم وڵاتە، کە هەموو ژیانی خۆت بۆ نووسین تەرخانکردوەو بەشێکی زۆری نووسینەکانیشت جیا لە کتێب لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە، رۆڵی رۆژنامە لە ژیانی مرۆڤی کورددا چۆن دەبینی؟

** **مەسعوود محەمەد:** دەرچوونی رۆژنامەیەکی کوردی لە شارێکی بێ کورد، لەلایەن کەسێکی تەنیاو هەژاری بێ دەسەڵاتی کورد، دوور لە رۆشنبیریی کورد، چ وێنەیەکی واقیعی کورد دەگرێ؟ لە هەمان کات گیانفیداییی تاکی کورد دەگەیەنێ، کەسێ لە قاهیرە رۆژنامەیەکی کوردی دەربچوێنێ، بەبێ پشتیوانی و بێ ئەوەی بزانێ چارەنووسێکی دیاری دەبێ. ئەوە خۆی لە خۆیدا قارەمانیەتیەکە، لە خۆبووردنە، چونکە رۆژنامە کارێکی گەورەیەو شتێکی هەرە سەرووی کۆمەڵایەتیە کە بریتیە لە نووسین و چاپکردن و زانیاری دان و کۆکردنەوە.

واتە رۆژنامەنووسی لە ناو کورددا، خۆی لە لوتکەیەکی بەرز دایە — ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو کە پێموایە ئەوەیان بەراورد ناکرێ، بەڵام بۆ ئێمە شانازیە کە رۆژنامەمان هەیە؛ خۆمان لە واقیعێکی نزمداین و رۆژنامەشمان لە لوتکەیەکی بەرز دایە.

٢٥٠٠ ساڵە کورد خاوەنی هیچی خۆی نیە. واتە (٢٥٠٠) ساڵە یەک رستە بە کوردی نەنووسراوە. بەم دواییە شیعر پەیدابوو، لەسەرەتای ئەم سەدەیەش لە کۆیە قوتابخانەیەک لەسەر داوای باوکم (مەلای گەورە) بە کوردی کرایەوە، لە سلێمانی قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری هەبوو، لە کۆیەش سلێمان نەزیف بروسکەی لێداوەو دەڵێ لەسەر شەرەفی مەلا محەمەد ئەفەندی ئەم قوتابخانەیە دەکەینەوە. مەبەستم ئەوەیە کە هەمووی (٩٠) ساڵە نووسینی کوردی و کتێبی کوردی پەیدا بووە.

کورد مادام بێ دەسەڵاتە، کەواتە بێ رۆشنبیریشە، بێ بازرگانیە، بێ زانستەو بێ هەموو شتێکە. جاران دەگوترا عەشیرەتگەری بووەتە هۆی دروست نەبوونی حکوومەتی کوردی، بەڵام بەداخەوە لەم دواییە هەرچی نەزم هەیە هەمووی تێکچووە.

* **مامۆستا پێت وایە ئەو بێکەسیەو چەوسانەوەیەی کە لەسەر میللەتی کورد هەبووە، هۆکاری بنەڕەتی نین لەوەی کە رۆژنامەنووسیێکی سیاسی یان چەقی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوایەتی کورددا بوونە، دوای ئەم تێکشکانەی بەسەریان هات، پەنایان بۆ بواری رۆژنامەنووسی و رۆشنبیریی برد. پێت وانیە لایەنی**

بێکەسی و چەوسانەوەکە وای لێکرد کە ئەم ڕۆژنامەیە لەدەرەوە دەربچێ ئەگینا کورد دەیتوانی ڕۆژنامەکە لە کوردستان دەربکا؟

** نازانم دەیتوانی یان نا، چونکە بڕوا ناکەم چاپخانە لەکوردستان هەبووبێ.

*** کەسایەتی میقداد بەدرخان، ئەو کابرایەی توانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە دەرەوە چاپ و بڵاویکاتە — چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

** ئەگەر بەدەستم بێ لە هەموو شارەکان پەیکەری بۆ دەکەم، هەنگاوێکی ناوە کەس نەیناوە.

*** دوای ئەم سەدەیە، مەسەلەی ڕۆژنامەنووسان لەکوردستاندا، بەدرێژایی (١٠٠) ساڵ پتر پانتاییان بۆ کاری فیکری تەرخانکردوە. ئایا لەم بوارەدا تا چەند توانیویانە ڕۆڵی شیاوی خۆیان ببینن؟**

** بەشی زۆری ڕۆژنامە نهێنی و ئاشکراکان لەدەست شیوعیەکاندا بوون. ئەوانەی قەومیش بوون هەر سەرو سەودایەکیان لەگەڵ مارکسیەت پەیدا کردووە.

*** مامۆستا لایەنێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەوەیە، بایەخی بەبواری ئەدەبیش داوە، کەچی نووسینی ئەدەبی پتر لە گۆڤارو کتێبدا بڵاو دەکرێتەوە. لە کوردستاندا ئەو ڕۆژنامانەی لە شاخ یان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتیش دەردەچوون، ئێستاش ئەوانەی لەدوای ڕاپەڕین دەردەچن گرنگیەکی زۆر بە ئەدەب دەدەن. تۆ پێت وایە ڕۆژنامەنووسی بۆچی کارێکی وایکردوە، یان ناچار بووە بیکات؟**

** ڕۆژنامەنووسی خۆی لە خۆیدا ڕۆڵی شارستانی دەبینێ. دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەنووسی کوردی رووخسارێکی گەشە، هەرچەندە جاروبار جنێو و قسەی ناشیرینیشی تێدایە، ئەگەر جنێو بەخۆشم دەدەن، دەستیان خۆش بێ.

*** لە بواری زمان، زمانی ڕۆژنامەنووسی لە هەموو دنیادا، هەندێ جار لە قاڵب و پێویستی زمان دەردەچێ، بەو حوکمەی کە ڕۆژنامەنووسی زمانی سادەی گفتوگۆیە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، گرفتی زمان لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا لەسەرتاوە تاکو ئێستا ئەگەر لێی وردبییەوە، لە چ بوارێکدا سەرنجی ڕاکێشاوی؟**

** کورد تا ئێستا زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نیە، چونکە دەوڵەتی نەبووە، زمانێکی نیە تێکڕای قەبوڵی بکات. هەندێ شێوەزار هەیە ئەوی دیکە تێیناگا. وا دەگەینە سەدەی (٢١)، کەچی هێشتا هەر کەسەو خۆی پێ سوارچاکەو بۆخۆی لێی دەخوڕێ. بڕوا بکە یەکخستنی زمانی کوردی بەقەدەر جەنگی جیهانی دووەم زەحمەتە.

*** ڕۆژنامەکانی کوردستان ئەوەی کە سەرنجی بەڕێزتانی ڕاکێشابێ لەم دوو شتەدا ڕۆڵیان لە کامیان پتر بووە، لە تێکدانی زمان یان لە بەرەو پێش بردنی؟**

** شتەکان تێکەڵن، ناتوانم لایەنی سەلبی بەسەر لایەنی ئیجابیدا زاڵ بکەم. کابرایەک دوو چاوی کزی هەیە، دوو چاوە کزەکە چاکترە لەوەی کە نەیبێ. بۆیە ڕۆژنامەکان بە هەموو عەیبەکانیانەوە ڕۆڵێکی شارشتانی دەبینن و پیرۆباییان لێدەکەم. لە هەمان کاتدا داوایان لێدەکەم خەڵکی لە هیچ و خۆڕاییەوە عەیبدار نەکەن، کابرایەک لە ماڵی خۆی دانیشتووە. هیچ عەیبی نیە تۆ لەولاوە ملی لێ دەنێی. ئەوەش کە

روو دەدات لەبەر ئاستی نزمی باری شارستانیمانە. رەنگە تاک تاکە پیاوی چاک بین و شەرم لە خۆمان بکەینەوە.

*** مامۆستا پێت وایە کورد وەکو شارستانیەت نزم بێت، نەک تاک تاک و لە کەسێکەوە بۆ کەسێک. ئایا پێتوایە بەشێک لە لاوازی و لە بیدائیەتی مرۆڤی کورد بۆ بیدائیەتی شارستانی کورد دەگەڕێتەوە؟**

** ئێمە هەتا ئێستا بە هەموو مێژوومانەوە سەرافێکمان نەبووە، نەک بانک. ئێستا ئێمە خاوەنی دراو نین، خاوەنی رێگەیەک یان پردێک نین کە خۆمان دروستمان کردبێ. ئەگەر دەڵێی بۆرژوازین، ئێمە بۆرژوازی نین و پێش بۆرژوازیەتین و هێشتا نەگەیشتووینەتە پلەی بۆرژوازیەت، چونکە بۆرژوازیەت بەواتە؛ هەبوونی ئابوریە. ئەگەر پارەدارێکی کورد لە هەولێر ببەیتە موسڵ زۆر بە ئاسانی کارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات. ئەگەر یەکێک لێرە خاوەنی سینەمایەک بێت، یان فرۆکەو تۆپ و شتی لەم بابەتەی هەبێت، پێی دەڵێن بۆرژوازیەو لێرە چەقیوەو هەڵناقەندرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانە رەگیان نیە لەوانەیە هەندێک پرۆژەی وەک دەواجن هەیە، خاوەنی ئەم پرۆژانە حەزیان لە کارەبایە، حەزیان لە جادەی رێکوپێک و دادگەو پۆلیسە، چونکە ئیشەکەیان لەگەڵ شارستانیەت دەڕوات. خەڵکەکەی دیکەش کە خەریکی کاری قاچاخچی بوون، حەزیان لەوەبوو نە پۆلیس هەبێ و نەحکوومەت و نەکارەبا، بەڵکو تەنیا بە سواری هێستر شتەکان بۆ ئێران بگوازنەوە.

*** کاری رۆژنامەنووسی رەنگدانەوەی کام لەم دوو واقیعیانەیە کە جەنابت باست کردن؟**

** قوربان بەشێوەیەکی ئاسایی چاری ناچارە دەبێت هەڵکشێ لە کابرایەکی سواری کەرەوە ببێتە چیمەنتۆ دز.

*** دەڵێن گوایە لە پەنجاکانیش گرنگیت بە باری ئابوری و ژیانی ئابوری کوردستان داوە، وەک توتن و شتی دیکە؟**

** کاتێک لە پەرلەمانی عێراقدا نائیب بووم، پازدە گوتارم لەسەر توتن نووسی و بەهۆی ئەو گوتارانەوە (مدیریەتی عامی ئینحسار) ئەو وەختە هەڵوەشایەوە. لە دواییدا منیش لە نائیبی نەمامەوە ئەگینا پترم دەنووسی. هەروەها لەکاتی بەندکردنی بارزانیەکان توانیم لە پەرلەماندا وابکەم بۆ ماوەی پازدە رۆژ هەموویان ئازاد بکرێن. بەداخەوە بۆ جاری دووەم ماوەم نەبوو ببم بە نائیب دەنا گەلێک کاری دیکەم ئەنجام دەدا.

*** لەبواری سیاسی لە ماوەی ژیانی خۆت، ئەگەر بە تێکڕایی کاریگەری سیاسی لەناو رۆژنامەنوسی کوردی وەربگرین، رۆژنامەکان چەند توانیویانە ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنن و وەکو مینبەرێکی سیاسی رۆژانە یان مانگانە خەڵک لە بارودۆخی سیاسی، لە بۆچوونە جاجیاکانی سیاسی ئاگدار بکەنەوە توانیویانە لەو بوارە رۆژنامەی سیاسی بە واتای کەلیمە بنووسنەوە؟**

** دەتوانم بە باوەڕەوە بڵێم پێش ئەوەی لە (٤٥)وە مارکسیەت لە کوردستان بڵاوبێتەوە. ئەوانەی کاری رۆژنامەوانییان ئەنجام دەدا. وەکو سەربازێکی نەناسراو وابوون. لە دواییدا بارودۆخ گۆڕاو ئایدیۆلۆژیەت و چینایەتی هاتە ناوەوەو بزووتنەوەی کوردی بەرەو چینایەتی رۆیشت، چونکە ئەگەر بزووتنەوەی نەتەوەیی

کورد بەهێزتر بوایە، بزوتنەوەی چینایەتی کوردس لەگەڵ هی عەرەب دادەبڕاو کەرت دەبوو، بۆیە دەبوو واز لە کوردایەتی بهێندرێ. هەڵبەت لەلایەنی ئازایەتی و فیداکاری کورد، خوا هەڵناگرێ خەڵکی ملی خۆی لە چەقۆ دەسوو. بۆ نموونە لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم رۆژنامەی پارتی درایە دادگا، بەڵام من و دوو کەسی دیکە بووینە هۆی قورتار بوونی.

*** تۆ لە کوردستاندا هەست بە بوونی رۆژنامەنووسی دەکەیت؟**

** بەڵێ، چاکیش هەستی پێ دەکەم، گەلێک جاریش لێی تورە دەبن، بەڵام ئەگەر پێم بکرێت دەست لە پشتی دەدەم و دەستخۆشی لێدەکەم.

*** لەماوەی یەک سەدەی رۆژنامەنووسی کوردیدا، گرنگیەکی زۆر بە مافەکانی مرۆڤ دراوە، بەتایبەتی مافی ئافرەت و منداڵ، پێت وایە ئەم گرنگی پێدانە تا چەند کاریگەر بووە بۆ رزگارکردنی رۆشنبیری کوردی و تاچەند بووە بە دروشم بۆ ململانێی سیاسی؟**

** ئەو خەڵکە کاک ئحمەدی شێخ نیە خۆی بکاتە قوربانی. ئەگەر لە سیاسەتەکە کار نەکات کاری دیکەی چۆن بۆ دەکرێ و چۆن پارەی خۆی خەرج بکات، یان ئەگەر پارەداریش بێت پارەی خۆی لەم رێگەیە خەرج ناکات، بۆیە دەبێت هەر لە رێگەی سیاسەتەوە بۆ ئەم بوارە کار بکات.

*** لەماوەی ئەو سەد ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردیدا گرنگیەکی زۆر بە مرۆڤ دراوە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە؟**

** ئەو ململانێیەی لە نێوانی ناوەندەکانی چەپ و راست و ناوەڕاست هەبوو کە لە نواندنی چالاکی سیاسیدا دوژمنی یەکدی بوون، هەریەک بە ئایدیۆلۆژیای خۆی خزمەتی وڵاتەکەی کردووە، بەڵام بە داخەوە لە رۆشنبیری کورد و لە سیاسەتی کوردی ناوەڕاست قەت نەیوێراوە سەر هەڵبێنێ. ئێستاش دوو حزبی دەسەڵاتدار هەیەو دیسان ناوەڕاست بووەتە پەراوێزی هەردوو حزبەکە.

*** ئەگەر بەراوردێک لەنێوان قۆناغەکانی مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی بکەی، وەک سەردەمی رۆژنامەنووسی نهێنی و سەردەمی شاخ و شۆڕش و سەردەمی دانوستانەکان و رۆژنامەکانی حکومەتی ناوەندی و دوای راپەڕین، چ جیاوازیێک لە نێوان قۆناغەکاندایە؟**

** زۆر زەحمەتە ئەو وردپێویە دەستنیشان بکرێت؛ بڵێی فلان (٢٠)ی وەرگرت و فلان (٢٥)ی وەرگرت، زۆر زەحمەتە ئەم شتانە دەست نیشان بکرێن. بۆ نمونە من دەڵێم هاوین گەرمە/ بەڵام نازانم کام رۆژی لەکام رۆژی گەرمترە.

*** کامیان سەرنجی جەنابتانی پتر راکێشاوە، کامیان کاریگەرتر بووە لە تەکوینی تۆدا؟**

** بە ڕای من رۆژنامەگەری بەپێی کەش و هەواو بارودۆخی ژینگەو وڵات بووە، ئەگەر بارودۆخ خۆش بووبێ باش بووەو بە پێچەوانەوە خەراپ بووە. ئێستا کوردستان ئابلۆقە دراوە، هەردوو حزبەکە لەگەڵ یەکدی دڕدۆنگن و هەر قۆناغێک بەپێی بارودۆخ کاری خۆی کردوە.

*** بەڕێزتان بە حوکمی ژیانتان لە بەغدا، لەگەڵ رۆژنامەنووسی ئەوێدا ژیاوی، هەندێ را هەیە پێی وایە سەلبیات لەناو رۆژنامەکانی دەرەوەی دەسەڵاتداری کوردیشدا زۆرە، تۆ کامیان زۆرتر دەبینی؟**

** ڕۆژنامەیەکی کوردی لە بەغدا دەرچێ دەبێت ئاگای لەخۆ بێت کە سەدام حوسێن چی دەوێت و لە چی توڕەیە. وەکو دەڵێن ئەگەر لە خەتی سور لابدات پێی دەبڕنەوە. من کە دەنووسم گوێ نادەمە هیچ کەسێک و ئەوی لەناو دڵمە ئەوە دەنووسم و تا ئێستا هەموو شتێکم بە ئازادی تەواوەوە نووسیوە. لە دائیرەی ئەمنەوە پێمگەیوەو گوتویانە ئەگەر لەسەرەوە فەرمانمان پێ نەکرایە نەماندەهێشت وا بنووسی. ئەو ساڵەی کە چوومە ئوردن و ماوەیەک لەوێ بووم. حکوومەت بە دوایدا ناردم کە بگەڕێمەوە. کە هاتمەوە یەکێکی زۆر گەورە لەگەڵم دانیشت کە نوێنەرایەتی سەدام و حکوومەت و حزبی دەکرد، لەسەر مەسەلەی کورد قسەی لەگەڵ کردم و گوتی لەگەڵ کێ بین و چۆن بین.. هەر لەو دانیشتنە پێی ڕاگەیاندم کە هەرچی لە مێشکمدایە بینووسم و بەراشکاوی بڵاوی بکەمەوە. ئەو شتانەی کە بڵاویشم کردونەتەوە ئەگەر هی من نەبن هەرگیز لە کەسی دیکە قەبوڵ ناکەن.

*** لەوەدا من تێدەگەم کە لایەنی ئیجابی بەرای جەنابت، لەو بەشە لە ڕۆژنامەنووسیدا یەکجار زۆر بووە، ئێستا کە لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی نزیک دەبینەوەو خەریکە گەورەترین ڤیستیڤاڵ بۆ ئەم یادە بەڕێوەبچێت، چ قسەیەکت هەیە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد بیکەین، پێت وایە دەبێت لەمەودوا چی بکرێت؟**

** لە ڕاستیدا ئەوەی من ئاگام لێ بێت تا ئێستا کەس خۆی نەفرۆشتووە، بەتایبەتی ئەوەی دەیناسم و سەرپەرشتی چاپ و ڕۆژنامە دەکات، ئەوەش کە نایناسم نازانم.

*** ئەو کۆمەڵە ئەفەندییەی کە من بە نووسەرو ڕۆژنامەنووسیان دەزانم، لەسەرگەی تەواوبوونی سەدساڵەی ڕۆژنامەنووسیدا، بەڕێزت وەک نووسەرێکی خاوەن ئەزموون چ قسەیەکت هەیە ئاراستەیان بکەیت؟**

** زۆر زەحمەتە پیاو جورئەتی ئەوە بکات و بڵێ واز لەلاپەڕەی خۆت بهێنە، دوو مانگ پێش ئێستا کە مانگ گیراو خەڵکی تەپڵیان لێ دەدا، ئایا بە قسەی کەسیان دەکرد؟ ئەگەر بیانگوتایە تەپڵ لێ مەدەن، ئەوان تەپڵی خۆیان هەر لێدەداو وا تێگەیشتبوون کە ئەجندە مانگی گرتووە.

*** بەواتا پێت وایە ڕۆژنامەنووسانی کورد دوای ١٠٠ ساڵ لەکاری ڕۆژنامەنووسی ئەوەندە کەللە ڕەقن کە هیچ پەیامێک قەبوڵ نەکەن؟**

** قوربان ڕەئی من وەرناگرن، مەگەر حزبەکان چاویان لێ سوور بکەنەوە و بیانهێننە سەر ڕای من.

*** واتا ڕۆژنامەنووسی کورد گوێ لە مست و ڕامهاتووە؟**

** من ئەوە ناڵێم، پیاو کە گەیشتە ڕادەی کوشتن ئازانیە. من هەرگیز بەدەست خۆم خۆم نەهاوێشتوەتە بارێکی وا کە بمکوژن. دەبێت ڕۆژنامەنووس قەڵەم و زمانی پاک بێت و بۆ کوردایەتی بێت، ئینجا دوای شتی دیکە بکەوێت، لەو قسەیە شەرم ناکەم ئەوەی کوردایەتی نەکات حەرام زادەیە.

پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار (١٩٩٨):
ڕۆژنامەنووس دەبێ فەیلەسوف بێ

لە یادەوەری تێپەڕبوونی (١٠٠) ساڵ بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردیدا بە پێویستمانزانی دیمانەیەکی (مێژوویی – هەڵسەنگاندن) و گەلێ بابەتی دیکە لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر (دکتۆر مارف خەزنەدار) ساز بکەین، ئەمەش پوختەی ئەم گفتوگۆیەیە:

*** سەرۆ قادر: بەڕێزتان وەک نووسەر و لە هەما کاتیشدا وەک ڕۆژنامەنووسێکی کۆنی ئەم وڵاتە حەزدەکەین هەڵسەنگاندن و راو بۆچوونی خێرات بزانین لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانی عێراق و هەروەها پارچەکانی دیکەی کوردستانیش چۆن باس لەو سەدەیە دەکەی کە کاری ڕۆژنامەنووسی کوردی تێدا کراوە؟**

**** مارف خەزنەدار:** ڕۆژنامەگەری کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا دوایی سەدەی بیستەم، ئەم ماوەیە بە تەنیا نەک بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی گرنگە، بەڵکو بۆ ڕۆژنامەگەری دنیاش بایەخی خۆی هەیە، چونکە ڕەنگە ڕۆژنامەگەری لە هەندێ وڵات بگەڕێندرێتەوە بۆ پێش مەسیح، گوایە لە وڵاتی چین بووە، لە ئەورووپا دوای شۆڕشی فەرەنسا زۆر پێشکەوتووە، بەڵام پێشکەوتنە هەرە گرنگەکەی بەلای منەوە لە سەدەی بیستەم بووە، سەدەی بیستەمیش لە نیوەی دووەمی، لەنیوەی دووەمیش لە چارەگی دوایی سەدەی بیستەم، ئەویش کە کۆمپیوتەرو ئەلکترۆنات هاتە گۆڕێ و پەیدا بوون، بۆ نموونە دوای شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ ڕۆژنامە و گۆڤار زۆر دەرچوون ئێستا لە کتێبخانەکاندا سەیریان بکەین دەبینین زۆربەیان لەسەر کاغەزی زەردو بەرەش و سپی چاپکراون. بەڵام سەبارەت بە کوردەوە زۆر گرنگە، گرنگیەکەشی لەوەدایە هەندێ ڕواڵەتی خۆیی و زاتی داوەتە مەسەلەکە، کە لە ڕۆژنامەگەری وڵاتانی دیکە نەکات، لەوانە یەکەمیان دابەشبوونی کوردستان بووەتە هۆکارێک بۆ دواکەوتنی باری ڕۆژنامەگەری، لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەی ڕۆژنامەگەری نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکو لەو وڵاتانەی کوردیش لە گەڵیاندا دەژی و بە گشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕستدا، دواکەوتووە و درەنگ گەیشتوەتە ئەم ناوچەیە، ئەگەر بەراوردی خۆمان لەگەڵ بەغدا بکەین هەموو (٢٠) ساڵێک جیاوازی هەیەو ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (زوراء) لە بەغدا دەرکردووە. ئەوەی ئێمەش بە ماویەکی کەم دوای (زوراء) لە قاهیرە دەرچووە. چونکە بارودۆخی ئەو کاتە وایکردووە کوردی ئەو سەردەمە نەتوانن لە وڵاتی خۆیاندا دەری بکەن، ئینجا دوای دەرچوونی (کوردستان) و (مەشروتیە)ی عوسمانی و پەیدابوونی حوریەت و جەماعەتی (ئیتحاد و تەرەقی) ئەمانە تۆزێک دایلەنگاندەوە بەلای مافەکانی کورد و بووە جۆرێک زەوینە لە باربورون بۆ ئەوەی کوردیش بتوانێت لە

ئیستەنبوڵ کار بکات، ئەوساکەش ئیستەنبوڵ نێوەندبووە، بێگومان دوای قاهیرە. ئێمە لە کوردستاندا بنکەی گرنگمان نەبووە ئەوەی سەرەکی بوو بێت لە بەغدا بووە، جا دوای ئەوەی کوردستان جارێکی دیکە پاش شەڕی یەکەمی گێتی دابەشکرایەوەو دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١ — ١٩٢٥) دروست بوو راستیەکەی بڵێین لە ساڵی ١٩٣٠ کە رۆژنامەگەری دەستی پێکرد سەبارەت بە کورد و عەرەبیش لە عێراقدا ئەوە پێشکەوتنێکی گەورە لە بەغدا و لە سلێمانی هاتەکایەوە، دەبێ ئەو ماوەیەش لە بیرنەکەین لە ساڵی (١٩٢٦) حوسێن حوزنی بەهەشتی چاپخانەیەکی لە حەلەبەوە هێنا بۆ رەواندوز ئەویش زۆری نەخایاند، یەک دوو ساڵ هەندێک ژمارەی زاری کرمانجی دەرکرد و کۆمەڵێک کتێبی بڵاوکردەوە لە پاش ئەوە وەستا.

ئەوە بوو چاپخانەکە دەستی بەسەر داگیرا، پاشان هاتە هەولێر و لە (١٩٣٥-١٩٣٦) یازدە ژمارەی رووناکی دەرچوو، ئەوە یەکەمین چاپکراوی دەوریە کە لە هەولێر بە زمانی کوردی دەرچووە. پاش ئەوە چاپخانەکە دەستی بەسەرداگیراو لە موسڵ مایەوە تا مردنی حوزنی بە هەشتی. دوای ئەوە خوالێخۆشبوو گیو موکریانی چاپخانەکەی وەرگرتەوەو لە ساڵی (١٩٥٠) لە هەولێر دایمەزراندەوە و ناوی نا چاپخانەی کوردستان، ئینجا رۆژنامەگەری کوردیمان لە بەغدا هەبووە بە حوکمی ئەوەی چاپخانە لە بەغدا زۆر بوونە. ئەو رۆشنیرانە بریتی بوون لەو قوتابیانەی کە پۆلی پێنجەمی ئامادەییان تەواو دەکرد و بۆ خوێندن دەچوونە بەغدا، هەر لەبەر ئەمەشە دروست بوونی کۆمەڵە و حزبە سیاسیەکان لە بەغدا بووە، وەک (هیوا) هەروەها (دارکەر)یش لە کەرکوک درووست بوو، بۆ؟ چونکە لە رەواندوز و هەولێر و کۆیە قوتابخانەی ئامادەیی لێ نەبوو، دیارە لە تەمەنی (١٧ و ١٨) هەستی نیشتمانی پەیدا دەبێت، ئەمەیان بواری رۆژنامەگەریش دەگرێتەوە. جا بەغدا وەک نێوەند مایەوەو دوای شۆڕشی گەلاوێژیش حزبەکانی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و گروپە نیشتمانیە عێراقیەکانی دیکە رۆڵیان بینی لە دەرکردنی رۆژنامەدا.

ئەوەی سلێمانیش وەک خۆی مایەوەو پاشان بووە هی شارەوانی و ئینجا هی پیرەمێرد و ژین و ژیانەوەی پێ دەردەکرد تا ئەم دواییەش بەردەوام بوو، هەڵبەت ئەوێش وەک بنکەیەکی رۆشنبیری گرنگ بوو بۆ باری رۆژنامەگەری، بەڵام دوای ئەو گۆڕانکاریانەی هاتنە کایەوە ئەوە بوو حکوومەت و دەوڵەت بوونە خاوەن رۆژنامە، ئەوەیان کوردیشی گرتەوە لە دوای (١٩٦٨) بنکەیەکی گرنگ لە بەغدا دامەزرا و وەزارەتی راگەیاندن ئەرکەکەی خستە سەر شانی خۆی و تا ئێستاش گۆڤارو رۆژنامە دەردەکەن.

*** مامۆستا مەسعود حەمەد پێی وابوو دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) لەلایەن بەدرخانەوە لەبەر نزمی ئاستی رۆشنبیری کورد بوو، هەروەها لە بێکەسی و لە ئەنجامی ئەو چەوساندنەوەیە بوو کە لە کردستان هەبووە، بۆیەش ئەم رۆژنامەیە لە شوێنێکی وەک قاهیرە دەرچووە، لە کاتێکدا بەرێزتان پێتان وایە دەرفەت لە ئەستەنبوڵ و بەغدا هەبووە هەر لەسەرەتاوە ئەم رۆژنامانە دەربچن، ئایا بەرێزتان لەگەڵ ئەوەدان لایەنی نزمی رۆشنبیری بەشێک بووە لەو هاندەرەی کە وایکرد بەدرخان لە قاهیرە رۆژنامەکەی دەربکات؟**

****** بێ گومان. بەڵام مەسەلەکە بەلای منەوە بەمجۆرەیە ئێمە ئەگەر بەدرخانیەکان وەک بنەماڵەیەک وەربگرین رۆڵیان لە مێژووی کورددا هەبووە، ئەوانە لەسەدەی نۆزدەهەم رۆڵێکی سیاسی عەسکەریان

هەبووە لە هەڵایساندنی شۆڕشەکان و بە تایبەتیش لە دوای ساڵانی پاش بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا، بەدرخانیەکان وردە وردە بەرەو لێژی چوون.

*** ئەی لەرووی رۆشنبیریەوە؟**

****** لە رووی رۆشنبیریەوە جموجۆڵیان هێندە نەبووە، بەڵام بەهۆی ئینتیمای بنەماڵەوە کە دەوڵەمەند و میر بوون رۆشنبیریان تێدا هەڵکەوتووە، بۆ خوێندن چوونەتە ئەورووپا، بەلای منەوە کرۆکی کۆششی ئەوان جارێ دیار نەبوو ئەو کۆششە کەی دروست بوو، پێم وایە دوای ئەوەی شۆڕشەکە لە بەین چوو ئەوان پەڕاگەندە بوون لەوێ رۆژێدا زۆریان چوونە سوریا، دیارە مەدحەت بەدرخان ئەو کاتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەبەر چەوسانەوە بۆی نەکراوە رۆژنامەکە لە ئەستەنبوڵ دەربکات، ئەو کاتە قاهیرەش هەر سەر بە عوسمانی بوو، بەڵام جۆرێک لە بێلایەنی و پتریشی پێوە دیار بوو، هیچ نەبێت دروشمەکان هەر ئەستێرەو مانگەکە بوو، کەچی هی تورک سوور و هی میسر سەوز بوو، لە پاشاندا شاڵاوی ناپلیۆن و ئیمپریالیزمی فەرەنسا و ئینجا بەریتانیا و نەفسی تورکیاش ئەمانە هەمووی بەسەر میسرەوە بوو. واتا چاکترین جێگە بوو میقداد مەدحەت بەدرخان بتوانێ رۆژنامەکەی تێدا دەربکات و لە چاپخانەی (هلال) لە چاپی بدات، دوایش نەیتوانی لەوێش بەردەوام بێت چەندین جێگەی پێکرا وەک ژنێف، فۆکستۆن، لەندەن. هتد. دوای ئەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەبینین چەند ژمارەیەکی لە ئەستەنبوڵ دەرچووە واتا جۆرێک هەلومەرجی مێژوویی لەبار بووەو جۆرێک دیموکراسیەت لە ئارادا هەبووە لە حوکمی عوسمانیدا، دیارە ئەو گرنگیدانە بە فکرو ئەدەب مانای وایە بارودۆخەکە گۆڕاوەو جۆرە ماندووبوونێکە لە سیاسەت، تاکو لای خۆشمان ئاوهایە جەماعەتێک شۆڕشیان هەیە بۆ کاتێکی دیاریکراو دادەمرکێتەوە ئەوانە چی دەکەن..؟ خۆیان کۆدەکەنەوەو دەچنە شاخ و مەشق دەکەن و گرنگی بە ئەدەب و رۆشنبیری و خوێندەواری دەدەن و چاوەڕێی بارودۆخێکی دیکە دەکەن. لێرەدا مەبەستمان کۆششەکەیە.

*** هەوڵی بیرکردنەوەی بەدرخانیش بۆ هەڵبژاردنی قاهیرە پتر بیرکردنەوەیەکی سیاسی بووە، کە لەبارترین شوێن هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بتوانرێ بەردەوام بێت..؟**

****** دیارە ئەوە قسەو باس و لێکدانەوە زۆر هەڵدەگرێ، رەنگە نهێنییەکەش نەزاندرێ، بەڵام زۆر شوێن گەڕاون لە قاهیرەوە بۆ لەندەن و ژنێف و ..هتد.

*** بەڕێزتان یەکەمین کەسن لەو لێتۆژەرەوانەی یەکەم ژمارەی (کوردستان)تان دۆزیەوە، ئەگەر بکرێ بەخێرایی بۆمانی بگێڕیەوە؟**

****** زۆر باسی ئەو لایەنە کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆنەی (١٠٠)ساڵەکەیە رەنگە جێی خۆی بێت بە کورتی جارێکی دیکە باسی بکەم، بەراستی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بەلای هەموو خوێندەوار و رۆشنبیری کورد و تاکو رۆژهەڵاتناسەکانیش ئەوانەی خەریکی رۆشنبیری کوردین گرێیەک بوو. وەک دەڵێن نەدەزانرا لە چ ساڵێک و چ مانگێک و چ رۆژێک رۆژنامەکە دەرچووە، کاتی خۆی کە ئێمە دەمان بیست دەیانگوت لە ساڵی (١٨٩٧) دەرچووە، لەبەر ئەوەی هیچ ژمارەیەکیان بە تایبەتی ژمارە (١) مێژووی میلادی لەسەر نیە، بەڵکو دوو مێژووی لەسەرە یەکیان (هیجری) ئەوی دیکەیان (رۆمی).

ڕۆژهەڵاتناسێکی هۆشیارو زیرەکی ئینگلیز (ئەدمۆنز)ساڵی (١٨٩٢)ی بۆ داناوە، کە نووسینەکانی زۆر وردە، پیاوێکی ئەکادیمیە، ڕاستە عەسکەریە، بەڵام مامۆستایە، بەهەر حاڵ ئەوە گرێیەک بوو، دوای ئەوەی دەرفەت بۆ من و چەند قوتابیەکی دیکەش ڕێکەوت بۆ خوێندن چووینە ئەورووپا و لەوێ لە شەستەکاندا قوتابی بووم سەر و سۆراغی ئەو بابەتانەم دەکرد کە سەبارەت بە کورد نووسراون، ئەو ژمارەیەک لە (ئامۆژگەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لینیگراد) دەستکەوت و دۆزیمەوە، ئەو کات ساڵانی (٦٦ و ٦٧) بارودۆخ بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بە هیچ جۆرێک لەبار نەبوو، تاکو مانەوەی ئێمە لەدەرەوە ئەوە هۆکارەکانی بوو، وەک دەزانین لە (١٩٦٧) بەیانی مافی نەتەوەیی دەرچوو، عەبدولڕەحمان عارف ئەو کاتە لەسەر حوکم بوو، نێوان شۆڕشی کورد و بەغد بڵێین تۆزێک باش بوو، هەندێک ڕێککەوتن و شتی نێوان هەر دوولا هەبوو، بەشێک لە ڕۆشنبیرەکانی شۆڕش گەڕانەوە بەغدا لە مایسی (١٩٦٧) ڕۆژنامەی (التاخی) و پاشکۆکەی (برایەتی) کەوتنە دەرچوون، هەر ئەم هەلومەرجە بوو وایکرد ئێمە زۆرمان بگەڕێینەوە ناوەوەی وڵات، من لە بەهاری (١٩٦٨) هاتمەوە، یەکێک لەو شتە بە نرخانەی هێنامەوە (ئەنیکۆ فیلمی) ئەو ژمار یەکەی (کوردستان) بوو. وتارەکەم بە عەرەبی و بەکوردی ئامادەکرد و لەگەڵ بەهەشتی ساڵح یوسفی ڕێکەوتین کە ڕۆژی (١٩)ی نیسان بڵاوبکرێتەوە، ئەو ڕۆژەش دەکەوێتە ڕۆژی هەینی، ئەو کات ڕۆژانی هەینی ڕۆژنامە بە تیراژێکی پتر چاپ و بڵاو دەکرایەوە. ئێستاش لە ئەورووپا ئاوهایە، ڕۆژانی یەکشەممە ژمارەی تایبەتیەو زۆری لێ چاپ دەکرێت. جا عەرەبیەکە کەوتە (١٩)ی نیسان و کوردیەکەش کەوتە (٢٢)ی نیسان.

*** ئەگەر لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە دەست پێ بکەین تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە، تا چەند ڕۆژنامەکانی کوردی سیمای ڕۆژنامەیان پێوە بووە؟**

****** لەسەرەتادا ڕۆژنامە بە هەوڵی تاکە کەسی پەیدا بوو، وەنەبێ حکوومەت و دەوڵەت و حزب لە پشت دەرکردنی ڕۆژنامەوە بووبێت، لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا ڕۆژنامە هەر نەبووە، کە درووستیش بووە لاساییکردنەوەی عوسمانی بووەو ئەوانیش لە ئەورووپایان وەرگرتووە، بۆ نموونە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق سێ کەس ئیمتیازی ڕۆژنامەیان وەرگرتووە یەکێکیان هەر نەخوێندەواربووە، بۆیە تا ئێستاش یاسا ڕێگە دەدات خاوەن ئیمتیاز بازرگانێک بێت، بەڵام سەرنووسەر دەبێت خوێندەوار بێت، ڕەنگە پارتی کۆمۆنیستی عێراق یەکەمجار وەک حزب ڕۆژنامەیان دەرکردبێ جا نهێنی، یا ئاشکرا، ئەوەیان گرنگ نیە، وەک گووتم لە کوردستانیش هەر ئەو ئەزموونەی سلێمانی کە (سۆن) کاتی خۆی چاپخانەکەی دانا ئەوە هەر مایەوەو بەردەوام بوو، بەڵام ئەوی دیکە هەر هەمووی لە بەغدا بووە، ئەوەشمان لە بیر نەچێت چاپخانەی کوردستان لە هەولێر لە (١٩٥٠ — ١٩٥١) ئیمتیازی هەتاوی وەرگرتبوو کە مامۆستا کیو دەری دەکرد. تا ئەو کاتە هیچ ڕۆژنامەیەکی حکومەتی نەبووە تەنیا (الوقائع العراقیە) نەبێت کە هیچی تێدانیە لە یاسا بترازێت. لەدوای شۆڕشی گەلاوێژیش ڕۆژنامەکان هەر ئەو ڕۆژنامانە بوون کە پێشتر دەردەچوون (اخبار، زمان، بلاد)...تاد، هی کوردیش (شەفەق لە کەرکوک، ژین لە سلێمانی، هەتاو لەهەولێر).

*** هەر لە قاهیرە و تاکو بەغدا و هەولێر و سلێمانی ئەوانە لە ڕۆژنامەگەری کوردی بە قۆناغ دەژمێردرێن؟**

** بەڵێ چونکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەها لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوەش گۆڕانکاری هاتۆتە ئاراوە، ئینجا رۆشنبیرەکانیشمان کە لەدەرەوە گەڕاونەتەوە کەوتوونەتە بەغدا بە حوکمی ئەوەی زانکۆ لە کوردستان نەبووە، بەغدا و کەرکوک بنکەی حزبە کوردیەکان بووە، لە سلێمانی و هەولێر نەبووە، چونکە بچوکی شارەکان و هەلومەرجی ئەوێرۆژێ وابوو.

*** سەبارەت دەرچوونی رۆژنامەی کوردی لەپارچەکانی دیکەی کوردستان، دەکرێ بە خێرایی ئاماژەیەک بەو ئەزموونانە بدەی؟**

** یەک لەوانە سوریا دوای شۆڕشی بەدرخانیەکان و بڵاوبوونەوەیان لەم وڵاتە بە تایبەتیش برایانی جەلادەت و کامەران بەدرخان کەوتنە شام. سوریا و لوبنان لە ژێر ئینتیدابی فەرەنسا بوون. لەدوای جەنگی گێتیی یەکەم کاتێکی بۆ دانرابوو کە لە (١٩٤٧) تەواو بێت، پاش جەنگ لە سیەکانەوە بەهۆی ئینتیدابی فەرەنسییەوە بەدرخانیەکان دەرفەتێکی باشیان دۆزیەوە کە لەوێ دەزگەیەکی کوردی دابنێن و ئەلف و بایەکی لاتینیشیان دانا و کۆمەڵێک گۆڤاریان دەرکرد وەکو (هاوار، رۆژا نو) تا دوای جەنگی دووەمی گێتی دەوامی کرد، لە تەک گۆڤاردا کۆمەڵێک کتێبیش چاپ کران، تا زمانی کوردی قەدەغە کرا. سەبارەت بە ئێرانیش کە سوپای هاوپەیمانەکان واتە رووس و ئینگلیز و ئەمەریکا چوونە خاکی ئێران جۆرە هەلومەرجێک هاتە گۆڕێ ئەوەبوو کۆماری مهاباد دامەزرا، بەڵام رۆژنامەگەری بەر لەوە دەستی پێکردبوو، هەڵبەت لەسەردەمی کۆماردا بە هێزتر بوو، ئیدی ئەوانیش وەک دەزانین کۆمەڵێک گۆڤار و رۆژنامەیان دەرکرد لە هەموویان گرنگتر ئۆرگانەکەیان بوو (کوردستان) کە تا ئێستا بەردەوامە، جگە لەوەش هەوڵی تاکە کەسیش لە ئێران بۆ رۆژنامەگەری کوردی دراوە، دەبینین کوردە گۆڤاری بە فارسی دەرکردووە، هەموویشی لەسەر کوردە، وەک گۆڤاری ماد کە کاتی خۆی د.محەمەد موکری دەری دەکرد، لەپاش (١٤)ی تەمموزیش رۆژنامەیەکی یەکجار زۆر ناسراویان هەیە (کوردستان) ئەویش حکوومەت دەری دەکرد لەکاتی خۆیدا ماوەیەکی چاک بەردەوام بوو، بەڵام سەبارەت بەسۆڤیەت ئەوە لە ساڵی (١٩١٧) چەسپا، هەرسێ کۆمارەکەی (ئەرمەنستان، ئازەربێجان، گورجستان) کوردی زۆری لێیە، لە سەرەتادا هەموو مافێکی رۆشنبیری نەتەوەییان وەرگرت، ئەلف و بێیان لەسەر بنەمای لاتینی بۆ دانرا لە ساڵی (١٩٣٠ -١٩٣١) دەستیان بە جموجۆڵ کرد ئەمە ساڵی (١٩٣٩) داخران، وەک دەزانین نەک ئەو چاپەمەنیانە داخران بەڵکو کوردەکەش ئاوارەودەربەدەر کران تا پاش جەنگ

*** تا داوی مردنی ستالین؟**

** نەخێر، دوای شەڕ ستالین مابوو، ئەمانە دواتر بە سیاسەتی خۆیان داچوونەوە سەبرەت بە ناوچەی قەفقاز بە تایبەتیش بەرانبەر بە کورد، وا دەزانم بڕیارەکەیان بۆ ئەوە بوو کە کورد مافی رۆشنبیری پێ بدرێ و ببێتە وەرەقەیەک بە دەست حکوومەتەوە (وەک دەڵێن)، ئەوە بوو کورد لە ئاسیای ناوەڕاست نەماو هەمووی لە ئەرمەنستان کۆببووەوە، لەوێ سەر لەنوێ دەستیان پێکردەوە، بەڵان ئەلف و بێیەکەیان گۆڕین، کرا بەو ئەلف و بێیەی رووسی پێ دەنووسرێ، ئیدی کتێب و کتێبی قوتابخانەو حزبی شیوعی دەستەڵاتی بەسەر مەسەلەکە دا هەبوو، رێیاتازە بە تەمەنترین رۆژنامەیە تا ئێستاش دەردەچێ، دیارە لە رووی

چۆنایەتییەوە نالێم، بەلام لە رووی چەندایەتیەوە ئەگەر بەراوردی بکەین بەشوێنەکانی دیکە لە هەر هەموویان باشترە بە کوردستانی عێراقیشەوە بە تایبەتی لە رووی کتێب چاپکردنەوە.

*** رۆژنامەنووسی کوردی چەندە کەوتووەتە ژێر کارتێکردنی رۆژنامەو رۆژنامەنووسانی دەوروبەری، بەتایبەتی شێوازی رۆژنامەنووسی ئایە بەلایەکدا پتر کاریگەری بەسەرەوە یان لە هەموو لاکان وەک یەک، کامیان ئێستاش لەسەر باری رۆژنامەگەری کوردی بەردەوامە؟**

** لە بنەڕەتدا کاریگەری ئەورووپا بەسەر هەمووانەوە دیارە، هەر لەبنکەی رۆژنامەگەری ئیستەنبوڵ و میسرەوە چونکە ئەم جووتەش لەسەرەتاوە لە ئەورووپایان وەرگرت و دەتوانین بڵێین یەک سیستەم بوو، جا لەگەڵ سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق، سۆن لە سلێمانی دابنیشێ و گۆڤار دەربکات دیارە شێوازەکەی لە هی تورک جیانیە، چونکە تورکیاش هەر لە ئینگلیزەکەی وەرگرتووە. بەلام لە هەمان کاتیشدا داهێنانە و دەبێ هەر شوێنە شێوازە نەتەوەییەکەی خۆی وەرگێ، ئەمەش لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە دەگۆردرێ.

*** واتە رۆژنامەنووس و رۆژنامەی کوردی ئێستا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە؟**

** بەڵێ.. ئەگەر سەیری گۆڤاری رامان بکەین سەیری بکە و دابەشی بکە بابڵێین لە رووی دیموگرافیەوە مەبەست دیمۆگرافی جیهانیە، چەند دەلاقەیەک دروست دەکەین، وتارەکان هەریەکەو لە دەلاقەی خۆی دادەنێین، دەبینین بەشی رۆشنبیری جیهانی تێدایە، بەشی رۆشنبیری هاوسێکانی تێدایە، لە هەمان کاتیشدا بەشی کوردیشی تێدایە، ئەوە لە رووی ناوەڕۆک، بەلام ئێمە جێبەجێکردنەکەمان بە کۆمپیوتەری ئەوانە، دیارە ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە لەئەورووپا دەردەچن بتەوێ و نەتەوێ ئێستا کار لە جەنابت دەکات.

*** راستە. بەلام رایەک هەیە دەڵێ رۆژنامەنووسی ئێستە لە هەرێمی کوردستان زۆر لە ژێر کاریگەری رۆژنامەنووسی عێراقیەو لاسایی ئەوان دەکاتەوە، هەروەها رۆژنامەنووسی کورد لەم ئاو و هەوایە هەڵکەوتووە، بۆیە ناتوانێ خۆی لەم کاریگەریە رزگار بکات هەر چەندە شێوەیەکی کوردی پێوەیە، بەلام شێوەیەکی شێواو، ئێوە دەڵێن چی؟**

** نا . شێوازەکە هەمان شێوازە، چونکە نابێ دووشت تێکەڵ بکەین، لەوێ حکوومەت دەسەلاتدارە لێرەش حکوومەتی هەرێم، بەلام هۆکارەکە ئەوەیە ئێمە رۆژنامەی کەرتی تایبەتمان نیە، ئەمەش هۆکاریخۆی هەیە، دیارە رۆژنامەی کەرتی تایبەت، چونکە ئۆرگان نیە رێڕەوی تایبەتی خۆی دەبێ و جیادەبێتەوە لە رووی شێوازو تاکو ناوەڕۆکیش.

*** لە قسەکانی بەڕێزتان دوو رەوت سەرنجی راکێشام کە لەناو رۆژنامەگەری کورد رۆڵیان گێڕاوە، یەکیان گرنگیدانی راوێژکارە سیاسیەکانی ئینگلیز و ئەوەی دیکەیان ئایدیۆلۆژیی کۆمۆنیزمی لە پێناوی گەشەدان بە تێکۆشانی سیاسی خۆیان، کاریگەری کامیان تا ئێستا بەڕای بەڕێزتان ماوە؟**

** کۆمۆنیستەکان پتر.

*** لە ئینگلیزەکان هیچ سیمایەک نەماوە ئاماژە پێ بدەیت؟**

** ڕۆژنامەگەری ئینگلیز لیبرالیەتی تێدایە، بەڵام هی ئێرە بێ لیبرالیەتە، تۆ لێرە بەرنامەی ئەو حزبە یان ئەو دەزگایە جێبەجێ دەکەی کە دانراوە، دیارە یەکێکی وەکو سۆن مەبەستێکی هەیە، دەیەوێ میللەتی کورد لە رووی ڕۆشنبیرییەوە دروست بکات، گرەو بۆ چاکترین نووسینی کوردی دادەنێ، مانای وایە نووسینی کوردی کزبووە.

پارەیان دەداتێ، پارە دەدا بەخەڵکە خوێندەوارەکە چیرۆک بنووسێ، وتار بنووسێ، شتێکی جوان بنووسێ و لیژنەی بۆ دادەنێ و دەڵێ ئەمە کوردیەکەی پاکەو پاداشتی دەداتێ.

راستە ئەو بۆ ئامانجێکی سیاسی خۆی بووە، بەڵام کارەکە پیرۆز کەوتۆتەوە، ئێمە کاتێ دەمان گوت ئیستعمار هەمووی هەر خراپ نیە، ئەوەتا وڵات ئاوەدان دەکاتەوەو پرۆژەت بۆ دادەنێ و دوایش دەڕواو جێیدەهێڵێ.

*** زمان هەر لەسەرەتاوە یەکێک بووە لە پێکهاتەکانی باری ڕۆژنامەگەری و پێشخستنی، یەکێک لە ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەوەیە بە زمانێکی یەکگرتوو نەنووسراوە، هۆکارەکانی زۆرجار باس کراوە، ئایە زمان چەندە ئاستەنگە لەبەردەم ڕۆژنامەگەری کوردی، هەروەها ڕۆژنامەنووسی چەندە هاریکاریپوختەکردنی زمانی کوردی دەکات؟**

** ئەوە پرسیارێکی گرنگە، سەرەتا بە گشتی بڵێین بۆ هەموو دیالێکتەکانی شێوەکانی زمانی کوردی چاپەمەنی کاری کردوەتە سەر پێشکەوتن و بابەتەکانی وەک شیعرو چیرۆک و ..هتد، جا بۆ نووسینی کوردی بە هەردوو شێوەی میللیانە بڵێین (بادینی و سۆرانی) سێ ئەلف و بێمان هەیە، پێموایە تۆزێک موبالەغە دەکەین ئەگەر بڵێین ئەوە کار دەکاتە سەر پێشکەوتنمان، راستە نەبوایە باشتربوو بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ هەردەبێ کوردی کوردستانی سوریا و تورکیا بە لاتینی بنووسن، چونکە تورکەکەش هەر بەلاتینی دەنووسێ، تاکو لە تورکیا پیاوانی ئاینیش بۆ کوردی نووسین لاتینیەکە بەکار دێنن، ئەوی دیکە بۆ نووسینی عەرەبی بەکار دێنن ئەگەر هاتوو عەرەبی زانی.

بەڵام کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران پیتی عەرەبی بەکار دەهێنن لە هەردووڵاشدا گەشەیان پێداوە، ئەلف و بێیەکان گەیشتوونەتە ئەوە بەشی زمانی کوردی بکات، ئەوەی رووسیاش دەبێتە سێیەم، دیالێکتەکە کرمانجی سەرووە. پاشان رۆژێک لە رۆژان بۆ لێکۆڵەرەوەکان گرفتێک نەبووە، بۆ نموونە من بەشێوەزاری خواروو قسە دەکەم، بەڵام لە خانی و جەزیریم کۆڵیوەتەوە. هەروەها ئەولاش بەم شێوەیە.

*** دوای سەدەیەک بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی بە هەوڵوکۆششی دەرەوە و ناوەوە، بەهەرد و شێوەزاری زمان، دەبێ ڕۆژنامەنووسی کوردی بە لای تۆوە چ شێوەیەکی هەبێت بوێری چەندە، کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی چەندە..؟**

** بێگومان کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام وەک دەڵێن کۆمەڵ لە چین و توێژ پێک هاتووە، ڕۆژنامەگەری ئێمە تا ئێستە ڕۆژنامەگەری یەک رەوتە ڕۆژنامەی دەوڵەتە یاخود حزبەکانە، دیارە ئەوەش داو و دەزگە و باری ڕۆژنامەگەری لێی بەرپرس نیە، بەڵکو رەنگدانەوەی سیستەمی ئابووری ئێمەیە، بەڵام لای ئێمە کام

دەوڵەمەند هەیە بە ملیۆن پارە دانێ و دەزگەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە دامەزرێنێت و رۆشنبیری گەورە گەورە لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە. هەڵبەت نیە.

*** بوێری سەربەخۆیی رۆژنامەنووس پتر دەکات؟**

** بەڵێ، بەڵام ئەم بارودۆخە کاتیەی ئێمە وایکردووە ئەوەمان نەبێت، کە ئەوە نەبوو جارێکی دیکە بەیەک لایەنی دەمێنێتەوە، هەر چەندە ئازادیش هەبێت.

*** لە وڵاتانی بچووک و دانیشتوان کەم هەمیشە بازرگان و دەوڵەمەندەکان سامانیان بۆ بواری رۆژنامەگەری تەرخان ناکەن، بەڵام لەم جۆر وڵاتانە حکوومەت ئەرکەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی وەک وڵاتانی ئەسکەندنافی کەچی رۆژنامەنووسەکان هەر بە ئازادی دەمێننەوە؟**

** بەڵێ راستە.. بەڵام دیارە ئەگەر ئەوەش هەبووبێت گرنگ ئەوەیە رۆشنبیر بە هۆشیاریەوە مامەڵە لەتەک بارودۆخەکە بکات، من زۆر رۆشنبیر دەناسم لەو چەند دەورەیەی بەسەر عێراقدا هاتووە لە هەموو قۆناغەکان بە هۆشیاری مامەڵەیان کردووەو خزمەتیان بە میللەتی خۆیان گەیاندووە.

*** دوای راپەڕین و دروست بوونی حکوومەتی هەرێم و ئەو پچڕ پچڕیە، تەکانێک بەکاری رۆژنامەنووسی فەرهەنگی دراو ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەی رۆژانەو هەفتەنامەو گۆڤار و تەکنیکی باش هاتە پێشەوە، بەڕێزتان قۆناغی دوای راپەڕین بە قۆناغێکی نوێ لە رۆژنامەگەری کوردی دەژمێرن و لە چیدا دەیبینن؟**

** جارێ دوای راپەڕین و ساڵی یەکەم و دووەم وەکو ئەزموون زۆر سەرکەوتوونەبوو، بەڵام دوای ئەوەی گۆڤارو رۆژنامەکان دەرچوون دەتوانم بیکەم بەدوو بەش لە رووی واقیعیەوە، ئەو رۆژنامەیەی یەک وتاری لێ بخوێنمەوە ئەوە سەرکەوتووە، چونکە دیارە بە تەنیا بۆ من دەرناچێ، هەر کەسەو لاپەڕەو وتارو بابەتی خۆی دەوێ ئەوی دیکەیان کە وشەیکی تێدا نەخوێنمەوە ئەوە فت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەردەچێ ژمارەی یەکجار زۆرە.

*** مامۆستا، بەڕێز شکور مستەفا پێی وابوو دیاردەی زۆری و بۆری بە دەرچوونی رۆژنامەنووسی کوردیەوە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو پێی وابوو دوورنیە تۆخمەی پێبگرن، تا چەند لەگەڵیدای؟**

** بەدڵنیایەوە، چونکە ئێمە بۆخۆمان هەندە کادیرەمان نیە، لە خۆڕا خۆمان کردووە بە رۆژنامەنووس.
ئەوەی دەردەچێ زۆرە، لە زانکۆ قوتابیمان راسپارد سەرژمێری ئەو گۆڤارو رۆژنامانە بکاتن کە دەرچوون.
ژمارەیان (٩١)ەوە گەیشتە (٤٠٠) گۆڤارو رۆژنامە، هەڵبەت هەیە یەک ژمارە لێ دەرچووە، بەڵام ئەوەی ئێستە دەردەچێ دیسان ژمارەیان زۆر زۆرە.

*** ئەو ژمارەیەی هەمانە هی ژەمبردەیی و برسێتی و تێنوێتیە، یاخود مونافەسەی سیاسیە؟**

** بەڕاستی هەردووکی تێدایە، مونافەسەکە هەر زۆر زەقەو دیارە.

*** مامۆستا ئێمە هیچمان نەماوە ئەگەر بەڕێزتان پەیامێکتان هەبێت بۆ رۆژنامەنووسان؟ چونکە پێت وایە ئێستەش لە پرۆسەی پێکهاتن دایە؟**

** بەراستی من قسەیەکم هەیە، بە تەوازوعەوەش دەیڵێم، رەنگە قورسیش بێت، بەلای منەوە رۆژنامەنووس دەبێت فەیلەسوف بێت، ئەگەریش پێم بڵێن قورسە دەڵێم دەبێ هەوڵ بدات ببێتە فەیلەسوف

پاشان رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو ئەو ۆژنامەنووسە نیە (٦-٧) سەعات کار بکات و بچێتەوە ماڵێ، رۆژنامەنووس دەبێ (٢٤) سەعات ئیش بکات و خۆی پێ بگەیەنێ، پارێزگاری لە بیروڕای خۆی بکات.

ئەوکاتە دەتوانێ لە هەموو جێگەیەکدا ئیش بکات.

جابۆیە پێویستمان بە رۆژنامەنووسی هەیە بە هۆشیاریەوە کار بکات. دیارە ئەم هۆشیاریە هەرچەندە جیاوازیشی لەگەڵ سەرنووسەرەکەی خۆی هەبێ دەتوانێ نووسینەکانی خۆی فەرز بکات.

*** زۆر سوپاس مامۆستا بۆ ئەم دەرفەتەو لەگەڵ نووسەرو ئەدیب و مامۆستایەکی وەک بەڕێزتان کۆبووینەوە.**

** زۆر سوپاستان دەکەم بەراستی بایەخدانتان لە هەموو روویەکەوە بۆ رۆشنبیری کوردی وەکو کەسایەتی تایبەتی بۆ من جێگەی شانازیمەو سوپاستان دەکەم.

ڕۆشنبیران، چۆن لە گۆشەگیری دەرچن؟

(دەقی کۆڕێکە، لە یەکێتی نووسەرانی کورد — لقی هەولێر پێشکەش کرا. ١٩٩٩)

سەرۆ قادر

ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە پرۆسەی ڕۆشنبیریی هەر وڵاتێکدا و لە ژیانی میللەتاندا جیاوازی هەیە. بەتایبەتی لە هەردوو قناغی بەر لە سەرکەوتن و دوای سەرکەوتنی خەباتی میللی. ئێمە هەمووماس لەم واقیعەداین. ئەو پانتاییە زۆر فراوانە کە تێیدایە. لەلای منەوە ئەوە قۆناغێکە بە جێدەهێڵدرێت و دوای ڕزگاری، قۆناغی تازە دەستی پێکردووە. لەم قسەیەمدا، مەبەستم ئەوە نیە بڵێم کەسانی ڕۆشنبیر، دوای سەرکەوتن هیچ پەیوەندیان بە ڕابردووی خۆیانەوە نەماوە، هەروەها پێشموانیە کەسانی ڕۆشنبیری لە دوای قۆناغی ڕزگاریدا، بە مێژووی بەر لە ڕزگاربوون بپێورێن یان هیچ ڕۆڵێک بۆ هەڵوێستی جیا جیا نەهێڵدرێتەوە.
دەمەوێ بڵێم؛ لە دوای ڕزگابوون، ڕۆڵی ڕۆشنبیران بۆ پتەوی بەخشین بە دانیشتوانی وڵات، لە بوراەکانی مەعنەوی و ڕۆشنبیری، هەروەها ئامادەکرنی بۆ تێگەیشتنی ئەرکە نوێیەکان و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە ڕۆشنبیریانەی کۆمەڵ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی هەنگاو بهاوێژێ بەرەو قۆناغ نوێ. جا بۆیە دەکرێ بەیەک ئەندازە سەرجەم ڕۆشنبیران دەستیان تێدابێ و ڕۆڵی تێدا بگێڕن، چونکە بیروڕا پەیوەندی بە هەڵوێستی سیاسییەوە نیە، فکر کاردەکاتە سەر میللەت، کارتێکردنیش مانای تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە هەشت ساڵمان بەسەر ڕزگاریدا تێپەڕاند. هەموو لایەنەکان کاری خۆیان دەکەن و کاریگەری خۆیان هەیە، تەنیا باری ڕۆشنبیری نەبێت کە یەکجار لاوازە. ڕۆشنبیران کارتێکردنیان بەسەر ڕەوتی ژیانی نوێدا یەکجار کەمە، بێگومان ئەم حاڵەتەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، دەکرێ مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوە.
ئەزموونی ڕۆشنبیریی ئێمە، دوای ڕاپەڕین ئەزموونێکە، من بەش بە حاڵی خۆم زۆر بە شانازیەوە باسی ناکەم، واتا ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەسەر ڕەوتی ژیانی میللەتەکەمان، دوای ڕاپەڕین ئەوە نەبووە بە ئاسانی شانازی پێ بکرێ، ڕۆشنبیری کوردی لەکەشوهەوایەکی شل و خاوو تەپ، بەرەو گۆشەگیری و ترس چووە، لەوەی بکەوێتە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەو بوێرانە فکر دابڕێژێتەوەو بتوانێ قسە بکات. کەچی ڕزگاری کوردستان لە کۆتایی سەدەی بیستەم دایەو مرۆڤی ڕۆشنبیر دەکرێ بە ئاسانی دەنگی بە هەموو دنیا بگەیەنێت، نەک هەر میللەتەکەی خۆی بە تەنیا.
من، ئەو خاسیەتەی ڕۆشنبیرانی کورد دەگەڕێنمەوە بۆ کولتووری داگیرکەر. چونکە ئێمە میللەتێکین بە درێژایی مێژووی خۆمان کیانێکی سەربەخۆمان نەبووە تا ڕۆشنبیر کەسایەتی خۆی مکوم بکات، ترس بووەتە بەشێکی زۆر گەورە لە کەسایەتی ئەو، جاری وا هەیە ئەم ترسە دادەبەزێتەئاستی ترسی سادەلەوحێک. نەک ترس لەوەی ئەو فکرە کارتێکردنێکی نێگەتیڤانەی لەسەر کۆمەڵ دەبێت، بەڵکو ترس

لەوەی نەکا بیکوژن، لەکار دەریبکەن و..هتد، کە ئەوانە بۆ ژیانی رۆشنبیر هۆکاری ئەو تۆنین لە بەرامبەریاندا مل کچ بکرێ.

لەدوای راپەڕین، یەکەم ئەزموونی بەڕێوەبردنی سیاسی کوردستانی سەربەخۆ بەرەی کوردستانی بوو. بەرای من دەسەڵاتەکە بەرەڵڵایی بوو، کەس خاوەنی دەسەڵات نەبوو، کۆنترۆڵ نەبوو. لەم قۆناغەشدا رۆشنبیرانی کوردستان زۆر خۆپارێزانە مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتیمانیدا دەکرد، وەک ئەو خۆپارێزیەی جاران لەگەڵ داگیرکەردا هەیانبوو، هیچ جیاوازیان لە نێوانیاندا نەکرد. وابزانم ئەوە هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە کە تا ئێستاش لەلایەن رۆشنبیرانی کورد، لەدەرەوەی وڵات زۆر بەزەقی ماوە. رەنگە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، ئێمە کە لە ناوەوەین کەمێک واقیع بینتر بین.

دیارە رۆشنبیر بۆی هەیە کاری رۆشنبیری خۆی بکات لە هەمانکاتدا حزبایەتیش نەکات، بە پێچەوانەوەش هەر راستە، بەڵام دوای راپەڕین بەو بڕوایە هەڵسوکەوت کرا کە؛ دەبێ رۆشنبیر بێلایەن بێ و سیاسەت نەکات و دوورە پەرێز بوەستێت. لەدوایدا وایلێدێ رۆشنبیرانی حزبێکی بێلایەنیان هەبێت، ئەمەش هەر خۆی جۆرێکە لە حزبایەتی. کۆمەڵێک ئەفکار هاتوونە گۆڕێ و هەوڵ دەدەن جارێکی دیکە بکەونەوە لێکدانەوەی جۆری حوکمرانی سیاسی کوردستان و بە گومانەوە دەڕوانینە سەرکردەکانی سیاسی. دیارە ئەمەش وادەکات مرۆڤی رۆشنبیر بە مجۆرە روانینە هەڵەیە بڕوای بە تێکۆشانی گەلەکەی نەمێنێت.

لە قۆناغی دووەمدا کە پەرلەمان و حکوومەت دروست بون، حکوومەتی (ففتی — ففتی) هاتە سەرکا. ئەوجارەیان رۆشنبیران هەنگاوێکی تۆزێک باشتریان هاویشت لەبەراورد لەگەڵ سەردەمی بەرەی کوردستانی. بەڵام لەو قۆناغەدا ئەوەی جێگای سەرنجدانە، گۆشەگیری رۆشنبیران زیاتر بوو. هەڵبەت هەندێکیان لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک کەوتنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەقەت. سەقەت بەو مانایە؛ رۆشنبیرێک خواستە مادیەکان و پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێ و ببێتە کوێخایەک وەک کوێخای هەرگوندێک، بەلاشیەوە ئاسایی بوو چەند چەکدارێکی حەفتاو پێنجی بەشانی بەدواوە بێت بۆ ئەوەی ئیسپات بکات ئەویش دەتوانێ وەک هەر عەسکەریەک و هەر سەرەک عەشیرەتێک بجوڵێتەوە. بێگومان ئەم دیاردەیە تێڕوانینێکی خراپی لای رۆشنبیرانی دیکە دروست کرد، تا دەنگ بەرز بکاتەوە بڵێ؛ ئا رۆشنبیر کە تێکەڵ بەدەسەڵاتی سیاسی دەبێ ئاوای بەسەر دێت. ئەوەش لایەنێکی نێگەتیڤ بوو، دەرەنجامێکی چاکی وەدەست نەهێنا.

دەمەوێ لێرەدا بڵێم چەمکی دوورە پەرێزی رۆشنبیران لە دەسەڵاتی نیشتیمانی کارێکی هەڵەیەو ئەمڕۆ لە دنیای دەرەوەدا بە پێچەوانەوە سەیر دەکرێت. ئەو کاتە رۆشنبیر دەتوانێ کاریگەری خۆی هەبێت کە لەگەڵ ئیدارەی وڵاتدا تێکەڵ بێت. هەڵبەت نەک بەکرێگیراو یان چاوەشی بێت و حزبەکی بەرچاو تەنگ بێت.

دیارە، بۆ زەمینە فراوانکردنی باری رۆشنبیری و فیکری، دەبێ رۆشنبیر تواناکانی خۆی تێکەڵ بە دەسەڵاتی راپەڕاندن بکات، چونکە هیچ رۆشنبیرێک ناتوانێت کارێکی مەزن بکات ئەگەر دەسەڵاتێکی گەورەی لە پشت نەبێت.

ئێمە لە ساڵی (١٩٩١) سەربەخۆییمان بەدەست هێنا. سەربەخۆیی ئێمە دەرەنجامی شەڕی گون دو شار بەشاری کوردستان نەبوو، هەڵبەت لە بیرمان ناچێت کە هێزی پێشمەرگەو بزوتنەوەی سیاسی، پێشڕەوی

شۆڕشەکە بوون، بەڵام ڕزگاری ئێمە لە ئەنجامی قۆناغێکی نوێی دنیابوو، ئەویش سەرەتای بە جیهانی بوونی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ بوو. دیارە ئەم بە جیهانی بونەش لە هاریکاری نێودەوڵەتیدا خۆی دەدۆزێتەوە لە پێناوی ڕزگارکردنی یەکجارەکی مرۆڤ. هاریکاری کردنی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە کێشەکان حاڵی بێ و خەڵک لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵ بێت، بەمەش خەریکە سەرەتایەک بۆ تێکەڵبوونی ڕۆشنبیریی جیهانی دروست دەبێت، ئەویش چەمکی هاوبەش، زاراوەی هاوبەش، بۆچوونی هاوبەش، تەقالیدی هاوبەش دەبێت.

ئێمە لە کاتێکدا ڕزگارمان بوو، چەپ و ڕاست لە فیکردا نەما، خەریکە چەپ و ڕاست بە مەفهومی جاران بەیەکجارەکی بە کۆتا بێت. کۆتایی هاتنەکەش کۆتاییەکی فیزیایی نیە کە تەنیا کامپی سۆسیالیزم تێکچووبێت، بەڵکو مرۆڤ کەوتە بەردەم قۆناغێکی نوێ لە بیرکردنەوەدا؛ ئەویش هەموو کێشەیەک لەم گۆشە نیگایەوە سەیر بکرێت کە چەند بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ هەڵدەگرێ.

مەبەستم بەراورد نیە، بەڵام چەپ و ڕاست تاکو ئێستا لەناو ڕۆشنبیری کورد لەدەرەوەو لە ناوەوەدا لەسەر شێوەی کۆن ماوەتەوە. بەڕای من ئەوە جۆرێکە لە پاشکەوتوویی ڕۆشنبیریی لە کوردستان. ئەوەش لێوردبوونەوەیەکی جدی و گفتوگۆی دەوێ. پێشموایە هۆکاری سەرەکی بۆ بەشدارنەبوونی ڕۆشنبیران و کەمی کاریگەریان لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە.

ئێمە لە قۆناغێکدا ڕزگاری وڵاتەکەمان بەدەست هێناوە کە چەترێکی نێودەوڵەتیمان بەسەرەوەبووە. ئەو چەترە دروشمەکانی بریتین لە (دیموکراسی، مافی مرۆڤ) هەڵبەت جاری وا هەیە ئەم چەترەی لێرە بۆ میللەتێک هەیە، لە شوێنی دیکە لەسەر یەک کەس لە وڵاتێکی دیکە هەڵدەدرێ. لە وربوونەوەیک دەرهەق بەم هەلومەرجە تازەی دنیا، ڕەنگە لە ماوەیەکی کەمدا هاوکاری نێودەوڵەتی دەست بخاتە کاروباری هەر وڵاتێک و لەهەر شوێنێک کە توانای بەڕێوەبردنی خۆیان نەبێت. بۆیە پێموایە ئەرکی ڕۆشنبیرانی کوردستان ئەوەیە فەرهەنگێک ساز و ئامادە بکەن کە پەیوەندی بە ژیانی کوردستانەوە هەیە، ئەویش بۆ پاراستنی وڵاتەکەمان و ئیدارەکەمان. هەروەها بۆ ئامادەکردنی مرۆڤی کورد تاکو لە پێشهاتە نوێیەکان تێبگاو وەکو مرۆڤێکی هاوچەرخ بچێتە ناو ژیانی سەردەمەوە، بەڵام ئێمە چەند ساڵە نەمانتوانیوە ئەوە بکەین کە چاوەنواڕیمان لێدەکرێت. بەڕاستی ئەوە ئەرکێکی یەکجار گەورەی سەر ئەستۆی ڕۆشنبیرانی کوردستانە.

باشە بۆچی ئاستی فەرهەنگی ئێمە بەگوێرەی پێدوایستەکانی قۆناغەکەمان، لە ئاستی ئەو ئیدارە نییە کە ئەزموونەکەمان بەرەو دەوڵەتی کوردی دەبات، ئەوە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز و پێگەیشتوو هەیە، ڕۆشنبیرییەک دەقاو دەق بە گوێرەی چەمکی پێشکەوتن.

دیارە نابێ نکۆڵی لەوە بکەین باری ئابوری کوردستان هۆکارێکی گرنگە لە پاشکەوتوویی ڕۆشنبیریی ئێمەدا. ئێستا تێگەیاندنی مرۆڤ کارێکی ئاسانترە لەچاو دەساڵ لەمەوبەر، جا بۆیە خۆ جووڵاندنی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ئەوەی بەرهەمێکی فیکری بخەنە ناو وڵاتەکەیان، بەرهەمی زۆر پتری دەبێ لەوەی کە لەمەوبەر بیانویستایە، چونکە ئاستەنگەکانی ئەو ڕۆژگارە و ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێن، ئەمڕۆ

ڕۆشنبیرانی کورد ئەو زەحمەتە نابینن ئەگەر بیانەوێ هزرێک بخەنە نێو ڕۆشنبیریی کوردیەوە یاخود بیانەوێ داکۆکی لە کارێکی پێشکەوتوو یان دەسکەوتێکی پێشکەوتوو بکەن.

ئەو فەرهەنگە سەقەتەش کە داگیرکەر لە وڵاتی ئێمەدا جێیهێشتووە، ئەویش کاریگەری خۆی هەیە. ئەو پاشماوانە زۆر ئازار بەخشن، واتا زۆر کەڕەت لەلای ڕۆشنبیری کورد، لە نێوان ملکەچی و ڕەتکردنەوەدا بەرامبەر بە دەسەڵات، شتێکی دیکە نابینین. ڕەتکردنەوەی موتلەق و دانیشتن لە ماڵەوەو هەموو کەس بە خائین و بەنەزان و تێنەگەیشتوو دادەنێت و خۆشی هیچ ناکات. ڕۆشنبیری پێچەوانەی ئەمەش، دەچێ تەواو لەگەڵ دەسەڵاتدا تێکەڵ دەبێت تا دەبێتە داردەست. بەداخەوە هەردووکی بێویژدانی تێدایە و خۆدزینەوەیە لەو ئەرکەی سەبارەت بە باری فەرهەنگی لە کوردستاندا دەکەوێتە ئەستۆی ڕووناکبیران.

هەڵبەت لەکاتی وردبوونەوە لە باری کۆمەڵایەتیشمان، ئاستەنگی زۆر گەورە لەبەرامبەر پێشکەوتن هەن و بەرەنگاری دەبنەوە. جا ئەگەر بڵێین ئێمە لە زاتەوە پێشکەوتنخوازین، بەڵام هەندێک هۆکاری دەرەکی نایەڵن ئێمە بەرەوپێشەوە بڕۆین، هەڵەیە. بۆیە دەبێ بیرێک لە هۆکارە ناوخۆییەکانیش بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لە بیرمان بچێت بە حوکمی ئەوەی ئێمە میللەتێکی داگیرکراو بووین، هیچ جۆرە گرێیەکمان (عوقدە) بەرامبەر بە مێژوو نیەو لە چاو دەوروبەرمان، ئامادەکاری باشترمان تێدایە و دەتوانین پێشبکەوین.

لای ئێمە تەفسیری سیاسی بۆ ئایین، بە مەبەستی سیاسی، دیسان دەوری خۆی هەیە لە ئاڵۆزکردنی کێشەکەو ئاڵۆزکردنی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری. هەروەک چۆن تەفسیری نەتەوەی بەرچاو تەنگ ڕۆڵی هەیە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆشنبیری نۆرماڵدا. لێکدانەوەی چەپی توندڕۆ دیسان ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی ڕۆشنبیری دروست دەکات.

ئێمە میللەتێکین زمانێکی تەواو یەکگرتوومان نیە، نە لە نووسین، نە لە قسەکردندا. لەسەدەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندندا، بژارکردن و یەکێتی زمان ئاسانتر بووە. ئەو خەیاڵەی کە ئێمە دەمانکردو دەمانگوت یەکگرتنی زمانی ئێمە زۆر زەحمەتە، ئێستا لە سەردەمی پێشکەوتنی تەلەڤزیۆن و ئەنتەرنێت و کەرەستەکانی ڕاگەیاندندا کە لە چەند ساڵێکی ئایندەدا جۆری تازەتر دادەهێنری و هەر کەسێ دەتوانێ هەیبێ، لەوەدا بابەتی تێکەڵبوونی زاراوەکان لە کوردستاندا، مەسەلەی زاراوەی یەکگرتوو مەسەلەی بیرکردنەوە و گفتوگۆ لەسەر زمانێکی پاراوی دەوڵەمەند کە مرۆڤی کورد بتوانێ پێی دەببڕێ، دەبێتە کارێکی ئاسان، نەک تەفسیری زمانی پەتی کوردی بێت کە جاری وا هەیە جینگڵ دەدەیت کە چۆن بتوانی پێی دەببڕی. ئەمەش ئاستەنگێکی دیکەیە لەبەردەم پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی ئێمەدا. مەبەستمە بڵێم ئەو ئاستەنگانە هەن.

ناوچەگەر، دیسان چ بەشێوەی زاراوەیی، یان بە شێوازی دیکەبێ کاریگەریەکی یەکجار زۆری هەیە، وەک کێشەی کوردستان و چوار پارچەبوونی، هەروەها کێشەی حزبەکان لەگەڵ یەکدی و تەئسیر وەرگرتنی هەر یەکێک لەو حزبانە لە کولتووری داگیرکەری وڵاتەکەی خۆی. ئەوانەش کێشەی گرنگن کە بۆ ئێمە مایەی ئازارن. دوو نموونە دێنمەوە؛ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پەکەکە، ئێمە لێرەو هەندێ لە حزبەکانی

کوردستانی سوریا، ئەگەر وردبیەوە لە روانگە گشتییەکانیاندا لەناو بزووتنەوەی سیاسی و هەندێکیش لەناو رۆشنبیریشدا، جۆرێک لە جیاوازیی هەیە. هۆی چیە ئێمەو یەکەکە تێکناگەین؟

کێشەی ئافرەت لە وڵاتی ئێمەدا، تاکو ئێستا کێشەیەکی زۆر گەورەیە. وەکو هەموو وڵاتانی پاشکەوتوو، لە کوردستانیشدا بەرەنگاریەکی یەکجار بەهێز هەیە بەرامبەر نیوەی کۆمەڵگەکەمان، تا لەناو ژیانی ئابوری و ئیداری و فەرهەنگیدا وەکو مرۆڤێکی باوەڕپێکراو بەشداری نەکات. جا پەنا بۆ هەموو ئەو پاساوانەش دەبردرێ کە بە درێژایی مێژوو رێگەی لە ئافرەت گرتووە بەشداری لە ژیانی ئابوری و ئیداریدا بکات.

رۆشنبیرانی وڵاتی ئێمە، بە زۆری لە چیرۆکنووس و شاعیر و ئەوانەی کاری لێکۆڵینەوە و کاری فکری دەکەن لە مەڵبەندەکانی زانکۆکاندا و ئەوانەی لە بواری مافی مرۆڤ دەنووسن، پێکدێن. ئەوانە کەمینەن، هەموو بوارەکانیان گرتووە، بەڵام لە هەموو بوارەکاندا کەم و کوڕی بەیەک ئەندازە دەبینرێ.

جموجۆڵی چاپەمەنی لە کوردستاندا زۆر پەرەی سەندووە. بوار بۆ دەربڕین لە هەموو روویەکەوە هەیە. ئەگەر سەرنج بدەن خەڵکان لەدەرەوەی کوردستان دێن. دەڵێن خەریکە دەگەنە قۆناخی تێربوون، بەڵام کەموکوڕی زۆرەو لاوازی پێوەدیارە. تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمی رۆشنبیران بڵاوکراوەتەوەو ڕۆڵێکی زۆریشی دەبێ، کارێکی مەزنیشەو بچوک نیە، بەڵام لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا کەوا دنیا بە ئاسانی لێک تێدەگات، لەهەر کوێیەکی دنیا کێشەیەک هەبێ، تۆ بە ئاسانی هۆکارەکانی تێدەگەی، دەڵێم جێی پرسیار نیە کە لە فەرهەنگی کوردستاندا، کێشە سەرەکیەکانی ناوخۆمان رەنگێکی باش ناداتەوە، چارەسەری تێدا نیە، بوێری تێدا نیە؟ من بوێری بە بەمانای سادە باس ناکەم، بوێری لەلای رۆشنبیرانی کوردستان کێشەیەکی زۆر گەورەیە. رۆشنبیران هەن بیروڕای زۆر جوانیان هەیە، بەڵام ئامادە نین بینووسن، جاری وا هەیە ئامادە نین بگێڕنەوە. تاک و تەرا هەن هەست بە بەرپرسێتی ناکەن، بیروبۆچونێک دەخەنە روو و کێشە و گرفت دروست دەکەن، کە ئەمەش جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ بوێری رۆشنبیران بۆ چارەسەری کێشەی وڵاتەکەیان.

بەستەڵەکی فکری نەتەوەیی، لەناو کوردستاندا، دوای راپەڕین بە بڕوای من یەکێکی دیکەیە لەو مەترسیانەی کە وردە وردە خەریکە بەسەر فەرهەنگماندا زاڵدەبێ. لای زۆر لەوکەسانەی کە لە راگەیاندنەکان و لەبواری لێکۆڵینەوە کاردەکەن دەزانن زۆرجار هەیە حەزدەکەین بڵێین (لە هەولێر تورکمان نیە و کاکە ئەوانە رەچەڵەکیان نیە، ئەوانە تورکیا دروستی کردون)!. لە کاتێکدا دیاردەیەک هەیە لە هەولێردا کۆمەڵێک هەن بەتورکی قسە دەکەن. خەڵکێکی دیکە هەیە حەز دەکا بڵێ (عەینکاوە هەموویان کۆنە هەولێرین و کوردیشن بەڵام ئاینیان جیاوازە. لە کۆیە ئاشوری نین کوردن، لە سلێمانی هەر کوردی کوردن)! ئەوە چ لەسەر بیری نەتەوەییمان زیاد دەکات؟ لە کاتێکدا کە ئێمە میللەتێکین بە درێژایی مێژوو چەوساوینەوە. بەداخەو ئەو بۆچوونە تەنیا لەلای دەسەڵاتی سیاسیا نیە، جاری وا هەیە دەسەڵاتی سیاسی لەبەر بەرژەوەندی حزبیان، هەندێ دەستپێشخەری دەکات کە رۆشنبیرانی کوردستان ئەوانەی لە بواری لێکۆڵینەوە کاردەکەن، بە جێدەهێڵێ.

لەبیری نەتەوایەتی ئێمەدا مەسەلەی کوردستانیەتی هەیە. ئێمە میللەتێکی چوار پارچەین، هەر یەک لە ئێمە خاوەنی ئەو کوردستانە گەورەین کە چوار پارچەیە، بەڵام تاکو ئێستا لە ساغکردنەوەی کێشەی نێوان پارچەکانی کوردستان — کە راستە رۆشنبیران دروستیان نەکردووە، بەڵام ئێستا رۆشنبیرانی کوردستانی تێیدا دەسووتێن — دیراساتی ئەوتۆ نابینرێ کە شیاو بێ. خەڵکێک نیە خۆی ماندوو بکات و ئەو مەسەلەیە ساغ بکاتەوە کە بەشێکە لە بیری نەتەوایەتی ئێمە. هۆی چییە ئێمە و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تێکناگەین! هۆی چیە ئێمەو پەکەکە تێک ناگەین! هەر هەمان هۆشە کە لێرە رێگەی داوە لە کوردستانی سەربەخۆدا دابەشکردن دروست ببێ. لەوانەیە من وەکو لایەنگری حزبێک، بەحەقی خۆمی بزانم هەرچی چاکەیە بۆ حزبەکەم بڵێم، بەڵام ئەوە وەکو حەقی منە، ئەرکی رۆشنبیری من نیە، من پێم وایە لەو بابەتەشدا ئۆباڵێکی یەکجار زۆر، نەک لەناو بزووتنەوەی سیاسی، بەڵکو لەناو خەڵکی کوردستان، کە تا ئێستا سەرگەردانە و تێناگات کێشە نەتەوەییە پارچەییەکانی ئێمە — مەبەستم چوار پارچەییەکەیە — چیە؟ ئەوا دەکەوێتە ئەستۆی رۆشنبیرانی کوردستان.

بابەتێکی دیکە، ئەمرۆ جێگای باسەو دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ؛ ئەویش بەکارهێنانی ئایینی ئیسلامە و تێکەڵ کردنیەتی لەگەڵ روانگای تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان. ئەوە پاڵەپەستۆیەکی گەورەیە بۆ پێشنیار کردنی بەدیلێک، کە بە ئازار و بەربەرەکانیەوە دەیەوێ بیری خۆی بڵاوبکاتەوە. لەوەشدا لاسایی کردنەوە بە ئاشکرا پێیانەوە دیارە کە هیچ پەیوەندی بە کورد و ئایینی ئیسلامەوە نیە. ئەمەش جێی باسە بە هەردوو لایەنی چاک و خراپییەوە. تا ئێستا لەسەر هەرلایەک بە رۆشنبیری کورد دەڵێی کاکە رایەکەت هەبێ، وەڵام دەداتەوە؛ ئیسلامیەکان تیرۆرم دەکەن!

کاکە بۆ تیرۆرت دەکەن؟. هیوادارین لە بیری لاسایی کردنەوەدا، کە لەوڵاتانی دیکەدا بووە بە ئازار بۆیە خەریکە بە دەوردانێکی نێودەوڵەتی چارەسەری بکەن، لێرە لە کوردستانێک کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیپارێزێ، ئەم دیاردەیە سەر هەڵنەدات. خۆ ئەگەر سەرهەڵنەدات ئەوە جۆرێکە لە رەسەنایەتی. لاسایی کردنەوە لە فکری سیاسی ئیسلامیدا هەیە، هەر وەک چۆن لاسایی کردنەوە لەبیری شیوعیدا هەبوو. بیری شیوعی دەیتوانی رەسەن بێت یان لاسایی کەرەوە بێت. بە لاسای کردنەوەکەی ئازارێکی زۆری بە رۆشنبیریی ئێمە گەیاند.

ئێستا رێک بیری ئیسلامی جۆرێک لە ئاستەنگی تێدا هەیە، بە هەموو بوارەکانیەوە، لاسایی کردنەوە دەبیندرێ و ئازاری رۆشنبیریمان دەدات. کارم بە سیاسەت نیە، کە ئەمەش جێگای گفتوگۆیە دەکەوێتە سەر رۆشنبیرانی سیاسی ئیسلامی و بەشێکی زۆری دێتەوە سەر رۆشنبیرانێ کە پەیوەندیان بە هیچ تەیارێکی سیاسی ئیسلامی و نەتەوەییەوە نیەو سەربەخۆن. بەڵام ئەوەی کە دەکرێ ئێمە ئاماژەی بۆ بکەین، لە کوردستاندا دەبێ هەموومان شپرزەبین بەوەی کەوا لەسەردەمی پێشکەوتندا هۆکاری وامان هەبێ دژی پێشکەوتن بوەستێ. بێگومان ئەگەر لە وڵاتێکدا بواین کە بەربەرەکانیەکان تەنیا بە قسە کردن بوایە، کارێکی یەکجار خۆش دەبوو. ئەمەش کێشەیەکە رەگەزەکانی لە ناو میللەتی خۆمانەدایە؛ هەر لەبیری سیاسی ناو کۆمەڵگاکەمانە، ئینجا سەرچاوەکەی یەکێک لە مارکسیزم دەیهێنێ، ئەویدیکە لە بیری نەتەوەیی

دێنێ که کورد به درێژایی مێژووی خۆی پێی تێکۆشاوه، یەکێک له ئایینی ئیسلام دەیهێنێ، کەیفی خۆیەتی گرنگ ئەویە ئاستەنگ نەبێ. که ئاستەنگ بوو ئەوه خراپیەکەی دەگەڕێتەوه بۆ هەموو میللەتەکەمان.

ئەم دنیایەی دەمانپارێزێ، لێیدەوێین که وڵاتێکی شارستانی و سیستەمێکی دیموکراتیمان هەبێ، پاراستنی لانی کەمی مافەکانی مرۆڤمان هەبێ. ئەو وڵاتەی ناوێ که له پایتەختەکەیدا به توێکله شووتی له ئافرەتان بدرێ. مایەی قێز لێبوونەوەیە که هاووڵاتی ئافرەتی کورد لەدەرەوەی وڵات بێنەوەو لەناو بازاڕی شارەکانیان، به شوتی و پێڵا و به فیته دوایان بکەون. ئەمه دەربڕینی ڕۆشنبیریی سەقەتی ئێمەیە، ئەمه خاڵی بوون و بەتاڵ بوونی شوێنی ڕۆشنبیرانه له ژیانی فەرهەنگی وڵاتێکدا، که بەجێیان هێشتووه بۆ حزبەکان، که ئەوانیش دژایەتیەکەیان ڕۆشنبیری نیه و بگره بەربەرەکانیەکانیان بۆ کورسییه.

دیاردەیەکی دیکه له ناو ڕۆشنبیرانی ئێمەدا هەیە، که لەوانەیە دژبەیەک بێت لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا دەمگووت. لەگەڵ دوورەپەرێزی، لەگەڵ بێلایەنی بەرامبەر مەسەلەی وڵاتەکەی، لەگەڵ ترسنۆکی و کەم بوێری، ڕۆشنبیری ئێمه هەڵچوونیشی هەیە. گرفتێکی دیکەی ناو ڕۆشنبیریمان گوێ لەیەک نەگرتن و گفتوگۆ نەکردنه لەسەر کێشەکان، که ئەمەش وەکو نەریت، نەریتێکی پاشکەوتووه.

ئەگەر مەبدەئی سەرەکی لای هەر میللەتێک ئەوه بێ، لەدوا دوای ئەم سەدەیەدا، بەرژەوەندی ئەو میللەته لەکوێ بێ، مەبدەئەکان لەوێ چارەسەر بکرێن و لەوێ دەردەبردرێن، ئەوه بەرژەوەندی میللی هیچ کاتێک خراپه نیه، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتانی دەوروبەریشدا دژ بێت. بەداخەوه ئێمه درەنگ لەوه گەیشتین که بەرژەوەندی میللی به مەبدەئی موجەرەد دانارێژرێ، هەر بۆیه زۆرجار له پێشدا لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، بەرژەوەندی میللی به قوربانی مەبدەئه موجەرەدەکان دەکرا، که له دەرەوه له بەرژەوەندی وڵاتانی دیکەدا بوو، ئێستا ئەگەر له کوردستاندا بگەڕێینەوه بۆمەبدەئه نەتەوەییەکانمان، دەبێ له پێناوی پاراستنی ئەم تەجرەبەیه و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواریدا، کام هەنگاو لەبار بێت، مەبدەئەکان لەوێ دابڕێژینەوه، دوور له هەڵچوونی سیاسی، به پشوویەکی زانستی و مەنتیقی، گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تا بزانین له چ کارێکدا دەتوانین بەشدار بین. (مەبەستم پەیوەندی نێوان پارتی ویەکێتی نیه، لەوێ مساوەمه دەکرێ پێک دێن یان پێک نایەن، لەکەس ناپرسرێ)، بەڵام لەبواری ڕۆشنبیریدا شتێکی دیکەیە، نموونەیەک له فکری ئیسلامی سیاسی دێنمەوه؛ ئایا شێخێکی دۆڵەمەندی کەنداوی عەرەب باشتر له کوردێکی هەژار، سیستەمه کۆمەڵایەتیەکەی دادەڕێژێ؟ لەوێ پاره دێ و لێره بەرەنگاری فەرهەنگی پێ دەکرێ! کەچی تازه پێشکەوتووترینیان له وڵاتانی کەنداو نیازی وایه له ساڵی (٢٠٠٥)دا ئافرەت مافی دەنگدانی هەبێ، تاکو ئێستا که ڕێگەیان نەداوه هیچ حزبێکی سیاسی لەناویاندا هەبێ، تاکو ئێستا ڕێگه به ئەکادیمیەک نادەن له زانکۆکانی خۆیادا ڕای هەبێ و دیراساتی باش لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆیان بکات بۆ چارەسەری کێشەکانیان. لەبەدبەختی ئێمه هەندێ له ڕەگوڕیشەکانی فکر ئیسلامی سیاسی له کوردستان دەچنەوه ئەوێ. ڕۆشنبیرانی ئێمه دەبێ یارمەتی کێشەی میللەتەکەیان بدەن و لێی حاڵی بن، مادام چارەنووسی ئێمه بەدەست حزبه سیاسییەکانەوەیە، کاتێک کێشه دەکەوێته ناو حزبه سیاسیەکان دەبێ بزانن که ئەو مەبدەئانەی که هەڵیان گرتووه، کام حزب و لەکوێ هەڵەی تێدا

دەکات، نەک لە پێناوی ئەو حزبە، بەڵکو لە پێناو ئەو بەڵایەی لە کوردستان دا هەیەو ناهێڵێ ئێمە هەبین، وەکو وڵاتێک بەسەر بەخۆیی بژین. لە شەڕی ناوخۆییدا هەر تۆپێک کە دەتەقێ، هەر ئارپیچیەک کە دەوەشێندرێ بەشی خواردنی گەڕەکێکی هەولێر لە ڕۆژێکدا دەسوتێنێ. ئێمە لە پێشکەوتنی ڕۆشنبیریمان لەکوردستاندا ناتوانین پشتمان بە فەرهەنگی سیاسی باو ببەستین.

ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین کە وردە وردە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بچووک دەبێتەوەو لەلایەکی دیکە گەورە دەبێ بە کاروەرگرتن لە ڕۆشنبیریی جیهانی و پێشکەوتنی وڵاتانی دیکە. لەو ڕووەشەوە ڕۆشنبیران لە ئەستۆیاندایە کە لەو مەسەلەیە تێبگەن، چونکە ئێستا چەمکێک هەیە دەڵێ؛ دەبێ بەرەنگاری بکەین لەبەردەم هێرشی بە جیهانی بووندا. کە ناکرێ، ئەگەر بمانەوێ ئەو تاقیکردنەوە فەشەلە توشی خۆمان بکەین، جگە لە ئازاردانی میللەتەکەمان هیچی دیکە نارپنینەوە. مەبەستم ئەوە نیە کە بە جارێک دەرگاکان بکەینەوەو فەرهەنگی خۆمان بسڕینەوەو هیچ بۆ خۆمان نەهێڵینەوە. بەڵام ئەوە کێشەیەکەو ڕەگی ئیجابی زۆر گەورەی لە فەرهەنگدا — بە هەموو بەشەکانیەوە — هەیە. لەوەدا دەبینم کە بە ناوی نەتەوە پەروەری و پاراستنی ڕۆشنبیریی کوردی، بە ناوی پاراستنی زمانی کوردی دەیانەوێ لەبەرامبەریدا هەڵوێست وەربگیرێ. من پێموایە، ئەوەیان لافیتەکەی هەرچی بێت، جۆرێکی دیکەیە لە خۆپیشاندانی پاشکەوتن لە کوردستاندا لە بەرامبەر پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواریدا.

ئێمە تەقالیدی زۆر درێژمان لەلا دروست بووە بۆ بەرەنگاربوونەوە کە ئەگەر بێین هەڵیانسەنگێنین، زیانێکی زۆری هەیە بۆ ڕۆشنبیری میللەتەکەمان. لە کوردستاندا فکرێکی دیکە هەست پێ دەکرێ. ئەویش دەڵێ خۆ هەموو نەخشەیەک سیاسیەکان دایدەڕێژن، جا وایە کارکردنی بۆ چییە؟! من دەڵێم ئێمە لەسەردەمێکدا دەژیین کە سیاسییەکان زوو یان درەنگ بە جۆرێک کۆتاییان پێ دێت، جا ئەم کۆتاییە مەرج نیە دەسەڵاتیان لێ وەربگیرێتەوە، بەڵام دەوریان لەناو کۆمەڵدا کۆتایی پێ دێت. جا ئەوانە چ حزب بن یان کەسایەتی. لەناو میللەتانی دیکەدا سەرکردە سیاسییەکان هەموو شتێک دادەڕێژن، بە پێچەوانەوە، ڕوناکبیری ئەو وڵاتەیە کە هێڵ بۆ ژیانی سیاسییەکانیش دەکێشێت.

لە کوردستاندا ڕۆڵی ڕۆشنبیران دەبێ لە بنیاتی کۆمەڵدا لە ڕۆڵی سیاسییەکان یەکجار گەورەتر بێت. لە ڕووی دەروونیەوە زۆر لەبارە کە ئێستا لە کوردستاندا گفتوگۆ لەبواری ڕۆشنبیری بچەسپێندرێ، ڕێگەنەدرێ هۆکاری توندوتیژی تێبکەوێ، چونکە ئێمە لەگەڵ میللەتانی دراوسێمان لە بوارێکی ئەستەمداین. ئێستا قۆناغ قۆناغی گفتوگۆیە، قۆناغ قۆناغی لێکتر حاڵی بوونە، قۆناغی بەردەوامی خیلافەکانە. پێویستە ڕۆشنبیران بورای گفتوگۆ زیاتر لەناو فەرهەنگی میللەتەکەمان بچەسپێنین و بیپارێزین.

لە کۆتاییدا ئەوەی دەمەوێ سەرنجی بۆ ڕابکێشم، نەبوونی ئینتیمایە. مەبەستم ئینتماکردن بۆ حزب نیە، بەڵکو ئینتمایە بۆ دەسەڵاتی میللی. بەڕای من ئەو ڕۆشنبیرە زۆر غەدر لە خۆی دەکات، کاتێک بیەوێ پرۆژەیەک پێشکەش بکات بەڵام دەسەڵاتێکی لە پشت نەبێت. جا ئەم دەسەڵاتە چ لەدەزگا تایبەتییەکاندا خۆی ببینێتەوە، یان لە دەزگا حکومیەکان و حزبیەکاندا خۆی ببینێتەوە، ئەوە فەرق ناکات، گرنگ ئەوەیە

که تۆ میکانیزمێکت کەوتۆتە بەردەست کە بتوانی کاریگەرەیەکە بکەی، ئەمە ڕای زۆربەی کەڵە ڕوناکبیرانی دنیاشە.
دەسەڵات و ڕۆشنبیری پەیوەندیەکی گرنگیان بەیەکەوە هەیە، کە ئەگەر لێک دابڕان بگاتە ئەو ڕادەیە، دوور نیە مەترسی ئەوەی کە ئێستا لە ئەفغانستان و چەند وڵاتێک دەبینرێ، لە وڵاتی ئێمەشدا قەرێنە پەیدا بکات.

ڕاو سەرنجی ئامادەبوان

ڕەئوف حەسەن:

ئەرکی خۆتان بە مل ئێمە دامەدەن

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆ قادر بۆ ئەو دەروازیەی کردیەوە. ڕەنگە من لە نیوەی باسەکەی زیاتر، بە پێچەوانەی ئەوەوە بۆی بچم. لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێدەکەم، ئەویش مەسەلەی ترسە. پێموایە زۆر بە پێچەوانەوەیە، ڕۆشنبیران قەت ترسیان لە هیچ شتێک نیە، بەڵکو سیاسیەکان ترسیان لە هەموو شتێک هەیە، لە پێگەی خۆیان دەترسن نەکا ڕۆشنبیرێک جێگەیان بگرێتەوە. لەبەر ئەوە نەخشەیەک هەیە لە زۆر شوێنی کوردستاندا پەیرەو دەکرێ، ئەویش چۆن ڕۆشنبیران سوک و ڕیسوا بکرێن، بە نەخشە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر ڕیسوا کراون و هەر بەناو ئێستا دەتوانم دەیان ڕۆشنبیرتان پێ بڵێم کە لە ڕۆژنامەکاندا سوک کراون و جنیو بە خۆیان بە دایک و باوکیان دراوە. ئەم نەخشەیە بەراستی هەموو لە سیاسەت و لە حزبەکانیشەوە بەرەو ڕویان کراوەتەوە بۆ ئەوەی باس هەر باسی خۆیان بێ و باسی ڕۆشنبیری نەکرێ، ئەمە خاڵێک، خاڵی دووەم مەسەلەی داهێنانی ڕۆشنبیریی یا فەرهەنگی کوردی لە دوای ڕاپەڕین بەو شێوەیە وێران نەبووە کە باسیکرد؛ داهێنان هەیە و شتی فکری باشیش هەیە. گرفتەکەمان ئەوەیە پێش ڕاپەڕین هەرچی نووسین هەبوو بە میللەت دەگەیشت، بەڵام دوای ڕاپەڕین هیچی پێناگا. گۆڤارێک دەردەکەی ئەو پەڕی ١٠٠٠ دانە، ئەو هەزار دانەش ٧٠٠ دانەی ناخوێندرێتەوە لە مەکتەبەکاندا بۆ لێپرسراوەکان دەچی. لە بازاڕ چ گۆڤارێک چ کتێبێک هەیە لە ٢٠ نوسخە زیاتری لێ بفرۆشێت؟ بەڵام کاتی خۆی ئێمە هەر لەسەردەمی بەعسدا لەبەغدا بە ٢٠ هەزار و ٥٠ هەزار کتێب و گۆڤارمان دەردەکرد، هەمووی دەگەیشتە دورترین کوێرە دێ. شەو تا بەیانی لێپرسراوە گەورەکان بە دیارەیانەوە دادەنیشتن و دەیانخوێندەوە. ئێستا لە چەرخی سەتەلایت و مانگی دەستکرد هیچ شتێک بە کەس ناگات، کتێبەکەتی پێشکەش دەکەی تا بیخوێنێتەوە.
بەراستی ئێستا داهێنان هەیە و تەحەداش هەیە. لە هەمان کاتدا خاڵێکی زۆر بنەڕەتی هەیە کە کاک سەرۆ قادر زۆر پێی لەسەرداگرت، ئەویش مەسەلەی دەسەڵاتە. هەڵبەت ئەگەر ئەو نەبوایە مەجالی ئەم باسە نەدەڕەخسا، ئەمەش گرفتێکی یەکجار گەورەیە، نامەوێ بچمە ناویەوە، بەڵام یەک شت هەیە؛ سەرتاپای

تەعریفەکانی دنیا کە بۆ رۆشنبیرکراوە تاکو ئەمڕۆ هەموویان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێ دژی دەسەڵات بێ، دەبێ رەخنە لە دەسەڵات بگرێ لایەنگری دەسەڵات نەبێ، کە لاگیری کرد دەبێتەوە بەشێک لەدەسەڵات. بەتایبەتی لە کوردستانی ئێمەدا کە کۆمەڵگای مەدەنی، من بە تەمای نیم و کوڕەکەشم بە تەمای نابێ دروست بێ، رەنگە لە دوای ئەو دروست بێ. کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەنیە حزب دەزگایەکت بۆ دابنێ پارەو مەسرەفت بکات. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەزگاکان، خۆیان خۆیان بەرهەم دێنن، دەسەڵاتی خۆیان هەیە. ئەم دەسەڵاتە خۆی نوێدەکاتەوە، خۆی دروست دەکا، خۆی هەیمەنە دەکا. ئەم دامودەزگایانە هەر لە گوڵانەوە هەتا سەردەم و ئەوانەی کە حزب دروستیان دەکاو بەرهەمەکانیان لە پێناو حزب دایە. من لەگەڵ ئەوەدانیم چەپ و راست نەماوە لەدنیا، کاکە ئەو موشکیلەیەی کە ئێستا دەیبینی، هەموو دنیا ریفۆرم دەکا، وەک لە ئێران ریفۆرمیست و پارێزگار هەیە، بە تەئکید چەپ و راستن، کاتۆلیک یا پرۆتستان هەیە ئەمەش هەر چەپ و راستە، چەپ و راست لەدنیا کۆتایی مێژوو نیە، کێشەکان هەمووی وەکو خۆی ماوەتەوە. بەبرادەرەکیان گوت توخوا شەیتان بە لەعنەت بکە گوتی؛ نایکەم گوتیان: بۆ نایکەی؟ گوتی ئەو شەڕەی کە خوا بۆ خۆی پێیناکرێ بۆ بە منی دەکا. کاکە حزب، یان دەسەڵات، یان حکوومەت کۆمەڵێ یاسای داناوە کۆمەڵێ شتی بە پیرۆز گرتووە بەتایبەتی مەسەلەی ئایین و هەندێ مە سائلی ئافرەت، ئێستا ئەو مشکلەیە بۆ بەسەر ئێمەیدا دەدەی کە خۆت و یاساکانت، هەموو پشتگیری لەو کۆنەپەرستییە دەکا.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی کە رۆشنبیران کردوویانە، بەدەیان کاتێب بەردەوام دەردەچێ، کتێبی پێشکەوتنخواز، باسی ئافرەت، باسی سیاسەت، باسی هەموو شتەکانە دەردەچێ و داکۆکییەکی زۆریش دەکرێ لە پێشکەوتنخوازی. بۆ ئەرکی خۆت و حزبەکەت دەدەی بەسەر شانی ئێمە کە دەنگمان بە کەسیش ناگا.

کەریم شەریف قرەچەتانی:

ترسی رۆشنبیران. ترسی کۆمەڵە

من یەک دوو تێبینی بچوک باس دەکەم، خۆزگە کاک سەرۆ پێناسەیەکی فەرهەنگی بکردبایە تا بمانزانیبایە ئەو رۆشنبیرەی ئەو باسی دەکات کێیە؟ بۆ نموونە ئێستا لەو سێ زانکۆیەی کوردستان ساڵانە هەزاران قوتابی دەردەچن، بەڵام لەو هەزارەهایە رۆشنبیریش نین بەو مەفهومەی بۆ رۆشنبیری دانراوە. زۆربەی لە زانستێکدا شتێک فێربووە، ئایا ئێمە دەتوانین ئەوە بە پێوەر دانێین، کاک سەرۆ! بە بڕوای من تەنگژەی رۆشنبیر هەیە. دەبوایە پێناسەیەکی بۆ بکرابایە.

ئەو، هەوو مەسئولیەتەکەی خستە سەر رۆشنبیران، وەکو رۆشنبیر دەسەڵاتێکی گەورەی لە لایەنی ئابووری و راگەیاندنەوە لە دەستدابێ و لە هەموو لایەکەوە کەمتەرخەمی کردبێ. ئەو رۆشنبیرەی ئەو باسی دەکا و دەڵێ هەندێکیان ترسنۆکن، ئێمە لەگەڵیدا رێکدەکەوین، بەڵام ئەوەی، باسی دەکا ئاکامە، خۆزگە باسی هۆیەکانیشی بکردبایە. من وەک رۆشنبیر بۆ ترسنۆکم بۆ جورئەتم نیە؟ خۆزگە باسی ئەوەی بکردبایە کە لە خێزانەوە لە یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتیە بۆ دروستکردنی رۆشنبیری دەست پێدەکات. هەموو خێزانەکانمان چەوسێنەرن و دەمان تۆقێنن و جورئەتی ئەوەمان پێنادەن کە سەر بەرزکەینەوە، دایک و

باوکمان زۆر عادات و تقالیدی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو هەیە کە بەراستی هەرچی جورئەت و داهێنان هەیە دەیکوژێ. دەڵێ لە شوینێکدا گەورە دانیشت، بچوک نابێ قسە بکات، زۆر شتمان هەیە گیانی جورئەت و رووبەڕووبوونەوە گفتوگۆ لە بنەمای رۆشنبیرییە هەمووی دەکوژێ.

ئینجا دێینە قوتابخانە لەوێش مامۆستاکان رێک وەکوو باوکی دووەمن، بە هەمان شێوە دەچەوسێننەوەو قوتابی ناوێرێ قسە بکا. دەگەیە زانکۆ، لە زانکۆکەش کوتەک بە سەریانەوەیە و مناقەشەت لەگەڵ ناکا. وا فێربووە. پێناسەی زۆر کەسی بە حساب رۆشنبیر، هەمووی دەبنە مرۆڤی سست و لاواز ترسنۆک. ئینجا سیستەمە سیاسیەکەش لەو لاوە بوەستێ کە کاک سەرۆ ئاماژەی پێکرد کە هەندێک لەگەڵ دەسەڵاتدان و هەندێکیان لە دژین. کاردانەوەی هەموو مرۆڤێک لە رووی دەروونییەوە کە ترسنۆک بێت، دیاردەیەکی دەروونیە کە کۆمەڵ دروستی دەکا، هۆکاری تایبەتی هەیە.

خۆزگە ئاماژەی بەوە بکرابایە، رۆشنبیری ئێمە چەندین توانای هەیە کە بەسەربەستی قسە بکاو پاشکۆی حزبەکان نەبێ. رۆشنبیر گەر سکی برسی بوو. ناچار بەدوای پاروەو نانێک دەگەرێ. کە بەدوای ئەوەشدا گەڕا، دەچێتە دەزگایەکی حزبیەوە. ئەوەی دیکەش کە لەدوورەوە وەستاون، لەبەر ئەوەی پێی قبوڵ ناکرێ بچێتە ناو حزبێکەوە، ناچار کاردانەوەیەکی هەڵچوانەی دەبێ.

ئێمە هەتا ئێستا لە کۆمەڵگای کوردەواریدا فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیەکی تایبەتمان نیە کە وەکو دەستور و بنەماو چوارچێوەیەکی مەرجەعی، لەسەری برۆین. ئێستا وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا باس دەکرێ فەلسەفەیەکی پراگماتیکی خۆی هەیە. یەکێتی سۆڤیەتی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو. دەوڵەتێکی ئیسلامی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەو فەلسەفەیە رەنگ دەداتەوە لە دەستور، لە خێزان، لە قوتابخانە، لە پرۆگرام ئەو کەسە ئیتر کەوتە ناو فەلسەفە، راست یان هەڵە بێ، قاڵبێک دروست دەکا، بەڵام ئێمە هەتا ئێستاش وەک باسی کرا، ئەو هەموو حزبانەی لە کوردستان هەنە، هەریەکەو ئایدیۆلۆژیەکی هەیە.

ئازا حەسیب قەرەداغی

فەرهەنگی توندوتیژییە

پێموایە، لە بنەڕەتدا پرسی رۆشنبیری پرسێکی زۆر فراوانە، لەبەر ئەوەی بەرفراوانی هەموو توێژانی دەچنە ناو پانتایی دەستەواژەی رۆشنبیرییەوە. بەو رادەیە کە ئیتر پرسەکە بۆ خۆشی گەورە و فراوان بێ، ناشکرێت دەستەواژەی رۆشنبیری یان مەودای رۆشنبیر و رۆشنبیریی تەنیا لە قاڵب و ئاقاری نوسەران و ئەدیب و شاعیران و ئەوانەدا کۆبکرێتەوە، بەڵکو زۆر لەوە فراوانتر دەبێ.

بە نسبەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە، خودی ئەو بابەتەی کاک سەرۆ پێشکەشی کرد، ناچاری کردبوو خۆی بدات لە زۆر بابەتی چارەنووسساز و گرنگ کە هەموویان رۆڵی خۆیان دەبینن لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکەماندا. بە تەسەوری من دەکرێ پرسی رۆشنبیریی و رۆشنبیران یەکسان بکرێت بە پرسی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکانی تاکەکەس. هەر کاتێکیش مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی تاکەکەس پێوەری خۆیان لە

ناو كۆمەڵگادا دیتەوە. ئەو وەختەش دەتوانین باس لەوە بكەین كە چۆن رۆشنبیریی و رۆشنبیران دەتوانن لە پرسی كۆمەڵگاكەیاندا رۆڵی پۆزەتیڤی خۆیان ببینن. رۆشنبیران بۆ ئەوەی بتوانن ئەو رۆڵەی كە داوا و ئیشارەتی پێدەكرێ، ببینن، بە بۆچوونی من پێویستیان بە دەوڵەتی یاساو دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. سەرەنجام پێویستیان بە هۆشیارییەكی گشتی مافەكانی مرۆڤە لەسەر ئاستی كۆمەڵگاكە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بەشداری لە دروستكردنی هەموو رەهەندەكانی ئەو كۆمەڵگایە بكەن. رەهەندەكانی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و رەهەندەكانی دیكە كە كۆمەڵگا پێویستی پێیەتی، بەداخەوە ئەوەی ئێستا هەیەو ئەوەی باوە، هۆشیاری و رۆشنبیریەكی ترساندنە، هۆشیاری و تێگەیشتنی توقاندن و تەرهیب و تەرغیبە، مل پێ كەچكردن و زەلیل كردنە، هۆشیاری توندوتیژییە.

لێرە لە جیاتی هەبوونی رۆشنبیریی مافی مرۆڤ، رۆشنبیریی توندوتیژی رۆڵی سەرەكی دەبینێ. ئەوەش لەسەر ئاستی هەر دوو ئیدارەكە، لەسەر ئاستی حزبەكان، لەسەر ئاستی كۆمەڵگاكە كە لە تەشكیلەی عەشایەری و میلیشیات و چەكداری و ئەوانە خۆیان دەبیننەوە، هەموو ئەمانە رۆڵیان یان رۆشنبیرییان، یان ئەوەی پێی هەڵدەستن بریتیە لە رۆشنبیركردنی تاكەكانی كۆمەڵ بە رۆشنبیریی توندوتیژی نەك رۆشنبیریی مافی مرۆڤ. لێرەدا رۆشنبیران ئەركیانە تێبكۆشن، بەڵێ ئەو تێكۆشانەش بوونە و ئەو تێكۆشانەش دەبێت پرنسیپی خۆیان هەبێ. دەبێ چاو لە دەوروبەری خۆمان بكەین، رۆشنبیرانی عەرەب لە بەرانبەر توندوتیژی ئیسلامی سیاسیدا ئێستا چی دەكن و چ هۆشیارییەك بڵاودەكەنەوە. ئەوانە هیچ دەوڵەتێكیشیان لە پشتەوە نیە بەڵكو خۆیان خاوەنی ئەو جورئەتەن كە بچنە ئەو مەیدانەی جەنگەوە.

دەربارەی چەپ و راست، من پێم وایە، ئەوە بە ئایدیۆلۆژی كردنە، كەوا ئەكات لە نەتیجە بڵێن نەماوە، چونكە ئەساسەن والێكراوە چەپەكان واتا ماركسیەكان كە سۆڤێت نەما واتا ماركسیەت نەما، لەبەر ئەوە چەپیش نەما. من پێموایە ئەو گۆڕانكاری و پرسی مانەوەیە واتا موحافەزەكاریە، ئینجا ئەوە بە ئایدیۆلۆژی ببێ یان نەبێ كێشەیەكی ئەوتۆ نیە و قەزیەكەش لێكیان جیا ناكاتەوە. دەشێ هەر لەوكاتەدا كە تۆ بۆ نمونە پ.د.ك دەكرێ بخەیتە چەپەوە مادام داوای گۆڕانكاری دەكات، بەڵام كاتێك كە چەق بەستوی ئیتر ئەو وەختە خۆی دەچێتە راستەوە، ئەوە پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژی بوونی هیچ كام لە لاینەكانەوە نیە. باسێ لە مەسەلەی جیهانگەرایی كرا، كەسێك نیە لە دژی بە جیهانی بوون وەستا بێتەوە چونكە ئەوە بە زەرورەت زاندراوە.

عەبدولسەلام بەرواری:

سیاسیەكان ترسنۆك نین

ئەوەی من دەمویست لێرە باسی بكەم یەك خاڵ بوو، ئەم ئیشارەتانەی لە لای كاك سەرۆش هات لای برادەرانیش هات، پەیوەندی نێوان سیاسەتمەدار و رۆشنبیر، من لەگەڵ كاك (كەریم شەریف قەرەچەتانی)م ئێمە پێشەكی پێویستە بەلای كەمیەوە لەسە خەتی گشتی پێناسەدانی رۆشنبیر كۆك بین تاكو بزانین باسی كێ دەكەین، ئەو كاتە دەزانین ئەوە چ رۆڵی لەسەرە، ئایا رۆڵەكەی گێڕاوە یان نەیگێڕاوە. بۆیە ئەمە

یەکێکە لە تەوەرەکان. رەنگە بە گشتی بڵێین کاک سەرۆ زۆر شتی خستە بەرچاو پێویستە ئێمە بەردەوام بین تێیدا، رەنگە دابەشیان بکەین بۆ چەند تەوەرێک، لەم تەوەرانە وردە وردە تەرکیز بکەینە سەریەک تەوەر. رەنگە سودی هەبێت ئەوە وەکو پێشنیاریش بۆ ئێوە.

دابەشکردنی دنیا یان کۆمەڵگەی کوردستانی ئێستا بۆ سیاسەتمەدار و رۆشنبیر، من بە حەقیقەتی نازانم، ئەم شتەم لە ئەوروپا زۆر جار دیتوە و زۆر جار داخیلی مناقشات بوومە لەگەڵ زۆر برادەر لەوێ. بۆ من مفاجەئەیە تەسەور بکەم لێرەش هەمان دابەشکردن دەکرێت. لای من هەموو خوێندەوارێک رۆشنبیر نیە، لەلای من هەموو نووسەر و هەموو ئەدیبی چاک و شاعیریش مەرج نیە رۆشنبیر بیت، یان رۆشنبیر تەنیا زمانزانێکی باش بێت یان خاوەنی بڕوانامە بێت. هەڵبەت رۆشنبیر هەر لەوانەوە دێت، بەڵام ئێمە بۆ سیفەتی رۆشنبیر یان هەتا خوێندەوارێک یان هەڵگرتنی بیروباوەڕێک لە کابرایەک وەرگرین کە لە گەنجایەتی خۆی هەستی کرد بە شتێک لەناو ئەو کۆمەڵگایە، لەوانەیە لەسەر زۆر مەسەلە تەنازولی کردبێ، رێگایەکی زۆر سەختی وەرگرت کە ئایندەیەکی دیار نەبوو، زۆر خەسارەتی دیت و لەوێ جێگایەکی دۆزیەوە، لە ناو دەزگایەکی سیاسی رۆڵێکی گێڕا، ئەمە ناچێتە سیاسەت بە مەفهومی درۆ کردن و فێڵکردن لە جەماوەر. لە کوردستان سیاسەت واتا خەبات، پێتان بڵێم سیاسەت واتا هەوڵ بدەن لە حزبێکی سیاسی رۆڵێکی بەرزترت هەبێ تاکو تۆ بتوانی ئیمتیازاتیش وەرگری و رۆڵێکیش بگێڕێ لە ناو حزبەکەدا، چ عەیبی تێدایە؟ ئەمە مانای ئەوەنیە فکریان ئایدیۆلۆژی لە دەست بدات.

ئەوەی من تێیدەگەم ئێمە باسی کوردستانی ئایندە دەکەین، ئێمە باسی کوردستان پاش ئازاد بوون دەکەین. لەو کۆمەڵگەیە بە حەقیقەت ئەو دابەشکردنە نیە. سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلمان باشترین موفەکیر بوو لەروی دەوری تەخریبی فیزیاو کیمیا لەسەر ژینگە، دەبینی لە ئەمەریکای لاتینیش وەکو خۆمانن، ئیتر تکا دەکەم ئێمە لەوەدا تۆزێک زیاتر بیر بکەینەوە، گوناهە ئێمە (سیاسیەکان) بە رۆشنبیر نەزانن، گوناهە قەبوڵ نەکەن ئێمە باسی ئەو شتە بکەین ئەوەی ئەوە (٢٠) ساڵە ئیشی تێدا دەکەین. ئێمە رووبەڕووی گرفتی کۆمەڵایەتی دەبینەوە، ئێمە کێشەکی سیاسی موناقەشە دەکەین، ئێمە رووبەڕووی قوتابخانە فیکریەکان دەبینەوە. رۆشنبیر من نازانم چیە ئەگەر هەوڵ نەبێ، تێگەیشتنی کۆمەڵگای خۆت و هەوڵ نەبێ پێی بگەیەنی، فاکتەرەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەجولێنن رۆڵت هەبێ. ئەو کەسەی کە ئەو رۆڵەی هەیە لەو گۆڕانکاریەی ئیجتماعی نابەسترێتەوە لە مەجالی سیاسیدا.

لەم زەمانەی ئێمەی تێیدا دەژین ئەو رۆشنبیرەی کە لەدەزگا سیاسیەکان نزیک بە موچەخۆرە داناندرێ. ئەوە توانای هەیە هێزی هەیە، لە خەڵکی دی زانیاری پتری پێیە، بڕیاری باشتر وەردەگرێت، بیرکردنەوەی باشترە.

د. شێرزاد نەجار

ڕۆشنبیری تێکەڵ (عچوی) پێویستە

ئیستنتاجم کرد کە کۆمەڵگای کوردی لە ئەزمەیەکدایە، ئەوە لەسەر ئەوە مناقەشەمان نابێت، بەڵام وا ئیستنتاجیشم کرد کە ڕۆشنبیری کورد دیسان لە قەیران دایە، واتە دوو قەیرانمان هەیە قەیرانی کۆمەڵگای کوردی و قەیرانی ڕۆشنبیری کوردی، کەی دەتوانین لە م قەیرانە دەربچین. قەیرانی سەرەکی هی ڕۆشنبیری کوردیە، بەگوێرەی بۆچوونی من دوو هۆکار هەیە؛ هۆکاری سەرەکی نامۆیی ڕۆشنبیری کوردیە و بەتایبەتی گرفتی پێوەندی ڕۆشنبیری کوردی لەگەڵ دەسەلات، وە دووەمین شت ڕۆشنبیری کورد، نەیتوانی ببێتە توێژێکی ڕۆشنبیری ئەوتۆ کە بتوانێ کاریگەر بێت لە گۆڕانکارییەکاندا. واتە پرۆسێسی ئەوان پرۆسێسەکە پەیوەندی بە ڕۆشنگەرییەوە هەیە. واتا کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە ڕۆشگەرییە. کۆمەڵگای ئەوروپی بە ڕۆشنگەری پێشکەوت و ئێمەش پێویستمان بەو ڕۆشنگەرییەیە. ئەو ڕۆشنگەرییە کێ دەیکات؟ ڕۆشنبیری کوردی دەیکات، ئەو ئەرکە ئەرکێکی زۆر گەورەیە. تەحەدیاتیشی هەیە. یەکێک لەو تەحەدیانە نەبوونی دیموکراسیە، نەخوێندەواری ناو کۆمەڵ ئەمانە هەموو دەتوانم بڵێم ڕێگرن لە پێش کاری ڕۆشنبیردا، پێویستە ڕۆشنبیران بجولێن و چالاک بن چونکە بەرەنگارییەکی زۆر پێویستە کە ڕوحی مقاوەمەتی تێدا بێت. تەماشای بزووتنەوە گۆڕانکارییەکان بکەن بە تایبەتی لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوانە لە دەست ڕۆشنبیران دابوو، شۆڕشی ئەمەریکی و شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ڕۆشنبیران کردیان لێرەدا مقوەلەکی (ماوتسی تونگ) دێتەوە بیرم کە دەڵێ: (بەبێ بەشداری ڕۆشنیر سەرکەوتن بەدەست نایەت). واتا نابێ ڕۆشنبیر ڕۆڵی تەماشاکار ببینێ و لەگەڵ خوساتی هاوولاتی ئاسایی تێکەڵ بێت. خەباتگێڕ لە مانای خەبات ناگات ئەگەر لە ناو پرۆسەی شۆڕشگێڕیدا نەبێت، واتا ناتوانین پێی بڵێین ئەوە مرۆڤێکی خەباتگێڕە ئەگەر لەناو پرۆسەی خەباتگێڕیدا نەبیت. لێرەدا زۆر گرنگە مەفهوومەکەی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) باسی کردبوو کە پێی دەوترێت و ڕۆشنبیری عچوی (ڕۆشنبیری تێکەڵ) پێویستمانە بۆ کۆمەڵگاکەمان، چونکە تەنیا ئەو ڕۆشنبیرە دەتوانێت تفاعل بکات لەگەڵ خواست و گرفتەکانی جەماوەر، کەواتە ئێمە گرفتمان چیە؟ لەدوای ڕۆشنبیری نموونەیی دەگەڕێین، ئەو نموونەییەش بەڕای من ڕۆشنبیری شۆڕشگێر و تێکەڵە، هەڵبەت ڕۆشنبیران دەکەونە بەردەم چەوسانەوە، ئەو چەوساندنەوەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و لە ناو دەزگا ڕۆشنبیرییەکانیشدا، لەوانیشدا زانکۆ، جالێرەدا پێویستە چارەسەریمان هەبێت، ئەویش بە ڕۆشنبیری تێکەڵ دەکرێت.

حەمەکەریم هەورامی:

لە نێوان بابان و سۆران سەرگەردانین

ئەو بابەتانەی لەم کۆڕەدا هەموویان شایستەی لێکۆڵینەوەن، من چەند سەرنجێکی سەرپێیم هەیە هەرچەند خۆی لە کۆتایی گوتارەکان یا شتەکانی هەموو بەسەرکردنەوەو هەمووی هێنانەوە، یەکێ لەم سەرنجانە

دەڵێ (رۆشنبیری کورد لە بارودۆخێکی شلۆق دایە کە شانازیی پێوە ناکرێت). من دەڵێم کاک سەرۆ ئەی لە حکوومەتی سۆران (٧٣) رۆژنامەو گۆڤار دەردەچن، لە حکوومەتی بابانیش ببوورن ئەم تەعبیرە بەکاردەهێنم، رەنگە ئەوەندە دەربچن و زۆرتریش، ئەگەر ئەمانە بەراورد بکرێن لەگەڵ ولاتێکی عەرەبیدا کە سەدان ساڵە دەوڵەتە رەنگە هینی کوردەکە زۆرتر بێت، کە وابێ ئێستا بۆ لە بارودۆخێکی شلۆق داین؟ دووەم گوتی (رۆشنبیری کورد لەگەڵ واقیعی ژیاندا تەعامول ناکات) کاک سەرۆ ئەرکی رۆشنبیر بەرهەم دانە، بەرهەمی فیکری دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیە، بەرزکردنەوەی فیکری کوردیە، نەک کەوتنە شوێنی ئەم و ئەو. هەروەها گۆشەگیری، من پێم وایە رۆشنبیری راستەقینە، ئەدیبی راستەقینە ئەوەیە گۆشەگیر بێت، لە گۆرەپانی خۆی و کتێبەکەی بگەرێ بە شوێن راستی و ئەو فاکتەرانە کە دەیەوێ چارەسەریان بکات، ئەو هەموو کتێبانەی دنیا بە گۆشەگیری بەرهەم هاتووە نەک بەگەڕان بە شوێن ئەم و ئەو یان هاتنە دەرەوەو لە کۆڕان ئامادەبوون، من پێم وایە گۆشەگیری بەرهەم باشتر دەداتە دەست تا ناگۆشەگیری، نمونەش زۆرە بۆ ئێمە لەناو خۆماندا. با نمونەیەک بێنمەوە مامۆستا عەزیز گەردی لە هەمووومان بەرهەمی زۆرترێکە لە هەمووومان بەرهەمەکانیشی بە پێزو بەقوەت و توانان، پیاوی گۆشەگیرە، برۆ شەو و رۆژ خەریکی کتێبەکان و خەریکی نووسینە بە شوێن حەقیقەتدا دەگەرێت. گوتی پێویستە لەسەر رۆشنبیری کورد کە شتێک بەرهەم بێنێ کە تایبەت بێت بە گەلی کوردەوە، ئەمە شتێکی راستە، بەلأن گلەیی لێکردن گلەییەکە ئەوە بوو کە رێی راست باش نەزەر پێناکەن، کاک سەرۆ تۆ بۆ ئێمە بسەلمێنەو بە ئێمە بڵێ ئێمە کوردین لە کوێوە هاتوین کە هاتوین لە کوێ راوەستاوین ئەو تەپ و تۆزەی کە سەدان ساڵە بەسەر ئێمە دەکرێ ئەوەمان لەسەر لابەن لە مەوقعێکی راست و دروستدا دامان بنێن ئەو وەختە ئێمەش هەوڵ دەدەین کە فەرهەنگی رۆشنبیری کوردی خۆمان بە پێز و بە بەرەکەت بکەین، چونکە هەر گەلێک رۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە بە رۆشنبیریەکەیەوە دەناسرێت لەناو گەلاندا. خۆ ئەمە دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەستەلات، ناکەوێتە سەر ئەستۆی رۆشنبیران، پێش هەموو شتێ دەکەوێتە سەر پەروەردە لە هەر ولأتێکدا، لە ولأتی ئێمەدا حاڵی حازر ئەوانەی کە سەرە گوریسی گەورەی پەروەردەیان بەدەستەوەیە ناتوانن جیاوازی لە نێوان قانەقەوچەو حەرد و حەلألیان بکەن.

گوتی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی یان زمانی یەکگرتوومان نیە. شێوە زارمان زۆرە، شێوەزار لە هەموو دنیا هەیە کاکە، بەلأم زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی وا دروست دەبێت، من پێم جوان نەبوو ئەم قسەیە لە تەلەڤزیۆندا بکرێت لەناو خۆماندا دەکەن قەیدیناکە، بەلأم ئێستا سەدان خەڵک هەیە کە پێیان دەڵێی کاکە وەرە بە کوردی بنووسە دەڵێ ئەوەتانێ گوتیان ئێمە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیمان نیە تۆ تەکلیفی چی لەمن دەکەی من بە کوردی بنوسم، ئاوامان پێ دەڵێن. رەنگبێ ئەو حەقیقەتە راست بێت، بەلأم گوتنی بۆ جەماوەری خەڵکی ئێمە کە تازە لە شوێنێکەوە هەڵوەشاونەتەوە دەیانەوێ برۆن بۆ شوێنێکی دی، جوان نیە. ئێمە توانای یەکتری قەبوڵ کردنمان نیە پشوومان تەنگە وای فەرموو، راستە/ بەلأم ئێمە ئەوەی هەین هەست دەکەین لە کەلەپوورمان لە چیرۆکەکانی بەر ئاگردانمانەوە، هەتا ئێستا هەر راودوو دەنرێین هەر برۆکردنە هەر تەعریب و تەتریک کردنە هەر هەموو ئەو شتانەیە، ئیدی لە کوێ هێوری

و لەکوێ دەمار نەرمی لە من دەست دەخەی؟ من ئەوەی هەستم کراوەتەوە هەر راونراوم، ئەوەیش داپیرەم چیرۆکی بۆ خوێندومەتەوە هەر باسی راونان بووە.

عەبدولخالق سەرسام:

بچنە سەر چیا!

تا ئێستا ئێمە لەنێو قاوغی ئەدەب و شیعر دەرنەچووین ئێستا پێویستمان بەوە هەیە ئێمە باسی فیکر بکەین، باسی ئەوە بکەین کە ئێمەش وەکو میللەتێک بیردەکەینەوە کەواتە هەین پێشەکی لێرەدا من نمونەیەکی زۆر ساکار هەیە حەزم لێیە بیزانن وەکو لەکاتی خۆی خوێندومەوە بەس مانایەکی زۆر دەدا، دەڵێ: گوندێک هەبوو لە دۆڵێکدا وایاندەزانی بەس ئەو گوندە هەیەو ئەو دۆڵەش هەیە لە دنیایێ. هیچیتریشان نەدەزانی ئەگەر یەکێ ویستبای بچێتە سەرچیاکە قودسیەتی مەوزوعەکەی تێک دەداو لە سێدارەیان دەدا. رۆژێکیان گەنجێکیان بەسەر چیاکە کەوت و دیتی چیای دی هەیە هاتەوە گوتی کاکە جیهانی دی هەیە، ئەمیان کوشت، پاش دەها ساڵ گرانی هات خەڵکەکە گوتیان کاکە یەکێکمان هەبوو گوتی خەڵک و جیهانی دی هەیە ئێمە نیوەیان بەسەر چیاکە کەوتن دیتیان جیهانی دی هەیە چونە ئەو دیوە، نانیان خوارد ژیان و ژیانەوەیان گرتەوە شوێنی ئاستی خۆی، جا ئەوەی لێرەدا دێت قودسیەتی بیرورا لەلای ئێمە بەردەوامە. لە قودسیەتی ئایینەوە دێت، قودسیەتەکە بە ویراسەت حزبەکان وەریانگرت رەش و سپی هیچ رەنگێکی دیکە نیە، کەچی دوانزدە رەنگ هەیەو بەسەدان رەنگیش هەیە یەک رەنگە، تۆ دەتوانی هارمۆنیەتی لەناو دروست بکەی ئەوە لەلای کورد هەتا ئێستا کاکڵە نەبووە، مافی مرۆڤ چرکەیەکە، بۆ ئێوارە تۆ سپی بی بۆ سبەی شەو رەش بی. ئەوە لەلای مە بڤەیە، چونکە بە کاسەلێسی و مسائیلی وا لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام نازانن ژیان هەمووی لە گۆڕانکاری دایە، کەواتە حزبەکان فکر بەرێوەدەبەن، چونکە لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە ئەگەر نەگونجا ئەو ماددەیە قەدەغەیە ئەگەر بکاتن حزبێک لە حزبەکان بۆی هەیە شەرێک دروست بێ لەبەینی وی و یەکتردا. کەواتە ئەو بڤەیەش دروست بێ کەواتە هەر رۆشنبیرێکیش ناتوانرێت کۆمەڵێک حمایەی لۆ دابنێین، ئێمە گەیشتینە ئاستێک کە لێرەدا بڵێم هەتا قودسیەتی بیرورا بە جۆرێکی وا توندوتیژ بێت ئێمە ناگەین بە هیچ.

د. شکریە رەسول:

ئافرەتتان لەبیر نیە

بەداخەوە، ئەوانەی تا ئێستا قسەیان کرد هیچ ئاوڕێکیان لە ئافرەت نەدایەوە، کەچی مەسەلەیەکی گەورەی جیهانە جارێکی دیکە جێگای داخە لە کوردستانی ئەمڕۆدا لەناو هەموو حزبەکاندا، تەنگژە، تەنگژەی ئافرەتە. تەنانەت ئەوە لەناو پەرلەمانیشدا رەنگی داوەتەوە، لەوێدا لەدوای چەند پیاوەوە ئافرەتێک هەیە؟ جا لەبەر ئەوە، ئاوڕدانەوە لە ئافرەت، ئاوڕدانەوەیە لە رۆشنبیریی کۆمەڵ. گرنگیدان بە ئافرەت لە هەر

کۆمەڵگایەکدا، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەکەشدایە چونکە چاکتر چاو دەکەنەوە. کەچی ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ناشارستانی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا دەکرێ. لوتی دەبڕدرێ، ئەتک دەکرێ، کەچی نەکەس قسە دەکات و نە شوێنێکیش هەیە شکایەتی مافی مرۆڤی لێ بکرێ.
سەیری زیندانەکان بکەن، بزانن ئافرەتان چەند کێشەیان هەیە. لەناو بازاڕدا سوکایەتی بە ئافرەت دەکەن لەسەر جل لەبەرکردن. کێ لەوە بەرپرسە؟ پێویستە بە جدی ئاوڕێک لە واقیعی رۆشنبیری وڵاتەکەمان بدرێتەوە.

د. رەشاد میران:

رۆشنبیر مرۆڤێکی گەورەیە

من لە مانای دوورەپەرێزیەوە دەست پێدەکەم. رۆشنبیر با لە حزبێکی سیاسیشدا نەبێت، بەڵام بیر لە کۆمەڵگا دەکاتەوە. ئەوە خۆی لە خۆیدا ئیلتزامێکە، دەور بینینە لە چالاکی کۆمەڵایەتی. بە مارکسیشیان دەگووت؛ تۆ دوورە پەرێزی چونکە نایەیتە ناو خەڵک، لەوەڵامدا گوتی من لە هەمووتان چالاکترم چونکە بیر لە کۆمەڵ دەکەمەوە. ئەگەر مەبەست سیاسەت کردن بێت، لەوانەیە رۆشنبیر تواناو وەختی ئەوەی هەبێ کە چالاکی کۆمەڵایەتی هەیە بیکات. چونکە ئەو نوخبەیە، کاری ئیمزا کۆکردنەوە نیە، ئەو نایە خۆنیشاندان و دروشم بکێشێ.
ئیتهامی هەندێکی کردبوو کە خۆ بەزل دەزانن و دورەپەرێزن، نەخێر خۆ بە گەورە دەزانن نەک زل. بەڵێ رۆشنبیر گەورەیە و پێویستە گەورەبێ، بەڵام نەک سەرکردەیەک بێت بەڵکو مەواقفی خۆی هەبێت یا ئەسبابەکانی ڕوون بن، پێویستە متمانە بە رۆشنبیری بدرێ لێی دڵنیابن کە ئەوەی دەیکا راستە تاقی نەکرێتەوە وە شتی جەماوەری پێنەکرێ، هی رۆژانە کە داوا لە جەماوەر دەکرێ، ببوورن زۆر روح زلانە قسە ناکەم، بەڵام بەراستی رۆشنبیر هەقە گەورەبێ.

د. فەرهاد پیرباڵ:

فەرهەنگ دژی بە جیهانی بوونە!

بەراستی پێویستە لە جیاتی ئەو هەموو کۆڕە جۆراوجۆرانە نەک جار بەجار. بەشی هەرەزۆری کۆڕەکان لەسەر ئەو جۆرە گرفتە قوڵ و گرنگانە بێ کە پێویستە. باسی زمان و فەرهەنگی کوردی کرا کە ئەو گرنگی دانە زۆرە، ئەوای تێگەیاندین کە دژ دێتەوە لەگەڵ مسەلەی بە جیهانی بوون. بە جیهانی بوون پرسیارێکی سیاسیە پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە مەسەلەی کەلەپوور و زمان و فەرهەنگ و ئەو شتانەوە نیە. بە تایبەتی ئێمە میللەتێکین کە تاکو ئێستا کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانمان بنیاد نەناوە، واتا من زۆرم پێ سەیرە ئەو گرنگیە زۆرە بە مەسەلەی بە جیهانی بوون دەدرێ لەم چەند ماوەی ئەخیری لەلایەن رۆژنامەکان و نوسەرانەوە. ئاخر من قۆڕیتانم نەدیوە چۆن باسی عەولەمە بکەم: کفریم نەدیتووە، شانەدەر

کێ دیتوویەتی؟ ئاکرێ بۆ لەخەمی ئاکرێ نابین یانەیەکی لێبێ! ئەو رۆشنبیرە گەورەیە لە ئاکرێ جێیەکیان نیە کۆببەوە، پێم وابێ تەقلیدێکی زۆر موباشری ئەو سەحافەو مەحافانەیەکە بە تایبەتی دێ لە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن. لە بارەی مەسەلەی دەسەت و رۆشنبیر، کاک سەرۆ باسی ئەورووپای کرد، من پێم وایە دەبوایە ئاگاشی لەوە بێ کە تێگەیشتنی ئەورووپای رۆئاوا بۆ مەسەلەی پەیوەندی نێوان دەسەلات و رۆشنبیر جیاوازە لەگەڵ ئەو پەیوەندیەی کە لێرەدا لە کوردستان هەیە. ئێمە ناتوانین ئەورووپا بکەینە نموونە و لە حاڵەتێک خۆمان واقیعیەتێکی دیکەمان هەبێ. واتە وەکو ئەوەیە تۆ دەست و پەلت بەسترابێتەوە بتەوێ جووڵەیەکی ئازادی بکەی، واتا ئەم حسابە دەبێ لە یەکتر جیاواز بێ، ئەورووپا هێلانە بۆ رۆشنبیر خۆش دەکا تا هێلکەی جوان بکا، لێرە دەسەلات بە پێچەوانەی ئەورووپایە، لێرە دسەلات جیقنەی دەکا، رۆشنبیر دەبێ بچێ پاکی بکاتەوە حساباتەکان جیاوازن لەگەڵ یەکتری، کەواتا ناتوانی ئەو داوایە لە رۆشنبیرانی ئێرە بکەی. کاک سەرۆ ئیشارەتی بەوەدا کە زەمینە لەبارە! من پرسیار دەکەم چۆن لەبارە کاک سەرۆ، لە کوێ لەبارە؟ کەس لەبارە؟ پرسیار لە محەمەد عارف دەکەم بزانم گەلەرییەکانی فەرەنسا کێ دایمەزراند؟ ڤان کوخ دایمەزراند؟ پرسیار لە د.مەعروف حەزنەدار و، د.دلێر شاوەیش و د.رەشاد میران دەکەم، مەکتەبەی نیشتمانی پاشایەتی لە پترسبۆرگ داستا یۆفسکی داینا؟ لە ئیتالیا گرامشی داینا؟ هەموو ئەو دەزگا گەورانە رۆشنبیر دروستی ناکان من گوناهم چیە ئەو هەموو بارە قورسەم دەکەوێتە سەرشان؟ دەبێ دەسەلات زەمینە خۆش بکا ئینجا من بێم کاری تێدا بکەم.

بارزان مەلا خالد:

بگەڕێنەوە ئەلف و بێ

تێبینیم لەسەر قسەکانی کاک سەرۆ نیە، تێبینیم بە گشتی لەسەر قسەکانی هەمووانە خەریکە ئێمە لێرە دوو سەنگەر دروست دەکەین، سەنگەری رۆشنبیری و سەنگەری دەسەلات، خۆتان دەزانن لە هەموو دنیادا خۆ هەر رۆشنبیرانن دەسەلات دەگرنە دەست. من ئەوەی تێبینیم هەبوو لەسەر مەسەلەی ترس و دەسەلات بوو کە برای بەڕێزم رەئوف حەسەن خستیە روو، ئەویش وای نیشاندا کە سیاسیەکان هەمووی ترسنۆکن، بەشێوەیەکی رەهاش قسەی کرد. پێم وایە ئەلف و بێی دیموکراتیەتیش ئەوەیە کە هەقی خەڵکی دیکە زەوت نەکەی. سیاسیەکان ترسنۆک نین، سیاسیەکان بە درێژایی سەد ساڵ لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد پێشەنگی خەبات بوونە، پێ بەپێ هاتوون و ئەگەر کەم و کورتیەکیش بووبێ دەتوانین پتر ئۆباڵەکەی بخەینە سەر رۆشنبیران، چونکە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی خۆمان بدەینەوە دەبینین ئەو شۆڕشانەی بەرپا بوونە، لە کوردستانی عێراق باس دەکەم، رۆشنبیران وەک پێویست رۆڵی خۆیان نەبینیووە، بەپێ هاتونەتە ناو شۆڕش ماوە ماوە ئیدارەیان کردووە، ماونەتەوە پاش ماوەیەک یان تەسلیم بە دوژمن بوونەوە یان لێیان داوەو هەڵاتوون و چوونەتە دەرەوە. ئەگەر رۆشنبیران گیانی مقاوەمەتیان بوویاو ململانێیەکی دڵسۆزانەیان لەگەڵ سیاسیەکان بکردبایە، رەنگە ئێستا سەرکردەی زۆربەی هەرە زۆری حزبە سیاسیەکان ئەو رۆشنبیرانە بان کە ئێمە لێرە باسیان لێوە دەکەین. مەسەلەی ئەوەش کە کاک رەئوف گوتی: حزبەکان یاسا دادەنێن،

نەخێر برای بەڕێز پەرلەمانی کوردستان یاسا دادەنێ، هەموو دنیاش بەبێ یاسا ناتوانێ ژیان بەڕێوەبەرێ، یاسایەکانی پەرلەمانی کوردستانیش کە داینلوە سودی لە یاساکانی عێراق و میسر و دەوڵەتانی دراوسێ وەرگرتووە، پێشم وایە پڕ بە پیستی قۆناغی ئێستان، و ئەو پەرلەمانەش پەرلەمانێکی شەرعیە و یاساکانیش هەمووی لە جێی خۆیانن. کە باسی ئایین دەکا دیسان مەسەلەی ئایین و ژن و پشتگیری ئێمە وەکو حزب هەموو لایەکمان دەزانین حزبێکی عەلمانین، بەڵام هەموو وڵاتێکیش سەرەتا کە شتێک دەبێ دەڵێ ئایینی دەوڵەت فلانەیە، ئێستاش کلینتۆن و ئەو گەورە پیاوانەی دنیا رێوشوێنی ئایینی خۆیان بەڕێوە دەبەن. ئێمە خۆمان هەر یەکێک لە خۆمان لەناخەوە جۆرێک دیکتاتۆریمان هەیە بەرامبەر بە ئافرەت و ناهێڵین خوشکەکانمان بخوێنن، ناهێڵین بێنە دەرێ و وەک پیاوەکان ئازادی تەواویان هەبێ، ئیسلام هەقی چیە؟

برای گەورەم مامۆستا کەریم هەورامی باسی شتێکی کرد، باسی نیشانەی بە مامۆستای خۆشەویست عەزیز گەردی دا دەڵێ گۆشەگیرە، من پێموایە ئەمەش هەڵەیە، عەزیزی گەردی گۆشەگیر نیەو گۆشەگیر ئەو مرۆڤەیە بەرهەمی نەبێ، بە پێچەوانەوە مامۆستا عەزیز گەردی لەگەڵ هەموومان دەژی و قەتیش گۆشەگیر نیە، ئەمە یەک، دوو باسی حکوومەتی بابان و سۆرانی کرد، بەداخەوە ئەمەشی دواکەوتوویە لە رۆشنبیری کوردی، قەت دوو حکوومەت نیە لە کوردستان پێ بڵێن بابان و سۆران و من پێم وایە ئەمە هەڵەیەکی مێژوویە مەسەلەکە دەورووژێندرێ پاشان حکوومەتی کوردستان لێرە چۆنە هەڵبژێدرا هەموو لایەکمان دەزانین بەزۆربەی زۆری دەنگی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا. شەرعیەتی وەرگرت، ئێمە هەمان تەجرەبەمان هەبوو کە چووینە شەقڵاوە ئێمەیان لێرە دەرکرد قەت حکوومەتمان دانەنا، بەڵکو شتێکمان لەوێ دروست کرد بەناوی کوتلەی وەزارەتی ئەوە مێژوو شاهیدە، پێموایە هەڵەیەکی مێژوویەو هەق وانیە ئەو زاراوانە دابنێن.

محەمەد عارف

هونەرتان لەبیر نەچێ

حەزدەکەم لە روانگەی هونەریەوە قسەبکەم، کە دەڵێی رۆشنبیر یاخود رۆشنبیریی بێگومان لایەنێکی هەرە گرنگی هونەرە، هونەری نیگارکێشان و پەیکەر تاشی و گرافیک و سیرامیک لەبەر ئەوە حەز دەکەم کە ئەو لایەنانە هەموو بەیەکەوە بە پێوەندی زۆر پتەوەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە حەز دەکەم لە دوا رۆژیشدا کە تیشکێک بخرێتە سەر ئەم لایەنانە. بێگومان دیاردەیەکی جیهانیە کە پاش هەر شۆڕشێک سستیەک بەرپا دەبێت لە جوڵانەوەی هونەری و رۆشنبیریدا، بۆ نموونە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو بەرهەمە گرینگە نەمرانەی وەکو داستایۆفسکی و پۆشکین و لێرمنتۆف و هەروەها لە مۆسیقا وەکو چایکۆفسکی و کۆسۆکۆف و گلینکا لە شاعیرەکان وەکو گوتم پۆشکین و ئەوانە بەڵام بەدائیلی هەبو. بۆ نمونە راستە دوایی پاش ئەوەی کە هەزم کراوە ئەو شتانەی لە باوەش گیرا بۆ نمونە (یەفتینشینکۆ) پەیدابوو (مەزنیتێسکی) و (شۆلف هۆببلا) لە رۆمان و لە چیرۆک لە مۆسیقا (شۆسۆکۆڤیچ) هەروەها (خاکیۆ تۆریان)، بەڵام ئەو

شتەی کە جێی مەترسیە ئەوەیە کە ئەو شتانە لە دڵ و دەروونەوە بە پشتگیری هەموو رۆشنبیر و هونەرمەندان و تیۆریستەکان کە قۆناغەکە زۆر بکێشی. هەروەها ئەوەشم پێخۆشە کە پتر لە هەڵبژاردەی کۆمەڵگای کوردی داوەت بکرێن و کۆڕەکە فراوانتر بن.

رەفیق نوری

بە کورتی دەڵێم بەراستی زۆربەی ئەو بیروڕایانەی کە خرانەڕوو پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە کۆڕەکەی کاک سەرۆوە نەبوو. من تێبینی ئەوەم کردووە کە لە کۆڕەکانی رۆشنبیران لە هەولێر ئەو کەسەی قسە دەکات بیر ناکاتەوە بابەتی کۆڕەکە چییە، و چ بەداواداچوونێکی هەیە.

د. مارف خەزنەدار:

دەبێ دەسەڵات بەدوای رۆشنبیردا بگەڕێ

(رۆشنبیری) مان هەیە یان (رۆشنبیری دەسەڵات)؟ بابەتی سەرەکی ئەوە بوو، وابزانم پێناسەی رۆشنبیریی بۆ ئەو نوخبەیەیە پێویست ناکات، ئەو نوخبە هەموو رۆشنبیر و هونەرمەندی داهێنەر و گەورەن، کاک سەرۆ ویستی بگاتە ئەنجامێکی سەرەکی، کۆمەڵە خاڵێکی دەست نیشان کرد، مەوزوعی سەرەکی ئافرەت و فنونی تەشکیلی نیە، بەڵکو مەوزوعی سەرەکی داهێنانی عەقڵی رۆشنبیرە.

گەلێ شت وروژێندرا، من لەدوا قسەی دەست پێدەکەم کە پەیوەندی لە نێوان دەسەڵات و رۆشنبیر هەبێ، ئەم پەیوەندیە بۆ ئەو چەند ساڵەی دوایی تاکید دەکەم دەبوو چۆن بێت، پێش ئەوە رۆشنبیر رەنگە دوو ئەرکی هەبێت، بەشێکیان داهێنەرانەیە، ئەوەی شیعر دەنوسێت رۆمان دەنووسێت چیرۆک دەنووسێت، یان لە مۆسیقا هارمۆنی دادەنێ، ئەمەیان بەرادان نیە، هیچ دەستەڵاتێک نیە ئەمری پێ بکات، پێی بڵێ وابکە وا مەکە، شتێکی زاتیە پێش ئەوەی بیر بکاتەوە بۆ خەڵکی دیکەی دەکا، بۆ خۆی دەکا، هی وا هەیە چوار پێنج جار شیعرەکە دەخوێنێتەوە. هەر بۆ خۆی ئینجا دوای دەبێتە شتێکی گشتی دەدرێتە شەخسی دووەم، ئەوەیان پێم وایە ئێمە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، و ئەگەر ئەو کوردەی کە ئەو داهێنانەی کردووە، من پێم وایە لە ئاستێک (کالا بەقەد بالایە) قەت بەدوا نەکەوتووە. شیعری جوان هەیە رۆمانی باشیش نووسراوەتەوە و کەمە لەبەر ئەوەی ناتوانێ و پارەی نیە چاپی بکات. بەڵام نوقتەی ئەساسیەکە ئەوەی ئێمە مقوماتی ڕۆشنبیریی بوونی قەومیمان تا ئێستا نیە، بەمەعنای کەلیمە. زۆر مێژوویان نووسیوتەوە، بەڵام مێژووی ئەکادیمی میللەتی کوردی مەبەستم قاموسە نیمانە، ئینسیکلۆپیدیای کوردیمان نیە. ئەمانە هەمووی مقەوماتی دەوڵەتە. نموونە زۆرە دەتوانم بیهێنمەوە، لەو میللەتانەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە خەریکبوون پێش ئەوەی ببن بە نەتەوە پێش ئەوەی ببن بە میللەت ئەم کەرەستانەیان ئامادە دەکرد. ئینجا نزیکبوونەوەکە چۆن، رۆشنبیر ناچێتە لای دەسەڵات. دەسەڵات دەبێ بچێتە لای رۆشنبیر، ئێستاش دوور نیە. لە ساڵی ١٩٦٠ خراوەتە روو لە بەرلین لە لەندەن لە مۆسکۆ لە پاریس هەمووی زۆریش

نەبوون ئەو وەختە، گوتوومانەو گوتومانەتەوە، تا ئێستاش وەکو کۆڕی زانیاریش دانرا لە ١٩٧٠ ئەویش نەیکرد – مەبەستم ئەوەی بەغدایە –. جا دوا قسەم ئەوەیە دەسەڵات بۆ ئەم شتە ئەساسیانە دەبێ بچێتە لای خەڵک دەبێ بچێتە لای رۆشنبیر.

سەرۆ قادر:

بەختەوەرم بەوەی هەموو لایەک بەوپەڕی سنگفراوانیەوە گفتوگۆکانتان قبوڵ کرد. ئێستاش بۆ پتر روونکردنەوە هەوڵ دەدەم هەندێک لەو دیدو بۆچوونانەم کە لەلایەن ئێوە گفتوگۆی لەسەر کرا دووپات بکەمەوە. بەر لە هەموو شتێک پێم خۆشبوو لەم سیمینارەدا هیچ مەسەلەیەکی سیاسی نەکرێتەوە، بەڵکو تەنیا باس لە رۆشنبیریی و رۆڵی رۆشنبیران لە قۆناغی گۆڕانکاری و پەیامی رۆشنبیران لە بەرامبەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتی نیشتماندا بکەین، چونکە ئێمە ئامانجمان باسکردنی لایەنی سیاسی نیە من کۆمەڵێک بیرورام هێنا کە هەموومان بە گشت جیاوازی و دیدو بۆچوونمان دەهەنبەر مەسەلەکاندا. جا بە حوکمی ئەوەی من رۆشنبیرێکم لە رۆشنبیرانی ناو دەسەڵات، رەنگە ئەو موعاناتانەم نەبێ کە رۆشنبیرانی دیکە هەیانە.

لێرەدا باسم لەو هێڵە گشتیانە کرد کە لەدەرەوەی توانای، تاکە کەسین. ویستم بە پێی ئەقڵ پێداشکانی خۆم باسێک لە ئاستەنگەکانی ناو باری رۆشنبیریی کوردستان بکەم کە ماوەی ئەم (٨) ساڵەی دوای راپەڕین کە حکوومەتێکی میللی هەیە ئەو حکوومەتە لە ناوەڕۆکدا دەوڵەتە. بمانەوێ و نەمانەوێ رۆشنبیرانی ئێمە ئەندازیاری بیناکردنی رۆشنبیریی ئەم وڵاتەن، گرنگ بووژاندنەوەی وڵاتەکە، بەرەو پێشەوە بردنی باری رۆشنبیریی ئەم وڵاتەن، گرنگ بوژاندنەوەی وڵاتەکە و بەرەوپێشەوە بردنی باری رۆشنبیرییە. دەستەبەرکردنی ئەم کارە رۆشنبیرەکانن، ئەویش ئێوەن، جا لەوەدا چ حزبێک قازانج دەکات یان زەرەمەند دەبێت؟ ئەوە کێشەی میللەت نیە. حەزدەکەم ئەوەش روون بکەمەوە کاتێک لە دانیشتنێکدا گفتوگۆ دەکرێت بە مانای ئەوە نیە یەک بە یەکی بسەلمێنێت. ئەم بیر و رایانەی ئێوە هەموویان جوانن بە دژ بەیەکیشیانەوە، هەر ئەوەش رەنگە جوانییەکانی رۆشنبیریی کوردی دروست دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە باس بکرێ: **ئایا رۆشنبیرانی کورد کەوتونەتە لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لە ئەرکەکانی خۆیان یان نا؟**.

ئەوەی کاک رەئوف حەسەن باسی کرد، وەکو رای ئەو رێزم بۆی هەیە، ترس بەشێکە لە چۆنیەتی پێکهاتەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئێمە. منیش باسی ترسی رۆشنبیرانم کرد، هەروەها باسی هەڵوێستی تاک و تەرای نابەرپرسیارانەی هەندێک لەو رۆشنبیرانەم کرد کە بەبێ لێوردبوونەوە بە ناو دەکەون.

رایەک هەیە پێموایە رۆشنبیر دەبێ دژی دەسەڵات بێت. من بەهەڵەی دەزانم. رۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵات دابێت، بەو مانایە نیە کە نێگەتیف بێت، یان رۆشنبیری حزبی بێت و ببێتە دەهۆڵ ژەن. ئەوە کاری پروپاگەندەی سیاسیەکانی هەر حزبێکە. رۆشنبیر فەرهەنگ و کولتووری میللەتێک پشتیوانی لێ دەکات و لەوێشدا نەخشەکان دادەنرێن، ئەی کێ ئەم کارە دەکات؟ رۆشنبیرانی کوردستان هەر خۆیانن. من پێموایە ئەوەش جێگای گفتوگۆیە. وا دەزانم ئەگەر بڵێین پێش راپەڕین بارودۆخ باشتر بوو لەدوای راپەڕین، شەرمە

بەتایبەتی لە گەیاندنی پەیامی رۆشنبیران. ئێمە مافی خۆمانە تا ئەو شوێنەی دەمانەوێ دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردستان رەخنە کوژ بکەین، بەڵام ئەوپەڕی بێ ئینسافییە دەست بۆ سەر دەستکەوتەکانی میللەتەکەما درێژ بکەین کە ئەویش ئازادیە. کەی پەیامی رۆشنبیران بەر لەراپەڕین وەکو دوای راپەڕینە؟ بەر لە راپەڕین چیرۆکنووسێک دەبوا چاوی خۆی کوێر بکات تا چیرۆکێک بنووسێ و لەوێدا باسی فەلەستین بکات تاکو خوێنەر تێبگات مەبەستی کوردستانە. کەی ئەرکی ئەوکات و ئەمڕۆ وەکو یەک وایە؟ ئەمڕۆ ئەرکی رۆشنبیر بووژاندنەوەی رۆشنبیریی و کولتووری کوردە، ئێستاش کە لێرە دانیشتووین لەنێو ئەو هەموو مامۆستاو رۆشنبیرە گەورانە، بە پێویستم نەزانی باس لە پێناسەی رۆشنبیر بکەن، چونکە ئێمە باس لە رۆشنبیرییەک دەکەین کە دارماوە چۆن بنیادی بنێینەوە؟ میللەتەکەمان خامۆشە، کپە، پاشکەوتووە، پارەشی پێ بدەی نازانێت چۆن بژیت، لە کاتێکدا بێ دەرامەتە، بێ ئەمنیەتە راستە، بەڵام بەم بارودۆخەی ئێستا دەرامەت و ئەمنیەتیش هەبێت نازانێ چۆن بژیت. ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورەیە.

زۆر راستە، رۆشنبیرانی کوردستان سەرچاوە و کتێبیان بەدەست ناگات، رەنگە ئەگەر بکەوینە لێتوێژینەوە لە ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم رۆشنبیران، ئەوە یەکێک لە گرفتەکان بێت.

سەبارەت بە چەپ و راست، مەبەستم تێڕوانینی چەپ و راستی نێو باری رۆشنبیری بوو، ئەگینا بە درێژایی ژیان چەپ و راست هەردەمێنێ. ئەمە جێگای لێوردبوونەوەیەو گفتوگۆی دەوێ.

کاک رەئوف حەسەن دەڵێ ئەرکەکە بە شانی ئێمە (رۆشنبیران) دادەدەی. ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی حزب پێیان گوتی، ئەوە هیچ ئەرکێک قبوڵ مەکە، بەڵام وەک رۆشنبیرێک لە نێو باری رۆشنبیریدا ئەرکەکانت چین؟ رۆشنبیر بە درێژایی ژیانی دەبێ رەخنە گربێت، بەڵام دیارە ناکرێ لەم دانیشتنەدا باسی جیاوازی نێوان دژایەتیکردن و رەخنەگرتن بکەین.

(گابریل گارسیا مارکیز) لە ساڵی ١٩٨٥ داوەتی گۆرباچۆفی قبوڵ کرد. زۆر لە رۆشنبیرانی ناوداری دنیا دەنگیان هەڵبڕی و گوتیان نەدەبوا بچیت، بەڵام کاتێک گوتەکەی گۆرباچۆف و قسەکانی مارکیزمان خوێندەوە (ئەوکاتە لە شاخ بووین) تێگەیشتین کە قۆناغ قۆناغێکی نوێیە، قۆناغێکە دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێ وڵات بەرێوە بەرێت، ئەگەر دەسەڵاتی رۆشنبیریی رێک نەخات و هاوکاری نەکات، ئەم رێکخستنەش لەلایەن رۆشنبیرانەوە بە مانایی مەرایی و کلکەسووتە بۆ هیچ حزبێک نیە، هەروەهاش بە حزبی بوونی رۆشنبیرێک بە مانای دەرچوون لە جوغزی رۆشنبیری نیە. رۆشنبیریی زانیاریە کەسێک نیە توانای سەندنەوەی هەبێت.

باسکردن لە سەلبیاتی دەسەڵات، بابەتێکی دیکەیە کە کاک کەریم شەریف قەرەچەتانی ئاماژەی پێکرد. من لێرەدا بۆم دەرکەوت رۆشنبیرانی کورد لە ناو خۆشیان لە تێگەیشتنەکاندا، یەکگرتوو نین، جا ئەگەر ئەوە حاڵ و باری رۆشنبیران لە وڵاتێکی پاشکەوتوودا بێت، ئەدی دەبێ بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتەدا، سیاسیەکان چ دەستاوێژێک هەبێت دەستی بۆ نەبەن؟! ئەمەش لێتوێژینەوەی دەوێ، لێتوێژینەوەش هی ئەو کەسانەیە کە بیر دەکەنەوە.

باس له گۆشەگیری رۆشنبیران کرا. هەرگیز گۆشەگیری رۆشنبیر رۆشنبیر بە مانای تێکەڵاوی وەرنەگیرێ. باس له دکتۆر عەزیز گەردی کرا، ئەو باشترین نموونەی رۆشنبیری کاریگەرە، ئێمە کە باسمان لە گۆشگیری کرد مەبەستمان ئەوەیە چەندە لە ئەرکی رۆشنبیریی خۆی دوورکەوتۆتەوە. لەم قسەیەشمدا بۆ ئەوەم نیە حزبەکەم کە سوود لە رۆشنبیران ببێنێت، ئەو حزب و ئەو کەسایەتیە سیاسیەی بیەوێ فێڵ لە رۆشنبیران بکات گەورەترین سزای تووشی خۆی دەکات، یان ئەگەر بیەوێ رۆشنبیران بۆ هەنگاوێک بەسەهو بەرێت ئەوە بە دڵنیاییەوە سزاکەی لەلای رۆشنبیران ئەوە دەبێت کە بە گەمژەی دەزانن، من هەرگیز ئومێدی ئەوە ناخوازم حزبەکەم هەوڵێ لەمجۆرە بدات. مەبەست لە گۆشەگیربوون ئەوەیە رۆشنبیر خۆی بەدوور بگرێت خۆی بە بێگانە بزانێت لەو دەسەڵاتەی رۆژانە وڵاتەکەی بەرێوە دەبات. بۆیەش پاش چەند ساڵێک سیمای شارەکانمان بە شێوەیەکی ئەوتۆ دەگۆرین کە نیشاندەری ئاستی رۆشنبیریی ئێمەیە، ئەویش شێوەیەکە هیچ کەسێک لە ئێمە حەزی لێ ناکات. لە کۆتایی سەدەی بیستەم خەریکە رەوتی پاشکەوتن بەسەر پێشکەوتندا زاڵ بێت.

مەبەستم لە زمانی یەکگرتوو، کێشەیەکە هەیە و لێکۆڵینەوە و قسەکردنی دەوێ. رێگەچارەی دەوێ کەوا چۆن ئەم دوو شێوەزارە لێک حاڵی بن و تێکەڵ بن. ئەگینا مەبەست ئەوە نیە دوو زاراوە دوو حکوومەتمان لەیەک وڵاتدا بۆ دروست بکات. ئەم دابرانە سیاسییە لە ئاکامەکانی شەڕی ناوخۆ دروست بووە. رەنگە لە داهاتوودا پێک بێنەوە، هەر ئەو کۆمەڵگا نێودەوڵەتیەی کە ئێرە دەپارێزێ، شوێنەکەی هێندە پێگرنگە، نەدەهێڵێ ببێتە ئەفغانستان، نەدەهێڵێ وەکو رواندای لێبێت وە نەدەشهێڵێ بەبیری پاشکەوتووانە بەرێوە بچین. من لێرەدا مەبەستم ئەوە بوو کەوا بڵێم فەرهەنگی ئێمە ئاڵۆزییەکی زۆری بەخۆیەوە گرتووەو جێگای قسەکردن و لێکحاڵی بوونە، من باسی ئەوەم نەرکردووە کە بەرەی کوردستانی بەرەڵایی بوو، بەڵکو گوتم دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی دەسەڵاتێکی تێکەڵ و بەرەڵڵابوو، بەرەڵاش بە چەمکە تەسکەکەی نا، بەڵکو دەسەڵات لە مەقەری حزبەکان و کۆڵان وماڵەکان بوو، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی شۆڕشگێریش بوو. ئینجا چونکە دابەشکردنی دەسەڵات هەبوو، ئەوا یەکی نەدەگرت، کەواتە سیستەمی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی سەرکەوتوو نەبوو. هەروەک چۆن دەسەڵاتی ففتی بە ففتی سەرکەوتو نەبو.

من مەبەستم لە ئازادی ئەوە نەبووە کە چەند خەڵک دەتوانێ بە ئازادی، یان دەزگایەک بە ئازادی قسە بکات نەخێر، مقەسیش هەیەو سانسۆریش هەیە، کەواتە ترسەکە گشتییە، کەم بوێرییەکە گشتیە.

دەربارەی پەیوەندی رۆشنبیری و دەسەڵات، من پێم وایە دەبێ هاریکاریەکی زۆر هەبێ، چونکە ئەو هاریکاریە گرنگە، لەکاتی خۆیدا رۆشنبیران هاوکاری دەزگاکانی رژێمی داگیرکاریان دەکرد، چۆن دەبێ ئێستا هاوکاری لەگەڵ حکوومەتێکی شۆڕشگێردا نەکەن و وا تێبگەن ئازادییان زەوت کراوە؟ نەخێر ئەم وڵاتە هی خۆمانە، دەبێ کارە رۆشنبیریەکانمان لەوێ بکرێ، ئەمەش پشووی درێژی دەوێ.

من لەگەڵ قسەکانی د. رەشا میران دام کە دەڵێ ئەرکی رۆشنبیر لە جیهانی سێیەمدا جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ژیانی رۆژئاوادا. هەڵبەت لەیەک پەیامدا یەکدەگرنەوە، ئەو پەیامەش خۆشکردن و ئامادەکردنی رووحی میللەت بۆ ئەوەی کە تەحەدا بکات. میللەتێک کە رۆشنبیرەکانی خامۆش بن، بۆ خۆی هیچ

ئیرادەیەکی نامێنی، ئەگەر ئازادیشی هەبێ لە دەستی دەدات، چونکە میللەتێکی چاوبەستراو ناتوانێ ئایندەیەکی گەش بۆ خۆی دروست بکات.

ئەم بابەتەی کە باسمان کرد هەموو کەموکوڕی ناو رۆشنبیریی ئێمەیە، جا رۆشنبیران بیانەوێ یان نەیانەوێ یەکەمین ریزی پێشەوەی ناو میللەتی ئێمەن کە پەنجەیان بۆ درێژ دەکرێ.